٧
کانوونی یەکەمی
٢٠٢٥

# نووسەری کورد

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە، یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ

## دەقی شیعری لە نێوان شاعیرو رەخنەگردا
❋د. دڵشاد عەلی

## ڕەخنەگرێک.. شەڕ بە هەموو شاعیرەکان دەفرۆشێ ..!
❋مەولود ئیبراهیم حەسەن

## ڕۆمانی مێژوویی: ئاڵنگارییەکان و پێوەرەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو
❋عەلی عوسمان یاقووب

## شێوازی وەسفی لە چیرۆکەکانی عەتا نەهاییدا
❋ تەلعەت محەمەد عەزیز



نوێگەرایی بە
کەسێک دەکرێ،
کە باوەڕی بە نوێ و
بە داهێنان هەبێت.


❋ بەیان سەلمان

نووسەری کورد
گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە، یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ
٧ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥

7
Dec.
2025

# Nûserî Kurd

Kovareka Rewşenbîriye Êketiya Nivêserên Kurd Derdêxît



تابلۆی هونەرمەند: ڕۆستەم ئاغالە

# نووسەری کورد

٧
کانوونی یەکەمی
٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ



**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**سەرنووسەر**
**پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن**

**جێگری سەرنووسەر**
**ئازاد عەبدولواحید**

**دەستەی نووسەران**
**ئەحمەد عارف**
**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**ئاکۆ کەریم مەعروف**
**حەمە عەباس**
**نیازی حەمەعەزیز**
**موحسن قوچان**
**د.عادل گەرمیانی**

**هەڵەچن**
**حەمە ئەحمەد جاف**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**فەهد شوانی**


* ناوەرۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.
* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:


nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦١٧٢٦٧


بەڕێز (ئاوات محەمەد قایمقامی سلێمانی) تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە.


نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە

**ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی عەداله.**

## لەم ژمارەیەدا:

کێشەی زاراوە ئەدەبییەکان.. سەرنووسەر................................................................ ٣
*** ڕەخنە و توێژینەوە:**
دەقی شیعری لە نێوان شاعیرو رەخنەگردا.. د. دڵشاد علی...................................................... ٤
زیندەخەون لە کورتەڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان).. د. ئازاد محەمەد سەعید................ ٣٤
شێوازی وەسفی لە چیرۆکەکانی عەتا نەهاییدا.. تەلعەت محەمەد عەزیز............................. ٤٨
*** وتار:**
ڕۆمانی مێژوویی: ئاڵنگارییەکان و پێوەرەکانی.. عەلی عوسمان یاقووب.......................... ٦٤
ڕەخنەگرێک.. شەڕ بە هەموو شاعیرەکان دەفرۆشێ..!.. مەولود ئیبراهیم حەسەن............ ٧٨
*** دیمانە:**
بەیان سەلمان: نوێگەرایی بە کەسێک دەکرێ، کە باوەڕی.. دیمانە: د. سەنگەر نازم......... ٨٩
*** شیعر:**
هەسپ.. حەسەن سلێڤانەیی................................................................................ ١٠٩
لە کەناری کام زامتەوە چاوەڕێتبم؟.. د. ئەحمەد باوەڕ.............................................. ١١٠
**.............** نازە نەجیب............................................................................................ ١١٣
ژ پێلاڤێ فێربوم!!!.. سەلام بالایی......................................................................... ١١٥
سێ کورتیلە شیعر.. عەبدولقادر سەعید.................................................................. ١١٧
*** چیرۆک:**
بەزمی کەرەڕەش.. ئومێد شێخ کەریم...................................................................... ١١٩
نارامگە.. ئامانج شێروانی....................................................................................... ١٢٢
دوکـــەڵ.. د. ئازاد هیدایەت دەلۆ............................................................................ ١٢٥
*** پەخشانی هونەری:**
لە پاشکۆی ئەوینی سەد ساڵەدا.. سەلاح نیساری....................................................... ١٢٩
نامە (مەسج).. ڕەوەند ساڵح حەسەن...................................................................... ١٣٣
*** ناساندن و خوێندنەوەی کتێب:**
حەمەعەزیزی شاعیر، خاوەن شوناسی شیعریی.. جەمال نوری...................................... ١٣٥
کردنەوەی پەنجەرەیەک بە ڕووی ئەم کۆمەڵە شیعرەدا.. نێچیروان جاسم وەلی.............. ١٤٣
خوێندنەوەم بۆ سێ بەرهەمی ئەدەبی.. ئەحمەد عارف............................................... ١٤٧
زمانی کوردیی سۆرانی ڕێزمانێکی سەرچاوە.. و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق................ ١٥٤

# کێشەی زاراوە ئەدەبییەکان



سەرنووسەر

لەپیش هەموو شتێکدا گەرەکمە ئەوە بڵێم تا ئێستایش لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا سەرنجی ئەوەمداوە چەندین کەس جیاوازی لە بەینی وشە و زاراوەدا ناکەن. وشە لە فەرهەنگی هەموو زمانێکدا گشتیە و لە زمانی رۆژانەی هەموو چین و توێژێک و رەگەزە جیاوازەکاندا وەکو یەکەو هەمووان بە ئاسانی لێیتیدەگەن. بە پێچەوانەوە زاراوە تایبەتییە و تەنێ توێژێکی تایبەتی پسپۆڕ لەو زانستە لێیتێدەگەن. بۆ نموونە ئاو،ئاگر، دار و بەرد گشتییە، وەلێ دەڵێین سینتاکس لە زمانەوانیدا بە واتای رستەسازی یان میتافیزیک لە فەلسەفەدا بە واتای (ئەو دیو سروشت)دێت. یان لە رەخنەی ئەدەبییدا پەرناسییزم بە واتای رێبازێکی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبییەو لە سەردەمێکی دیاریکراو و مێژوویدا بە واتای هونەر لە پێناو ستاتیکا و جوانناسیدا وەکو فەلسەفەیەک بەرامبەر میتۆدی (هونەر بۆ کۆمەڵ) وەستایەوەو لە بەرامبەردا (هونەر بۆ هونەر)دەرکەوت، کەسانی شارەزای ئەو بوارە دەزانن و بەکاری دەهێنن، جا ئیدی بوارە زانستییەکانی دیکەش زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە ناو یەک زمانیشدا دیسانەوە بە هۆی دەوڵەمەندیی زمانی هەر نەتەوەیەک،کە چەندان شێوەزار و گۆڤەری جودای هەیە، نووسەر و وەرگێڕەکان لە پێکهاتەی زاراوەکاندا وشەی جیاوازی ئەو شیوەزارانە بەکاردەهێنن. ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێک لەو زاراوانە بە تەواوی و هەمان مەبەست لە زمانی دووەمدا ناپێکن، ناچار بە شێوەی شیکردنەوەو دروستکردن و سازکردنی زاراوەی تازە پینەوپەڕۆی بۆ دەکەن. بۆ نموونە لە بواری ئەدەبیاتناسی کوردیدا ژانرە ئەدەبییەکان و هەندێجار چەشنە ئەدەبییەکان و هونەرە ئەدەبییەکان و .. بۆ زاراوەی lintertextuality لە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستدا (دەقئاوێزان) و لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا (هەڤدەق)ی بۆ بەکاردێنن، بە پێی ئاستی شارەزایی و هۆشیاری و زمانزانی کەسەکە دەگۆڕێت. ئەم کێشەیە تەنیا لای ئێمە لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەیشدا بەتایبەتی ئەوانەی رەگوڕیشەی قووڵیان لە زمانی لاتینییەوە وەرگرتووە بە پێی فۆنۆلۆژی (دەنگسازی) زمانەکانیان شێوەی جیاوازییان وەرگرتووە. لە زمانە رۆژهەڵاتییەکانی دراوسێشمان ئەم ئاڵۆزییە هەیە. لە زمانی عەرەبیدا الاجناس الادبیة و هەندێجار الانواع الادبیة بەکاردێت. بە کورتی، ئەم کێشەیە پێوەندی بە دەوڵەمەندیی زمانەوە هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە ئارێشە بۆ توێژەرانی رەخنەی ئەدەبی و بۆ خوێنەرانیش دروست دەکات.

# دەقی شیعری لە نێوان شاعیرو رەخنەگردا



د. دڵشاد علی

**پێشەکی**

یەکێ لەو تێروانینە باوانەی،کە دەربارەی پەیوەندی نێوان شاعیرو رەخنەگر لە ئارادایە ، بینینی رەخنەگرو پرۆسەی رەخنەییە لە پاشکۆی شاعیرو بەرهەمی شیعریدا، لە ئاکامی ئەوەی کاری رەخنەیی لە دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییەوە دەست پێدەکات ، تەنانەت لە بواری رەخنەی تێوریشدا، نەک هەر لە رەخنەی پراکتیکیدا،بەو پێیەی تێورە رەخنەییەکان بۆخۆیان هەڵێنجراوی بەرهەمی ئەدەبی بوون، هەر ئەم چەشنە بینینەش،بەلای ئێمەوە بووەتە هۆی ئەوەی،کە کۆمەڵێ رایەڵەی وردو گرنگی نێوان

شاعیرو رەخنەگر فەرامۆش کرێ و ئەو رایەڵانەش بەدی نەکرێن،کە لەنێوان سێ کوچکەی شاعیرو دەق و رەخنەگردان، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا و بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان شاعیر و رەخنەگر لەلایەک و پەیوەندی هەردووکیشیان بە دەقەوە لەلایەکی ترەوە، هەوڵی دیاریکردنی ئەو دیاردانە دەدەین، کە لێکەوتەی کارکردنی شاعیرو رەخنەگرن لە دەقدا ومامەڵەکردنیانە لەگەڵ دەقدا بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بەسەر دەقەوە بە تایبەتیش ئەو دیاردانەی،کە نادروستن و شێواندنی هەردوو پرۆسەی داهێنان و کارکردنی رەخنەیشیان لێدەکەوێتەوەو تا ئێستا لێکۆڵەران بایەخیان پێنەداون.

بە گشتیش لێکۆڵینەوەکە بەو گریمانەیەوە روو لەپەیوەندی نێوان شاعیرورەخنەگر دەکات،کە بەلایەوە هەردووکیان دوو جەمسەری گرنگی پرۆسەی داهێنانی شیعرین و بەردەوام کارلێکەر و کارلێکراوی یەکترن، ئامانج و مەبەستیش لێی،ئاوردانەوەیە لە کۆمەڵێ دیاردەی پەیوەندیدار بە شیعری کوردی و رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، کە تا ئێستا سەرنجیان ئاراستە نەکراوە، بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵێ ئەنجامیش پلانەکەیمان بەو شێوەیە دارشتووە، کە بریتی بێت لە سەرەتایەکی کورت دەربارەی گریمانەی لێکۆڵینەوەکە خۆیو دوو بەش :

لە بەشی یەکەمدا کە بە ناونیشانی (شاعیرو دەق)ە، ئاورمان لە هەندێ لایەنی پەیوەندار بە پرۆسەی داهێنانی شیعری بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی شاعیرو رەخنەگردا، داوەتەوە.

بەشی دووەمیش،کە بەناونیشانی (رەخنەگرو دەق)ە، تەرخانکردووە بۆ سەرنجدان لە بنەماو شێوازی کارکردنی رەخنەگر بە دەسەڵاتەکەی و ئەو ئاکامە دروست و نادروستانەی،کە لێیان دەکەوێتەوە،کە هەندێجار بووەتە مایەی شێواندنی رووی راستەقینەی پەیوەندی نێوان سێ کوچکەی شاعیر و دەق و رەخنەگر.

لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان

خستووەتە بەردەست کە لێکۆڵینەوەکە گەڵاڵەی کردوون.

**سەرەتا :**

راستییەک لەو راستییانەی،کە تا ئێستا لە بواری پەیوەندی نێوان داهێنەرو رەخنەگردا فەراموش کراوە ،ئەو راستی‌یەیە کە بەردەوام رەخنەگر پەلکێشکراوی داهێنەرە بەرەو بەرهەمەکانی‌و بۆ کارکردن لە دەقەکانیدا ، بەو پێیەی دوای بڵاوکردنەوەی هەر دەقێ، شاعیر لە چاوەروانی رای خوێنەردا دەبێت، بەتایبەتی خوێنەرێکی (شیعرناس) ی ناو( شیعردۆست)ەکانی، شیعرناسێک،کە بەهای دەقەکانی بەو شێوەیە ببینێ،کە خۆی لە دەقەکانیدا دەیانبینێ، ئەم حاڵەتەش بۆخۆی دەبێ بە ئاسایی ببینرێ، چونکە خواستو ئارەزووی هەر بەرهەم هێنەرێکە،کە چاوەرێی دەستخۆشی لێکردن دەکات لە بەکارهێنەرانی بەرهەمەکەی، بۆ هونەری شیعرییش، کە بەرهەمێکی داهێنەرانەیە، ئەوا ئەو خواست و ئارەزووە بەهێز تر دەبینرێ، بەوپێیەی بۆ شاعیر رازیکردنی خوێنەرانی دەبێتە مایەی توندوتۆڵکردنی پەیوەندی بە کۆمەڵگاکەیەوە، هەربۆیە (فروید) یش وتویەتی: (منی باڵا،کە دەنگی کۆمەڵە لە دەروونـدا بۆخۆی خاوەنی دوا وتەیە لە رازی بوونی داهێنەر لە بەرهەمەکەی) (١)، لە هەندێ تێروانینی دەروونناسی تریشدا بە (هەوڵدانی ((من) ی شاعیر دادەنرێ لە پێناو چوونە ناو( ئەوان)ی کۆمەڵانی خەلک بەگشتی و رۆشنبیران و ئەدیبان بە تایبەتی و پاراستنی حاڵەتی (ئێمە) لەگەڵیاندا،کە کەشێکی سایکۆلۆژی ئارامە بۆ (من)ی هەر تاکێک، بە واتەیەکی تر لەو دیوی بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی شیعرییەوە خواست و نیازیک لەکاردا دەبێت،کە بریتییە لە خواستی چوونە ناو جیهانی شیعری، یا پتەوکردنی ئەو پلەوپایە شیعرییەی،کە شاعیر هەیەتی، یا بەدەستهێنانی پلەیەکی باڵاتر لە جیهانی شیعریی ئەدەبەکەیدا، گومانیشی تێدا نییە لە ناو ئەو پرۆسەیەشدا، خوێنەر بە گشتی و رەخنەگر بەتایبەتی، رۆڵی سەرەکی دەبینن،چونکە ئەوانن،کە دەبنە

بەدیهێنـەری ئـەو خواسـت و ئـارەزووەی شـاعیران، هەربۆیـە دەبینیـن زۆر شـاعیران گلەییـان لـە نەبوونـی خوێنـەری شـیعرناس کـردووە (٢)

هـەر لێـرەوەو لـە بـەر رۆشـنایی ئـەو راسـتیانەدا،ئێمە دەقـی شـیعری لـە نێـوان دوو جەمسـەری ئاراسـتە پێکراودا دەبینیـن، نـەک هـەر لـە دوای بەرهەمهێنـان و بڵاوکردنـەوەی دەق، بەڵکـو پێـش لـە دایکبوونـی دەقیـش، بـەو واتایـەی بـەردەوام دەسـەڵاتی خوێنـەر بـە گشـتیو رەخنەگـر بەتایبەتـی لـە سـازدانو نەشـونما پـێ کردنـی تـۆوی تاقیکردنـەوەی شیعرییدا کاردەکـەن ، جـا بـۆ یەکالاکردنـەوەی ئـەم گریمانەیەمـان و چۆنیەتـی کارکردنـی هـەردوو دەسـەڵاتی داهێنـەر و رەخنەگـر لـە ئاراسـتەکردنی دەقـدا و ئاکامەکانـی ئـەو کارکردنـە، کـە هەندێجـار پەسـەند و دروسـتبووە و هەندێجارێـش ناپەسـند و نادروسـت بـووە، روو لـە بەشـی یەکەمـی باسـەکەمان دەکەیـن.

**بەشی یەکەم : شاعیرو دەق**

سـەرەتا و بـۆ چوونـە نـاو ئـەم بەشـەی باسـەکەمان، ئـاوڕ لـە تێروانینێکـی (شـێرکۆ بێکـەس) دەدەینـەوە، کـە دەربـارەی بەرهەمـە شـیعرییەکانی سـاڵانی ( ١٩٦٨-١٩٨٠ ) ی، خسـتوویەتیە بەردەسـت و دەڵـێ:

( (هەڵبـەت دوای ئەزمونێکـی ئەدەبـی تـا رادەیـەک دوور و درێـژ و هەمـە چەشـن و هەمەرەنگیـش مـن بۆخـۆم گەیشـتوومەتە سـەر ئـەو ئەنجامـەی زۆرم وتـووەو لـەم زۆر وتنەمیشـدا، بۆرەشـیعرم کـەم نیـن و خـۆ ئەگـەر وەک ئاکامـی دوایـی، وەک گەوهـەری هونـەری شـیعر و بەخشـین و تێپەرانـدن و ئەفرانـدن، کۆمەڵـە شیعرێکیشـم بـۆ بمێنێتـەوە، ئـەوا تـا لـە ژیانـدا بـم مایـەی بەختیاریمـە و دوای مردنیـش نیشـانەی ئاسـوودەیی گیانـم ئەبـێ....

لـە هـەر دوو دیوانـی مـن تینوێتیـم بـە گـڕی ئەشـکێ و کازیوەدا لـە دەقـی کۆمەڵـێ لـەو شـیعرانەدا یـان لـە سـەر دێـری پێشـکەش کردنیانـدا، خوێنـەر چـاوی بـە گەلـێ نـاوی وڵاتانـی ئـەم دنیایـە ئەکـەوێ، بـەڵام رەنگـە هەندێکیـان لەگـەڵ ئەوەیشـدا پەرێزیـان پاکـەو نابنـە خـەوش بـۆ

شـیعرەکان و لـە ڕۆژگاری خۆیانـدا دەنگدانــەوەی کارەسـاتەکان بـوون، بــەڵام ئەشــێ لـە ئەمـڕۆدا بـۆ ئێمـە ئەوەنـدە لـە بـەر دڵ گرنـگ و پەسـەند نەبـن یـان نـاو هێنانیـان پێداویسـتیەکی هونــەری تێـدا نەبـێ و لـە زیـاد بچـن! ئــەوەی ڕاسـتی بـێ لـە کاتـی خۆشـیدا ئەمەیـان هەسـتی مـن بـووە، بـەڵام چ لـە دەرفەتـی یەکـەم بڵاوکردنەوەیانـدا و چ دواتریش،کـە دراون بـە ڕەقابە وام بـە چـاک زانیـوە لـە ڕێگـەی ئـەو نـاوو پێشکەشـکردنانەوە قەیاغـی پەڕینــەوە بـۆ شـیعرەکانی تـر دروسـت بکـەم تـا ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆش بـێ ئــەوەی ئەمــەوێ بیگەینـم و لـە هەمـان کاتیشـدا وەک وتـم ئـەو ڕەمزانـە پـاک بـنو شـیعرەکانیش لـە چەقـۆی سانسـۆر قورتـار بـن، بەڵــێ هەندێجـار ئــەم لا ڕێیانــە زیـان بـە لایەنـە هونەریەکـە ئەگەێنـن، بـە بارێکـی تـردا مەبەسـتەکان زەق ئەکەنـەوە، مـن لـەم چاپـە تازەیەشـدا هـەروام پـێ چـاک بـوو خۆیـان چـۆن بـوون، بـێ دەسـتکاری و لابـردن بیانهێلمـەوە، خوێنەریـش خـۆی ئەتوانـێ لـە کاتـی لێوردبوونـەوەدا ئـەو ناوانـە لـە ناوەکانی دیکـە هەڵاوێـری)) (٣)

لێـرەدا و بـە سـەرنجدانێکی ورد دەتوانـرێ کۆمەڵــێ ڕاسـتیو تێڕوانینـی زانسـتانەی پەیوەنـددار بـە دەسـەڵات و پرۆسـەی ئاراسـتەکردنی دەقـەوە، لـە لایـەن شـاعیرەوەو بـە هـەر هـەردوو دیـوی پەسـەند و ناپەسـەندەوە گەڵاڵـە بکەیـن، بـە تایبەتـی لـەم لایەنانـەدا :


١- هێشتنەوەی دەقەکان وەک خۆیانو دەسـتکاری نەکردنیـان ، کارێکـی هونـەری پەسـندەو کارپێکردنێکـی شـیاوی دەسـەڵاتی شاعیریشـە لـە بـواری داهێنانـدا

٢- داواکـردن لـە خوێنـەر کـە ئـەو ناوانـەی لـە دەقەکانـدا هاتـوونو بـەلای (شـێرکو بیکـەس) خۆیـەوە پەسـەند نین،بـۆ خـۆی پەلکێـش کردنـی ڕەخنەگـرە نـەک خوێنـەر، بـە چەمکـە گشـتییەکەی، بـەرەو دەقەکان،چونکـە هەمـوو خوێنـەرێ ناتوانـێ ئـەو ئەرکـی هەڵاوێرکردنـە ببینێ،کـە (شـێرکو بێکـەس) دەیـەوێ.

٣- تێڕوانینـی ئێسـتای (شـێرکو بێکەس)،کـە بۆخـۆی تێڕوانینێکـی ڕەخنەییـە بـۆ هەنـدێ لـە دەقەکانـیو

دانانیان بە (بۆرەشیعر) و بە (لە رێ لادان) ێکی زیان بەخش بە لایەنی هونەری دەقەکان، ئەگەر کاتی خۆی لە لایەن رەخنەگرێکەوە بخرایەتە بەردەست، ئەوا هەرگیز، بەو رادەیە پەسەندی نەدەکرد وەک چۆن ئێستا نەک هەر تێروانینەکەی خۆی بە پەسەند دەزانێ ، بەلکو داوا لە (ئەو) ی رەخنەگریش دەکات،کە بەو ئاراستەیە کار بکات کە خۆی بە پەسەندی دەزانی ، تا وەک من )ێکی نا ئارام بەهۆی ناپەسەندی ئەو رەمزانەی دەقەکانییەوە حالەتی (من)/ (ئەوان ) ێک، کە ئەو رەمزو ناوانەیان بە دڵ نییە، برەوێنیتەوەو حاڵەتی (ئێمە)یەکی نوێ پێک بێنێتەوە تا ئارام بێت لە ناویاندا.

٤- دەکرێ بەجۆرێک لە جۆرەکان قایل بین بەوەی هەندێ لەو ناو و رەمزانەی ناو دەقەکانی ( شێرکو بێکەس) لە ئاکامی دەسەڵاتو فشاری سانسۆردا پەنایان برابێتە بەر،بەڵام ئەوەی ئێمە بۆی دەچین ئەوەیە،کە ئەو دەقانەو ئەو ناوو رەمزانەی کە دەشێ بە هۆی دەسەڵاتی سانسۆرەوە هاتبن، زۆر زۆر کەمترن



لەوانەی کە بە مەبست هاتوونو ئاراستە کراوی دەسەڵاتێکی تر بوون کە بریتی بووە لە دەسەلاتی رەخنەی ریالیزمی بە سیماو شەقلە (مارکسی لینینیزمی) یەکەی،کە هەر لە کۆتایی چلەکانو سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، دەسەڵاتیکی دیارو ئاشکرای هەبووە بەسەر رۆشنبیرانو ئەدیبانەوە، تەنانەت دەسەڵاتەکەی لە رەخساندن و چرۆ پێکردنی تۆوی شیعری لای دەنگە ناسیونالیستییەکانی ئەو ساڵانەی شیعری کوردی و ساڵانێکی دوورو درێژی دواتریش دەبینرێ .

ئەوەتا هەر لە سەرەتای پەنجاکاندا، وەک (برایم ئەحمەد) باسی دەکات، پارتێکی ناسیۆنالیستی وەک پارتی دیموکراتی کورد، لە ژێر فشارو دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستدا، ناوەکەی خۆی دەگۆرێ و دەیکات بە پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆمۆنیستەکان لێیان رازی بن و

وەک پارتێکی بۆرژوازی ناوزەندیان نەکەن (٤)

ئەمە سەر باری ئەوەی کەلە ناوەراستی پەنجاکاندا ،خودی پارتی دیموکراتی کوردستان (راستەو خۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مەسەلەی نیشتمانی کورد و بزووتنەوە رزگاری خوازییەکەی بەشێکە لە کێشە گشتییەکە، کێشەی سۆشیالیستی جیهانی و پارتی ئامادەیە قوربانی بە بەرژەوەندی نیشتمانی کورد بدات ئەگەر هاتو لەگەڵ بەرژەوەندی سۆشیالیزمی جیهانیدا رێک نەکەوت) (٥)

جا هەر ئەوئامادەبوونە دیارو بەربلاوەی بیری مارکسی لینینیزم لە ناو رۆشنبیرانو ئەدیباندا ، کە لەو دیو دەسەلاتی شاعیرەوە کاری دەکرد ، سەرجەمی شاعیرانی بەرەو ئەو رێچکە شیعرییە ئاراستە دەکرد کە بە شیعری مروڤایەتی دەناسێنراو سیمای هەرە دیاری پەنا بردن بوو بۆ کۆمەڵی ناوو رەمزی عەرەبیو جیهانی کە کرابوونە مۆتیفی شۆرشگێریو پێشکەوتنخوازی لە ئەدەبیاتی پارتی کۆمۆنیستدا ، وەک ئاشکراشە لەگەڵ رەوتی بێ هێز بوونی ئەو دەسەلاتەی کە مارکسی لینینیزم لە رەخنەی ئەدەبیدا هەیبوو بەرە بەرە ئەو ناوو رەمزە عەرەبیو جیهانیانەش گۆران بە رەمزی نەتەوەیی. (٦)

بێگومان ئێمە لێرەدا نکوڵی لەوە ناکەین،کە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی رۆڵی گرنگی خۆی بینیوە لە گەشەپێدانی بیری رۆشنبیرانو ئەدیبانی کورددا، بەلام لە بواری ئەدەبیدا بەگشتیو لە بواری شیعریدا بەتایبەتی،زەمینەی بۆ رێچکەیەکی ئەدەبی ئەوتۆ سازدا کە تا رادەیەکی بەرچاو دەقی شیعری تیایدا لە سروشتی خۆی دوور بخرێتەوەو بە کۆمەڵێ دروشم و مۆتیف و رەمزی ئەوتو بئاخنرێن، کە زیاتر سیمای گوتاری سیاسییان بە دەق دەپۆشی نەک سیماو شەقڵی شیعریی،ئەم دیاردەیەش لای شاعیرانمان و تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو بە زەقی دەبێنرێ.

بەم رەنگەو بەلای ئێمەوە، زووربەی هەرەزۆری ئەو ناو و رەمزانەی ناو دەقەکانی ( شێرکۆ بێکەس)یش، کە

ئێستا پشتیان تی دەکات، بۆخۆیان رایەڵە کردووی ئەو دەسەڵاتەی بیری (مارکسی لینینیزمی)بوون، کە لەو ساڵانەدا دەقە شیعرییەکانی (شێرکو بێکەس)یشی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە.

هەرئەم باسە لێرەدا، تێروانینێکی ترمان دێنیتەوە یاد،کە لامان گەڵالە بووبوو، ئەویش هەست کردنمان بوو بە ئامادەبوونی دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیانەی بەسەر داهێنانی شعرییەوە لە قۆناغە کلاسیکییەکەی شیعری کوردیشماندا،کە بریتی بووە لە ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیزمیانەی عەرەبی رووپۆشکراو بە ئاینی ئیسلام و بۆخۆی تا رادەیەک کاریگەری لەسەر شاعیرانی کلاسیکیمان بەجێ هێشتووە، بە تایبەتی لە بواری دانەبەزینی هەست و سۆزی نەتەوەیی بۆ ناو دەقەکانیان. وەک ئاشکرایە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نەک هەر بیروباوەری نەتەوەیی ، بەڵکو بۆنوبەرامەی هەست و سۆزی نەتەوەییش لە چاو بارۆدۆخی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کەمتر دەبینرێ، دیارە زووربەی نووسەرانمان هۆکاری ئەو دیاردەیە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی خودی بیروباوەری ناسیونالیستی دیاردەیەکی نوێیەو لە ئەورووپدا و لە سەدەی نوزدە بە دواوە سەری هەڵداوە، بۆیە ئاساییە لە سەدەی نۆزدەو سەدەکانی پێشتردا ئەو بیروباوەرە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چەکەرەی نەکردبێ تا بووبێتە تۆوی شیعری لای شاعیرانمان ، کە ئێمە بەراستی نازانین، بەو پێیەی لێرەو لەناوخودی کۆمەڵگا ئیسلامییەکەدا ناساندنی میللەتە موسڵمانە عەرەبەکان بە (مەوالی) بۆخۆی جیاکردنەوەیەکی ناسیونالیستانە بووە و میللەتە موسڵمانە غەیرە عەرەبەکانیش هەستیان بەو جیاکاریە کردووە ، بۆیە بەردەوام ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ)، کە دەفەرمووێ (جیاوازی لە نێوان عەرەبێک و عەجەمێکدا نییە تەنها لە رووی خوا پەرستیانەوە نەبێ) داوەتەوە بە گوێی ناسیۆنالیستە عەرەبەکاندا (٧ )

جا بە بۆچونی ئێمە، هەروەک چۆن لە چلەکانی سەدەی بیستەم

بەدواوە، بیروباوەری نەتەوەیی بە ئایدولوژیای (مارکسی لینینیزم) گەمارۆ درا بوو، تا ئەو رادەیەی،کە رێگری کەر بێ لە بەردەم خۆش ویستنی نەتەوەو شانازی کردن بە نەتەوەوە ، بەو پێیەی بەلایانەوە: ( (شانازیکردن بە نەتەوەوە ئەبێ شکاندنی نەتەوەیەکی تری تیابێ..خوشویستن بێ قین نابێ شانازیش بێشکاندن نابێ)) (٨) ، هەر بەو شێوەیە رۆشنبیران و شاعیرانی کورد، هەر لە سەردەمی عەباسییەکانەوە،وەک زووربەی شاعیرانی میللەتە موسڵمانە غەیرە عەرەبەکانی تر، لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبیی پشت بەستوو بە ئاین، بە چەمکی (شعوبیەت) گەمارۆ درابوون، تا نەیەڵن بە هەر هەرشێوەیەک بێت هەست و سۆزی نەتەوەیی دەربرن و شانازی بە نەتەوەکەیانەوە بکەن، چونکە هەر چەشنە شانازییەک بە نەتەوەوە لەلایەن موسڵمانێکی غەیرە عەرەبەوە بە رەفتارێکی شعوبیانە دادەنراو موسڵمانەکەش بە کەسێکی (شعوبی) و کافر ناوزەند دەکرا ، واتای شعوبیش وەک لای (الزمخشری) دەبینرێ: ( (ئەوانەن کە عەرەب بە بچووک دەبینن و فەزڵی عەرەب بەسەر غەیری عەرەبەوە نابینن)) (٩)

لای ( الزبیدی) ش ( (شعوبی ئەو کەسانەن، کە فەزڵی عەرەب نادەن بەسەر عەجەمدا و فەزڵی عەرەب بەسەر غەیرە عەرەبەوە نابینن)) (١٠) ، بێرێزیش بەرامبەر عەرەب بەلایانەوە بێ رێزی بووە بەرامبەر ئاینی ئیسلام هەربۆیە (شعوبی) و (کافر) و (زەندیق) یان کردبووە هاو واتای یەکتر.

سەرە داوی ئەم تێروانین و بۆچوونەشمان لە و دەقە شیعرییەی (شیخ رەزای تالەبانی)یەوە بە دەست هێناوە، کە بۆ ستایشی بابانییەکانی داناوەو لە بەیتێکیدا دەڵێ: (١١)

**عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما**
**سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو**

بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکە بە گشتی و ئەم بەیتە بە تایبەتی، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو بەیتە

بۆ خۆی و بە ناو هێنانی عەرەبیش تیایدا ،وەک بەیتێکی نامۆ لەناو بەیتەکانی تردا دێتە پێش چاو ،چونکە لەو قۆناغە مێژوویی‌یەدا نە کورد بە گشتی‌و نە بابانیەکانیش بە تایبەتی کێشەیان لەگەڵ عەرەبدا نەبووە ،بەڵکو وەک (شێخ رەزا) خۆی لە بەیتی یەکەمدا دەڵێ کێشەیان لەگەڵ ئێرانیەکان‌و عوسمانیەکاندا بووە ، بۆیە بەلای ئێمەوە باس کردنی عەرەب لەوێدا بەوەی، کە (ئەفزەڵن) رایەڵە کردووی ترسێکی شاراوە بووە لە ناخی (شێخ رەزا)دا ،ترس لەوەی، کە نەبا شانازی کردنەکەی بە بابانییەکانەوە بە دژایەتی کردنی عەرەب و ئاینی ئیسلام لێکبدرێتەوەو تاوانی شعوبی بدرێتە پاڵ،دیارە بە ناوهێنانی (سەلاحەدین) یش، کە ئاینی ئیسلامی پاراستووە موسڵمانیەتی خۆی‌و کوردیشی سەلماندووەتەوە .

بەم پێیە دوورە پەرێزی شاعیرانمان لە دەربرینی راستەوخۆی هەست و سۆزی نەتەوەییان‌و لە هیواو ئاواتە نەتەوەییەکانیان،ئاکامی ئەو ترسی تۆمەتبارکردنەیان بووە بە شعوبی.


بە هەمان شێوەش لە قۆناغە نوێیەکەی شیعری کوردیشدا، لە ترسی ئەوەی نەبا لە لایەن مارکسییەکانەوە بە رەگەز پەرستو کۆنە پەرست ناوببرێن، هەرکاتێ تۆوی شیعرێکی سیما نەتەوەیی لە لای شاعیرانمان چەکەرەی کردبێ راستەوخۆ لقێکیان بە تێکوشانی ئەو گەلانە موتوربە کردووە،کە کۆمۆنیستەکان بە رەوایان داناوە و خۆشیان بە بەشێک لە خەباتی ئەو گەلانە ناساندووە.

هەموو ئەو دیاردانەش جارێکی تر ئەو راستییە دەخەنەوە بەردەستمان، کە چۆن زۆر جار لە دەرەوەی دەقەوە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی درزە دەکاتە ناو پرۆسەی داهێنانەوەو داهێنەر دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو تا رادەیەکیش دەبێتە ئاراستە کەری دەق.

هەر لێرەوە، دەکرێ سەرنجەکانمان لە رادەی دەسەڵاتی شاعیرو رەخنەگرەوە بەسەر پرۆسەی داهێنانەوە بەر لە دایک بوونی دەق، بگوێزینەوە بۆ چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵاتی شاعیر دوای لە دایک بوونی

دەق و بڵاوکردنەوەی لە رووی دەستکاری کردنی دەقەکانیەوە ، کە بێگومان بۆخۆی تا پێش بڵاوکردنەوەی دەق، بە دیاردەیەکی ئاسایی دەبینرێ، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی دەق نەک هەر بەئاسایی نابینرێ بەڵکو بە کارێکی درێوو ناپەسەند تێیدەروانرێ، بەتایبەتی کاتێ خوێنەری لێ ئاگادارنەکرێتەوە،چونکە دەبێتە مایەی چەواشەکردنی رەخنەگرو خوێنەریش ، بۆیە لێرەدا روو لە چەشنەکارکردنێکی نائاسایی دەسەڵاتی شاعیر دەکەین، کە دوای بڵاوکردنەوەی دەق ئەنجام دەدرێت ، ئەویش دەستکاری کردنی دەقە دوای بڵاوکردنەوەیان بۆ جاری دووەم و تیایدا شاعیر ئەرکی رەخنەگر دەبینێ، کە لای هەندێ لە دەنگە شیعرییە دیارەکانی ئەدەبی کوردی بەدیمان کردووە، بەتایبەتی لای (گۆران).

(گۆران) خۆی لەو پێشەکیەیدا کە بۆ دیوانی بەهەشت و یادگارەکەی نووسیوە، کە یەکەم دیوانیەتی و لە سالی ١٩٥٠دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی دەستکاری کردن و گۆرانکاری لە



دەقەکانیدا دەڵێ: ((کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە بۆ چاپ لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشەو تەعبیری چەوت تۆش هاتم ئەمتوانی بیانگۆرم بە وشەی کوردی پەتی یان بە چەشنێکی پەسەندتر و دڵگیرتر دەسکاریان بکەم، بەڵام ئەمە لە باری سەرنجی ئەو کەسانەو، کە بە شوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد وە چۆنیەتی گەشەکردن و گۆرانی زمانی کوردیدا ئەگەرێن زیانی زۆرترە لە سوود با بێزاری خۆشم لەولاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتەواویم بە چەشنێکی لە ئەندازە بەدەر بەڵکو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەڵکی تریشا لە بەر ئەوە بریارمدا دەستی دەستکاریان کەم و زۆر بۆ درێژنەکەم وە هەروەکو هەنو بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست)) (١٢)

جا وەک بۆمان دەردەکەوێ

ئـەوەی لەوێدا (گـۆران) وتوویەتـی تـەواو پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە کردوویەتی،چونکـە دەسـتکارییەکی تـەواوی کۆمەڵـێ دەقـی دیوانەکـەی کـردووە و گۆرانـکاری بەرچـاوی تیاداکـردون، دیـارە ئـەم دیاردەیـەش، خـۆی لـە خۆیـدا بەکارهێنانێکـی نادروسـتی دەسـەڵاتی شـاعیرەو کاتێکیـش لـە پـاڵ وتەکانـی خۆیـدا پێکـەوە دایـان دەنێیـن بـە کارێکـی ناپەسـسـەندی دەبینین،کـە بەرامبـەر خوێنـەر بەگشـتیو رەخنەگـر بەتایبەتـی کردوویەتـی و لێشـیانی شـاردووەتەوە

لێرەشـدا بەشـێک لـەو گۆرانکاریانـە دەخەینـە بەردەسـت، کـە لـە بەهەشـت و یادگارەکەیـداو لـە فرمێسـک و هونەرەکەیـدا، کـە هەردووکیـان لـە ١٩٥٠دا بڵاوکراونەتـەوە ئەنجامـی داون.

دەقی (لەسەرە مەرگی هیوادا)

لـە (ژیـان ٣٨٢)لـە ١٩٣٣/١١/٢دا لـە دیوانەکەیـدا ل٩٣

**تریفەی مانگی سپی هاوینم**

**تریفەی سپی مانگی هاوینم**

**با بە کڵۆڵی بە رەنجە رۆیی**

**بابە کڵۆڵی، بە رۆڵە ڕۆیی**

**تا دەمم لە گۆ ئەکەویٚ وەک تۆ**

**تا دەممان لە گۆ ئەکەویٚ وەک تۆ**

**هیوای رۆڵە رۆ هیوای رۆڵە رۆ**

**هیوای دایە رۆ هیوای بابە رۆ**

دەقـی شـیوەنی گولالـە (ژیـان ژ ٣٣٩ ١٩٣٢/٩/٢٢ ل ٩٨ دیوانەکـەی

**چ عەدلێکە ؟ چ ئینسافێکە ؟ زاڵم**

**چ داوێکە ؟ چ ئینسافێکە ؟ زاڵم**

**ئەم بەیتە نییە**

**لە کردارت ئەگەر مەسئول سەمایە**

**تەبیعەت ، هەرچی ..حەتتا زاتی خوایە**

دەقـی دەروێـش عەبدوڵـلا (ژیـان ژ ٣٤٠ ٩٣٢/٩/٢٩ ل ١١٩ دیوانەکـەی

**بۆ فریشتەی مۆسیقا**

**بۆ پەری مۆسیقا**

**بەرەنگی زەردو ناڵەی دڵ توێنەرتا برای دەروێش**

**بەرەنگی زەردوشێوەی دەستو**

**شمشاڵی کزا دەروێش**

**حەزم کردبەستەیەک ببیەم**
**سەراسەرشینوماتەم بێ**
**حەزم کردبەستەیەک ببیەم**
**سەراسەرحوزنوماتەم بێ**

**لەناو کۆری گروهێکی نەزانا قەدری**
**سنعەتکار**
**بەڵێ دیارەلەناو قەومی بەسیتا قەدری**
**سنعەتکار**
**وەکو مانگە کە نانوێنێ لەناو حەوزێکی**
**لیخندا**
**وەکووعەکسی قەمەر وایە لە ناو**
**حەوزێکی لیخندا**
**بەڵام بێو پیشەناسیوقەدرزانی بێ**
**میللەتی وشیار**
**بەڵام تەختی روفاەوتاجی حورمەت**
**میللەتی هوشیار**
**بە شاباشت دەکەن حورمەت لە ناو**
**شمشاڵی کون کوندا**
**بە ئوستادی ئەدا وەک تۆ لە ناو**
**شمشاڵی کون کوندا**

**سەحەر بێنێتە ناڵە سۆزشی سحری**
**پەری نەغمە**
**سەحەر بێنێتە گریانو قسە سیحری**
**پەریی نەغمە**

**نە مامۆستایەکت دیوە نە ئوستادێ**
**پەلی گرتی**
**نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند نە**
**ئوستادێ پەلی گرتی**

ئەم وشانەی دەقی (دیمەنیکی بەهار) گوڤاری گەلاویژ ژ ٥و٦ ی ١٩٤١

دیوانەکەی ل١٦٩

**(بە دەم ئوفقەوە)، (تارای بووک)**
**(بەدەم ئاسۆوە) ، ( تارای سەوز)**
**(بە گیانی)، (سەرگەرمی)**
**(بە روحی) ، ( سەر مەستی)**

لە دەقی (شەویکی بەهار) ژیان) ژ ٢٩٠ ی ٩٣١/٨/٦ دیوانەکەی ل ١٧١

**(مستولی) ، ( صیحەی)، (هجووم)**
**(موستەغریقی)، (گرمەی)، (هومووم)**
**(ئەی خستە)، (جەسوور) )**
**( ئە یر شتە ) ، ( صە بو و ر )**
**لکن لە پر ئەنیشتەوە عوصیانی تە بیعەت**
**ناگا هەمیسان نیشتەوە لافاوی**

**تە بیعـە ت**
**نـاو جەرگـی سـمی حزمـەی ئەنـواری**
**سـەماوی**
**ئەلواحـی قـەزەح تێکەلـی بـوو کـەن**
**بـووە نـاوی**

دیـارە ئـەم چەشـنە دەسـکاری کردنـەی دەقـەکان و بـێ ئـاگار کردنـەوەی خوێنەربەگشـتیو رەخنەگـر بەتایبەتـی لێیـان ، نـەک هـەر ئـەو هێڵـی بـەرەو پێشـچونەی (گۆران) ی پـێ دیـاری ناکرێ،کـە خـۆی داوای دەکات، بەڵکـو دەبێتـە مایـەی هاتنـە نـاوەوەی تێروانینی ناراستو نازانستانە دەربـارەی فەرهەنگـە شـیعرییەکەی (گـۆران) و هەنگاوەکانـی لـە دەوڵەمەندکردنـی فەرهەنگەکـەی بـە وشـەی کـوردی پەتـی.

ئەگەرلێـرەدا ئـەو چەشـنە دەسـکاری کردنـەی (گـۆران) بـە کارکردنـی دەسـەڵاتی ناراسـتەوخوی رەخنـەی هونـەری دابنییـن لەلایـەن شـاعیر خویـەوە ، ئـەوا گۆرینـی ئـەم بەیتـەی (دیـلان) لـە لایـەن (دیـلان) خۆیـەوە بـە کاریگـەری رەخنـەی سیاسـی و ئایدولـۆژی لـە سـەری دەبینیـن :

ئەوەتـا یەکـەم بەیتـی دەقـی (کاروان)ەکـەی لـە بنەرەتـا بـەم جـۆرە بـووە: (١٣)

**کەوتۆتـە رێ کاروانەکـەی گـەلان**
**بە جـا رێ**
**دەنگـی زەنگـی هەنـاوی زۆر دێنێتـە**
**خـوارێ**

کاتـێ لـە هـەردوو دیوانـی (دیـلان) ەکـەی سـالی ١٩٦٩ ی و دیوانـی (دیوانـی شـیعر)ەکەی ١٩٨٧دا بـڵاوی کردوتـەوە (١٤)، وشـەی (گەلان) ی گۆریـوەو کردویەتـی بە (کـورد)، تـا وای نیشـان بدات،کـە شـیعرێکی ناسـیونالیزمییە و بۆ (کـورد) وتـراوە، بـەم پێیـەش بێـت دەبێ وشـەی (گەلان) نـەک هـەر پێشـتر مەبەسـت لێـی (کـورد) نەبووبـێ، بەڵکـو (کـوردی) شـی نەگرتبێتـەوە، ئەگینـا پێویسـتی بـەو گۆرینـە نەدەکرد، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی، کـە کاتـێ ئـەو دەسـەڵاتەی دایـەوە بـە خـۆی تـا دەسـتکاری دەقەکـەی بکات،دەبـوو خوێنـەری لـێ ئـاگادار بکردایەتەوە،چونکـە بـێ ئـەو ئاگادارکردنەوەیـە، راسـتەوخو بـە کارێکـی چەواشـەکارانەی ناپەسـەد دادەنرێ، دیاریشـە ئەگـەر کاتێ خـۆی خوێنەرێکـی ئاسـایی یـا رەخنەگرێـک

پێی بووتایە کە بۆ لە بری گەلان (کورد) نەبێت یا ئایا ئەو (گەلان) ە کورد)یش دەگریتەوە، ئەوا بێ شک بە کۆنە پەرستو رەگەز پەرست دایدەنا.

بەم رەنگە لێرەدا جارێکی تر ئەو راستییە دێتەوە بەردەستمان، کە زوربەی زۆری وشە و دەستەواژەکانی ناو دەقی شیعری پەنجاکانمان بە تایبەتی لای شاعیرە ئەنتەرناسیونالیستەکان وەک وشەو زاراوەکانی (گەل، نیشتمان، ولات، خاک، خەبات، تێکۆشان، ئازادی، سەربەستی، رزگاری) بە چەمکە ئەنتەرناسیونالیومییەکانیان، بەکارهاتوون و مەبەست لێیان (گەلی عیراقو خاکی عیراقو خەباتو ئازادی عیراق) بووە ، نەک (کوردستان) ، چونکە بە تێروانینی ئەنتەرناسیونالیستەکان (کورد) لەو قۆناغەدا دەبوو لە هەردوو سەنگەری خەبات دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و سەنگەری خەباتی چینایەتیدا خۆی ببینایەتەوە، نەک لە سەنگەری خەباتی نەتەوایەتیدا،بۆیە کە باس لە هاوخەباتی دەکرا لەگەڵ گەلانی تردا، مەبەست لێی هاوخەباتی کورد بووە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی ، نەک خەباتی نەتەوایەتی لە پێناو سەربەخۆیی یان هەر هیچ نەبێ لە پێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکاندا، بێگومان ئێمە لێرەدا تێروانینەرەخنەییەکانمان ئاراستەی خودی ئەو دەقانە ناکەین کە هەڵگری بیری ئەنتەرناسیونالیستی بوون،بەڵکو ئاراستەی ئەو بەکارهینانە نادروستەی هەردوو دەسەڵاتی شاعیرو رەخنەگری دەکەین ، چونکە زیان لێکەوتووی سەرەکی لەو نێوەندەدا خودی دەقەکان و مێژووی ئەدەبیمانو سیماو شەقڵ و رەوتی راستەقینەی شیعری کوردی بوونو دەشبن، ئەگەر ئەم راستیانە نەخرێنە بەردەست.

هەر لە ژێر فشاری دەسەلاتی رەخنەگردا دەبینین دەنگێکی شیعریی دیاری پەنجاکانی سەدەی رابردوومان کە (هەردی)یە دەسەڵاتی وەک شاعیر و وەک رەخنەگرێکیش دەخاتەکار و لەلایەک پاساو بۆ لەدایکبوونی هەندێ لە دەقەکانی دێنێتەوەو لە لایەکی ترەوە دەسکاری دەقەکانیش دەکات و خوێنەریشی لێ

ئاگادار دەکاتەوە تا کارکردنەکەی لە دەقەکانیدا چ بە باری دەستکاری کردنیان بێ یا بە باری راڤەکردنیان بێت،بە ئاسایی ببینرێن، هەربۆیە دەڵێ : (( با ئەوەش بڵێم کە خۆشم لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکاندا دەسکاری هەندێ وشە یا رستەم کردووە کە لە پەنجەی دەست تێناپەرن ، لەبەر ئەوە ناچارم لەم چاپەدا دەستکاری‌یەکیان بکەم هەروەها ئەو دیرانە بنووسمەوە کە چاپی یەکەم نەیگرتوون بەڵام دڵنیا بن لەوەی هەرگیز مافی ئەوە بە خۆم نادەم دەستکاری گەوهەر و ناوەرۆکی شیعرەکان بکەم ئەگەر چی ئێستا هەندێکیشیانم بەدڵ نییە)) (١٥)

دیارە کاری ئێمە لێرەدا تەنها دەرخستنی راستی کارکردنی شاعیرە لە دەقەکانیدا , لە ژێر کاریگەری رەخنەگردا ، نەک لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دەقەکانی (هەردی)، بۆیە تەنها سەرنج ئاراستەی ئەو لایەنانەی تێروانینەکانی (هەردی) و دەستکاریکردنی دەقەکانی دەکەین،کە پەیوەندیدارن بە باسەکەمانەوە وەک دەردەکەوێ ئەوەی (هەردی)



جو لا ند و و ە تا راڤەی دەقەکانی بکاتو دە ستکا ریا ن ، ئەو چەشنە تێبینیانە بوون کە دەربارەی دەقە دڵداری و سیاسییەکانی و دەربارەی بەردەوامی داهێنان لەلای بڵاوکرابوونەوە، لەو نێوەندەشداو ئەوەی زیاتر سەرنجی ئێمە رادەکێشی ئەو چەشنە نکوڵی کردنەیەتی لە راستی تۆوی تاقیکردنەوە شیعری‌یەکانی لە بواری خوشەویستیدا ،چونکە ئەوە رەت ناکاتەوە کە وەک هەر گەنجێک بە تاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا تێپەریبێ، بەڵکو ئەوە رەت دەکاتەوە کە تاقیکردنەوەی خۆشەویستی لە ژیانیدا بۆخۆیان تۆوی راستەقینەی لەدیک بوونی دەقەکانی وەک (ست فاتمە)و(دوو چەشن دلداری) بووبن،وەک ئیمە دەیان بینین و بە پیچەوانەی رای خویەوە،کە دەڵێ: (( لە ئەنجامی چەند گفتوگوو قسەگۆرینەوە و لێدوانێکی دوور و درێژی ئەوسادا وام بەبیردا هات،کە

چەند شیعرێکی دڵداری ڕێک بخەم، کە لە ناوەروکدا جیاوازی چینایەتی پیشان بدات.... یەکەم شیعری (ست فاتمە)بوو ئەوی تریان دڵداری کچی تازە بوو)، کە لە بنەرەتدا ناوی (دوو چەشن دلداری) یە.....بەڵام بۆ شیعری ست فاتمە یەک دوو هۆی تریش هەبوو بۆ دانانی، بەڵام ئەوی گرنگە لێرەدا ئەوەیە:ئەو پەلاماردانی خاوەن تەلارو عانەیەی لە شیعری ست فاتمەدا هەیە لە راستیدا زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆژەیەی،کە وتم نەک بۆ جیاوازی چینایەتی نێوان من و ئەو کچەی لە وێدا ناونراوە ست فاتمە.....)) (١٦)

لێرەداو هەر لە سەرەتاوە ئەم چەشنە وەڵامو روونکردنەوانەی کە (هەردی) لە ئەنجامی تێروانینە رەخنەیی‌یەکاندا خستوویەتی‌یە بەردەست جێگای قایل بوون نین لەلامان چونکە:

أ- هەردوو دەقی (ست فاتمە) و (دوو چەشن دلداری) کە ( هەردی) بە بەرهەمی پرۆژەیەکی دارێژراوی بیرییان دادەنی لە بواری چینایەتیدا، بەلای ئێمەوە دوو دەقی (شیعری خۆشەویستین)،کە تۆوەکانیان راستەوخۆ لە ژیانی کەسی (هەردی) خۆیەوە بەدەست هێنراون، نەک شیعری (بابەتی دڵداری) بەو چەمکەی لە ئەدەبدا هەیەتی و پرسیار دەربارەی راستی تاقیکردنەوەکەی لە ژیانی شاعیردا بە پێویست نازانریو ناکرێ

ب- وەسف کردنی ئەو دوو دەقە بەوەی،کە (ڕێکی خستوون) بۆخۆی تێروانینێکەو لە جێگای خۆیدا نی‌یە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێکخستن بوونایە هەرگیز ئەو ناوبانگەیان دەرنەدەکردوو هێندە شیعردوستانو رەخنەگرانیان سەرقاڵ نەدەکرد، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەو بروایەدا نین کاتی خۆی بەوە رازی بوایە بەو دەقانەی بووترانایە ئەمانە (نەزم)ن نەک (شیعر)، چونکە خۆی لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە بەرزی ئاستە هونەری‌یەکەیان لەو هەستو سۆزەی دەروونیەوە سەر چاوەیان گرتووە کە (خۆشەویستی ) راستەقینەی بۆ ئەو کەسەی ناوی خوازراوی (ست فاتمە)ی لێناوە ، ورووژاندوونی ، خۆشەویستی‌یەکی

شـەرمنانەی ئەوتـۆی ڕێزلێنـراو کـە (لەبـەر دەمیدا واق ورمـاو بێ‌و نەیەڵـی هیـچ دەربـڕێ ) ، کـە (هـەردی ) لـە دووتوێـی ئـەو پاسـاو هێنانەوانەیـدا بـە ڕەفتارێکـی (پیاوانـە !)ی دانانـی بۆیـە دەڵـی : (( هەروەهـا مـن ئەوسـا ئـەو هـەرزەکارەی جـاران نەمابـووم کـە بەچاوپێکەوتنێـک زمانـم ببەسـترێ وەکـو لـە شـیعرەکەدا پیشـان دراوە)) (١٧) جـا وەک ئێمـە بـۆی دەچیـن هـەر ئـەم (تێروانینـی پیاوانە)یـەی ئێسـتای ، بووەتـە هـۆی ئـەو چەشـنە ڕوانینـەی ئێسـتای بـۆ ئـەو قۆناغـی (هەرزەکاری)یـەی کـە بـەری دەیـان تـۆوی ( شـیعری خۆشەوسـتی) جوانـی تیـا بـە دەسـت هێنـا .

هەرچـی دەربـارەی گۆڕینـی ئەو وشـەو دەسـتەواژانەی نـاو دەقەکانیشـیەتی، کـە وەک خـۆی دەڵـێ کەمـن، ئـەوا هـەر پێوەندیـان بـە تێروانینانەکانـی ئێسـتایەوە بـووە بـۆ دەقەکانـی، چ لـە ڕووی ڕاسـتی تاقیکردنەوەکانیانـەوە بووبـێ،چ لـە ڕووی جوانـی چنینیانـەوە بووبـێ بـەو وشـەو دەسـتەواژانە، وەک لێـرەدا دەبینرێـن :

گۆڕینـی ناونیشـانی دەقـی (نائومێـدی) بۆ (دڵێکـی تێکشـکاو) بەهـۆی ئـەوەی وەک خـۆی دەڵـێ: (( لـە چاپـی یەکەمـدا بەسـەرهاتی دڵ، کـە مەبەسـتی سـەرەکی شـیعرەکەیە تەواونەکـراوە)) (١٨)و ئێسـتا کـە تـەواو کـراوە ئـەوا ئـەو ناونیشـانەی بـۆ گونجاوترە،بـە هۆکارێکـی ڕاسـتی نازانیـن ،بەڵکـو وای دەبینین،کـە بـەو ناونیشـانە نوێیـە دەتوانـێ دەربـارەی ئـەم دەقـەش بڵـێ باسـی کەسـێکی، کە ئەکـەم و (خـۆم) لـە جیاتی (ئـەو) دانـاوە، وەک بـۆ هەنـدێ لـە دەقەکانـی تریشـی هەروامـان پێدەڵـێ:

لـە دەقی (شـانزە سـاڵ چاوەڕوانـی) دا دەربڕینـی (کێشـا بـەروی زەمینـا) گۆڕیـوە بو (کێشـا بەسـەر زەمینا)،کـە لـە ڕووی هونەرییـەوە پـێ گونجاوتربـووە .

لـە دەقـی (دوو چەشـن دڵـداری) یەکەشـیدا (کچ لـە لای ئێمـە)ی گۆڕیـوە بـە کـچ لـەلای ئێمـەش)، کـە بەلامانـەوە بـەو مەبەسـتە بـووە تـا باسـی خوشەویسـتی دەقەکـە بکاتـە باسیکی گشـتی و لـەوەی دوور خاتـەوە کـە لـە تاقیکردنـەوەی کەسـی خویـەوە سـەرچاوەی گرتبـێ.

بێگومان ئەم چەشنە بەکار هێنانەی دەسەڵاتی شاعیر،کە دەسەڵاتی رەخنەگر بزواندوونی، لەلای شاعیرانی تریش کەم و زور بەدی دەکرین، بۆیە پێویستە لێکۆڵەران و رەخنەگران سەرباری ئەرکەکەیان لە سنووری رەخنەدا، ئەرکی توێژەرەوەی دەقیش ببینن، تا زانستانە راستییەکان بخەنە بەردەست.

بەشی دووەم: رەخنەگرو دەق

لێرەداو هەر لە سەرەتاوە بەو تێروانینەمانەوە لە دەسەڵات و کارکردنی رەخنەگر دەڕواین: کە مادام ئەو مافە بە داهێنەر دەدرێ تا سەربەستانە کاربکات و نەخۆی و نە ئێمەش رێگە بەوە نەدەین بخزینرێتە ناو بازنەیەکی تەسکی پرۆسەی داهێنانەوە، ئەوا ئاساییە ئەو مافەش بە رەخنەگر بدرێ لەوەی دەق چۆن دەبینێ و بە چ رێبازێک کاری تیادا دەکات و لە چ رێچکەیەکی رەخنەییشەوە رووی تێدەکاتو بەهما هونەرێکەی دیاری دەکات، تەنانەت مافی جوان بینین و ناشیرین بینینی دەقیشی پێبدرێ، مادام بۆ داهێنەر بشێ ئەمرۆ دەقی جوانی دوێنێی بە ناشیرین ببینێ تا ئەو رادەیەی بە بێ ئاگادارکردنەوەی خوێنەر یا بە ئاگاکردنەوەی دەستکاری بکات و رتوشیان بکاتەوە.

بێگومان لێرەدا جوان بینین و ناشیرین بینینی دەق جیادەکەینەوە لە کاری جوان کردن و ناشیرین کردنی دەق،بۆیە بەلامانەوە ئەوەی،کە بو رەخنەگر و کاری رەخنەیی نابێ بە ئاسایی دابنرێ دیاردەی جوان کردن و ناشیرینکردنی دەق و بەهادارکردن و بێ بەهادارکردنی دەقە جا بە مەبەست بێ یا ئاکامی نەشارەزاییو مامەڵەکردنی سەرپێیانە بێت لەگەڵ دەقدا،کە بێگومان بۆخۆی دیاردەیەکە و مێژووی رەخنەی ئەدەبی هیچ میللەتی بێبەری نەبووە لێی و زەحمەتە بێ بەریش بێ لێی .

هەر لێرەوە راستەوخۆ رووبەرووی ئەو راستییە دەبینەوە،کە بەکارهێنانی نادروستانەی دەسەڵاتی رەخنەگر،جگە لە چەواشەکردنی خوێنەر و شاردنەوەی راستییەکانی لێدەکەوێتەوە، شاعیران و دەقەکانیشیان زەرەرمەند دەبن

پێی، کە لە رەخنەی کوردیماندا ئەو چەشنە بەکارهێنانە نادروستانەیەی دەسەلاتی رەخنەگر،نەک هەر دەبینرێ بەڵکو لە هەندێ قوناغداو تارادەیەکی زۆر بووەتە سیمای کارکردنی رەخنەیی و کەم رەخنەگر و لێکۆڵەرمان توانیویەتی خۆی لێبپاریزی،هەروەک لێرەداو بە ئاوردانەوەمان لە کۆمەڵێ وتار و لێکۆلینەوەی رەخنەیی راشکاونە دەیانخەینە بەردەست.

دیارە ناکرێ لێرەشدا ئاوڕ لە هەموو ئەو وتار و لێکۆلینەوانە بدەینەوە،کە بڵاوکراونەتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەین تەنها ئاوڕ لەو بەرهەمە رەخنەییانە بدەینەوە،کە لە رەوتی رەخنەی کوردیدا شوێنیان دیار بووەو بە هەردوو دیوی زانستانەو نازانستانەدا تێڕوانینی سەرنج راکێشیان خستووەتە بەردەست .

هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوواو لەگەڵ هەنگاونانی شاعیرانمان بەرەو نوێکردنەوەی شیعریی رووبەرووی دوو وتاری رەخنەیی دەبینەوە کە بریتین لە وتارەکەی (سیاپوش)و وەڵامەکەی



(پیرەمێرد) بۆی.

لە وتارەکەی ( سیا پۆش ) دا (١٩)، کە دەنگی روشنبیرێکی لاوی سەردەمەکەی بووە، راستەوخۆ هەوڵی ناشیرینکردنێکی رەهایانەو بێسنووری شیعری کلاسیکی کوردی دراوە،بەو پێیەی بەلایەوە تا رادەی دزین لاسایی کەرەوەی شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی بوون و بە متوومووروی ئەوان رازێنراونەتەوەو کەم و زۆر نە خەم و ئازار و نە خواست و ئومێدی مرۆڤی کورد و ولاتەکەی کە کوردستانە بە هەموو جوانیەکانیەوە تیایاندا نابینرێ، بۆ بەلگەی بۆچوونەکانیشی لە شوێنێکی وتارەکەیدا دەڵێ: (( زوربەی شاعیرەکانمان ئەگەر لەبەر ئێوە نەڵێم هەموویان دڵدارێکی خۆپەرستو بی باکن وەکو یەکێکیان ئەڵێ :

**منو یارم لە کونجێ دابنیشین**
**چە باکم عالەمێ ژێرو زەبەر بێ**

دەربارەی (نالی) یش،کە وەک (مەحوی‌و سالم‌و کوردی‌و ناری‌و

زێوەرو حەمدی) بە شاعیری نازانێ دەڵێ : (نەخوێندەوارەکانمان گەلێ لە شاعیرە بەناوبانگە (بەلاغەت ئارا)کان لە پێشترن، بەڵێ ئەو لادێییەی (کلوەنجە ڕێ ڕێ) و (خاڵەی ریبواری)داناوە گەلێ لە پێشترە لەو شاعیرەی،کە ئەڵێ :

**ئەی جلوە دەری حوسنی جلەو کەش بە تەماشا**

**سەر رشتەیی دین بی مەدەدی تۆ نی یە حاشا))**

هەرچی وتارەکەی (پیرەمێرد) ە (٢٠) کە بۆ خۆی لەو ساڵانەدا خەریکی ڕەنگرشتنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووە وتارێکەو هەم بەرگری کەرە لە شیعری کلاسیکی و هەم پشتگیری کەر بووە لە خواستی نوێخوازانەی (سیاپوش) و دەڵێ: ( (گوناهی نالی ئەوەیە بۆ پایە بڵندانی هونەر واتەی هۆنیوەتەوە،وەک تازە پیاگەیووەکان نەیوتووە :

**لە هاویندا لە بەرقرچەی هەتاوا**
**لە بن سایەی هەرمی کولاوا**
**لە هەڵهینانی دوو چاوی نواوا**
**فەراموشم نەکەی من گیرەوەی تۆم)**

هەروەها دەڵێ: ( (ئەو کوڕە ڕاست ئەکا ئێستا شیعر ئەوەیە چۆن هاتە پێش چاو و چۆنت دی ئەوە بە شێوەی ڕەوانی و بە زمانی خۆت بیهونیتەوە ....ئەو دادو بیدادی بۆ ئەمەیە، کە بەشوێن تەبیعەتا بڕۆین شاعرەکانیشمان ئەڵێن ئێمە لە ئاسمانی شیعرو خەیاڵا ئەفرین مەزەی لێوی دلبەر ناگۆرینەوە بە هاژەی شەمەندەفەرو وژەی نەوتی ژێر زەمینو جریوەی ئاوەدانی وڵات با وەتەن ژیرو زەبەر بێ و من و دلبەر لە جێیەکی وەک زێرینوک پێکەوەبین و بە تەبیعەت پەرستان ئەڵێن)) (٢١)

وەک دەردەکەوێ ئەم بەرگریکردنەی پیرەمیرد بۆخۆی بەرگری کردن بووە لە کلتوری ئەدەبیمان نەک بەرگریکردن لە ڕێچکە کلاسیکی‌یەکە بەو شەقڵ و سیما هونەریانەی،کە هەیان بووەو پیرەمێرد خۆی بە ڕووکردنە کێشی بڕگەیی و قافیەی مەسنەوی و زمانێکی شیعریی سادە، هەوڵی کردنەوەی ڕێچکەیەکی نوێی لەبەردەم شیعری کوردیدا داوە،جا بۆیە بەلای ئێمەوە ئاسۆی تێروانینی

پیرەمیرد فراوانتر بووە لە ئاسۆی روانینی ( سیاپۆش) بۆ شیعری کوردی کە ئەرکی شیعریی لەو ئامانجە سیاسیو کۆمەلایەتیو رەوشتیانەدا بینیوە کە بەدیان دێنی،نەک لە خودی جوانیەکانیاندا ئەمە سەرباری ئەوەی کە ناشیرینکردنی شیعری کلاسیکی کوردی بەوەی تا رادەی دزین لاساییکەرەوەی شیعری عەرەبی و فارسی بووە، بۆ خۆی و پێش هەموو شتێ بۆچوونێکی نازانستانەی بێ بنەمایە چونکە تا ئەم سالانەی دوایی نەبێ (٢٢)، لێکۆڵینەوەیەکی وا ئەنجام نەدراوە،کە زانستانە رادەو چەندێتی و چۆنیەتی کاریگەربوونی شاعیرانی کورد بە شیعری فارسییەوەی خستبێتە بەردەست، بەڵکو ئەوەی کە کراوە تەنها پیشاندانی لایەنی لەیەکچوونو نزیکی چەند بەیتێکی شاعیرانی کلاسیکیمان بووە لەگەڵ کۆمەڵە بەیتێکی چەند شاعیرێکی فارسی (٢٣) کە ئەوەش بەلای ئێمەوە نەک هەر بە دزی و لاساییکردنەوە دانانرێ بەڵکو بە چەشنێ لە هەڵکشان بەرەو پرۆسەی داهێنانیان دەیبینین ، بەوەی کە شاعیرانی کلاسیکیمان بەمەبەست ویستویانە هەر بەو کەرەسە هونەریانەی دەقی شیعری فارسیو بەو پێکهێنەرە هونەریانەی شیعرییەتی کلاسیکی وبەو زمانە کوردییەی بێ پێناسەی ئەدەبی بووە ،دەقی شیعری ئەوتۆ بنیات بنێن کە شانی پێ بدەن لە شانی شیعری میللەتە موسلمانەکانی تر بەگشتیو شیعری فارسی بەتایبەتی ، ئەم راستییەش بە روونی لە هەندێ بەیتی رابەرانی شیعری کلاسیکی کوردی وەک مەلای جزیری و نالیو سالمو مەحویدا دەبینرێ بەڵام دیارە نەبوونی لێکوڵەری شارەزا و ئاگادار لە تەواوی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی کوردیو ئەدەبی فارسی تا رووی راستییەکان دەربخات ، بواری لە بەردەم ئەو تێروانینە نا دروستەدا کردەوە تا بگاتە (رەفیق حلمی)و (کاکەی فەللاح) یش .

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەر لە ژێر کاریگەری ئەو چەشنە تێروانینە نا دروستەدا تا ئەمرۆش لە هۆڵەکانی خوێندنی ئاستی دکتۆراشدا سیماو

شـەقڵی شـیعری کلاسـیکی کـوردی بە (بایەخـدان بـە وشـەو دەربڕینـی بێگانـەو بـە ڕەوانبێـژی عەرەبـی و بـە کێشـی عـەروزی عەرەبـی) وەک سـێ دیاردەی نامـۆ بـە شـیعری کـوردی بـە خوێنـدکاران دەناسـینرێ .

دیـارە لێـرەداو لەگـەڵ ئـەو تێروانینەمانـدا دەربـارەی وتارەکـەی (سـیاپوش) ئـەو ڕاستییەش فەرامۆش ناکەین،کـە بەلامانـەوە هـەر ئـەو وتـارە بۆخـۆیو وتارەکەی (پیرەمێرد) یش،کـە بەدوایدا هـات بۆخۆیـان لەلایـەک بوونـە ڕەنگرێژکەری (ڕەخنـەی ریالیزمـی) لـە ئەدەبـی کوردیدا،کە (پیرەمیـرد) بـە زاراوەی (ناتۆریـل) دەیناسـێنیو لـە لایەکی تـرەوە بوونـە پشـتگیریکەرێکی دیاریش بـۆ ڕێبـازە نوێیەکـەی شـیعری کـوردی کـە (پیرەمیـرد )زەمینەکـەی بـۆ سـازداو ( گۆران)یشـی هـەر لـە سـەرەتای سـییەکانەوەکردە ڕابـەری .

هـەر لەژێـر کاریگـەری ئـەو دوو وتـارەداو لەسـەر هەمـان ئـەو ڕێچکـە ریالیزمـی یـەی ڕەخنـەدا، بـە چەمکـە کۆمەلایەتییەکـەی، نووسـەرێکی وەک (ڕەفیـق حیلمـی)ش لـە سـەرەتای پەنجاکانـدا هەنگاوێکـی ڕەخنەیـی تـا ڕادەیـەک زیرەکانـەی هەڵنـاو بـە ئاورێکـی ڕەخنەگرانـە لـە بەرهەمـی هەنـدێ لـە شـاعیرانی قۆناغەکـەی کۆمەڵـێ تێروانینـی ڕەخنەیـی ئەوتـۆی خسـتە بەردەسـت کـە بۆخویـان بوونـە سـەرچاوەو ڕێنوێنـی کـەری ڕەخنەگـرانو لێکۆڵەرانـی دوای خـۆی بەتایبەتـی دەربـارەی شـیعری نوێـی کـوردی و ڕابـەرە دیارەکانـی کـە ( شـێخ نـوری شـێخ سـالح و گـۆران ) بـوون بەلایـەوە.

ڕاسـتی کاریگـەر بوونـی (ڕەفیـق حلمـی) بـە هـەردوو وتارەکـەی (سـیاپۆشو پیرەمێـرد)ەوە ڕاشـکاوانە دێتـە بەردەسـتمان بـەوەی لـە باسـی (کەمالی)شـاعیردا هـەم ئـاور لـە وتارەکـەی (سـیاپوش) دەداتـەوەو هـەم بە پێـی بۆچوونەکانـی ( پیرەمێـرد ) ڕا دەربـارەی (کەمالـی )گەلاڵـە دەکات و دەڵـێ : (( ئەبـێ بیرمـان نەچـێ کـە ئەگـەر بێـتو بـە پێـی واتـەی ئەدیبـە تازەکانمـان حوکـم بەسـەر شـعرەکانی کەمالیوپەیـرەوەکان کەمالـی یـا بدەیـنو کـە ڕاکـەی پیرەمیـردە – وەکـو ئـەو ئەدیبـە لاوانەمـان بڵێیـن – کـە مەبەسـتی سیاپوشـە

- : ( شعر ترجومانی دڵە لە ئاوازی دڵگیری بولبول لەسرەوەی سۆزەی بەیان .....مانامان بۆ دەرئەهێنی کە لە هەموو دڵێکا شارراوە بەلام هێشتا دەریان نەبریوە تا شیعرەکە ئەخویننەوە ) بەڵێ بێتو ئێمە لەسەر ئەو واتایە برۆین‌و شعری کەمالی‌و هاوبیرو شێوەکانی بکێشین وە بەهای بۆ دابنێین زور بە هەڵە ئەچین ..ئێمەش ئەم جۆرە شعرانە بە تەرازوی خۆی ئەکیشین..)) (٢٤).

هەرچی دەربارەی تێروانینی ریالیزمیانەی (رەفیق حلمی ) شە بۆ شیعری نوێی کوردی ئەوا لەو تێروانینەیدا بەدەست دەهێنرێ،کە دەربارەی (گۆران)ەو دەڵێ: ( (گۆران شاعیرێکی (فەننان) و (واقعییە - Realiste) ) بێئەوەی باکمان ببێ لە رەغنەیی یاخو لە واتەکەی خۆمان بەگومان بین ئەڵێین گۆران بەراستی بوێژیکی واقعی و فەننانە، بوێژێکە کە ماددەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان واتە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد هەڵێنجاوە وە کردوویە بە (بوودەقە)ی ئەدەبا...)) (٢٥)

هەر لە بازنەی ئەو رەخنە ریالیزمییەدا و لە روانگەیەکی مارکسییەوە (د.عیزەدین مستەفا رەسول)یش هەوڵی دیاریکردنی سیماو شەقلەکانی رێبازی ریالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا دەدات و بە پێی رێبازە ئەدەبییەکانی وەک کلاسیک و رۆمانتیک و ریالیزمی قۆناغەکانی شیعری کوردی دیاریدەکات .

وەک دەردەکەوێ دەسەڵاتی رەخنەگرانەی (د.عیزەدین) لەو لێکۆڵینەوەیەیدا راستەوخۆ لە بیروباوەڕی مارکسی لیننیزمییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە راستەوخۆ شاعیران بە چینە کۆمەلایەتیەکانی قۆناغەکەیانەوە گرێ دەدات و بە پێی ئەو گرێدانەش تێروانینەکانی دەربارەی دەقەکانیان دەخاتە بەردەست و دەربارەی ئەدەبی کلاسیکی رای وا بووە کە: (ئەو روشنبیرانەی مزگەوت پابەند پێیەوە، کە سەر بەو باڵەی ناو جولانەوەی کوردەوە بوون کە دەرەبەگ سەرکردایەتیان دەکرد لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە)و (دوای ئەوەی ئەو سەرکردایەتی‌یە دەرەبەگی‌یەی جولانەوەی نیشتمانی

کورد وزەی سەرکردایەتی کردنی بەرەو کۆتایی چوو، روخسارە کلاسیکییەکەی ئەدەبیش ئەو توانایەی ون کرد تا ناوەرۆکی نوێی پێ دەربڕێ) (٢٦)

هەر لەو روانگە ئایدیۆلۆژییەوە،کە ئاوڕ لە پیرەمێردیش دەداتەوە، وا دەبینێ کە: (( بناغەی داهێنان لەلای ئەندێشەیەکی رومانسیانە بووەو بنما فکرییەکەشی ئەو دڵە راوکێ بەهێزە بووە،کە شەقڵی بۆرجوازی بچوکە،ئەندێشە رومانتیکییەکەشی دەربربووە لەو دڵەراوکێیەی نێوان هیوای رۆمانتیکی شۆرشگێرانە کە رووی لە داهاتووکردووەو نێوان بێ ئومێدی رۆمانتیکی کۆنەپەرستانە کە لە رابردوو دەروانی ، لەو نێوەندەشدا پیرەمێرد دەربری ئەو ناهەمواری و ئەو باری چەوساندنەوەیە بووە کە گەلەکەی گیرودەیان بووبوو)) (٢٧)

هەر لێرەشەوە دەقی (کزەی دەروون)ەکەی پیرەمێرد بەگشتتیو ئەو بەیتەی کە تیایدا دەڵێ:

**ئێستا کە رێی کۆچ گوشادەو ئاسان**
**کوا سەرخیل کۆچی لێخوری بۆ کوێستان**

بە سۆزی گەرانەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی دادەنێ (٢٨)، بێ ئەوەی ئەو راستییەش بخاتە بەردەست،کە ئاوڕدانەوەی پیرەمێرد لەو دەقەیدا بۆ رابردوو بۆخۆی گەڕان بووە بە دوای ئەو نەریت و خو و ڕەوشتە بەهادارانەی کوردەواری،کە دیاردە درێوەکانی شارستانیەت لەناوی دەبردن بەواتایەکی تر گەڕان بووە بە دوای رەسەنایەتیدا نەک دەسەلاتی دەرەبەگایەتی .

شاعیرانی سەربە رێبازە کلاسیکییەکەش لە ئەدەبی کوردیدا لەژێر سایەو رکێفی رژێمی دەرەبەگایەتیدا نابینرێن هەربۆیە کاتی خۆی دەربارەی ئەدەبی کلاسیکیمان وتوومانە: (( ئەگەر ئەدەبەکەش ئەدەبی ئەو قۆناغە بووبێت ئەوا هەرگیز ئەدەبی ئەوچینە نەبووە و هیچ کاتێ شیعری کلاسیکیمان سەر بە چینی دەرەبەگ نەبووە و لە خزمەتی رژێمی دەرەبەگایەتیدا نەبووە)) (٢٩)

کاتێکیش،کە لە دەنگە شیعرییەکەی (کامەران) دەروانێ وای دەبینێ کە: ((لەگەل مانەوەی کامەران لەسەر رێچکە رۆمانتیکییەکەی،

ڕەنگی بە ئاواتی گەلەکەی و بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی داوەتەوە و دەربڕی خۆڕاگری ڕۆڵەکانی گەلی کوردبووە لە خەباتی نشتمانیاندا)) (٣٠)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی لێرەدا بینینی دەقەکانی (کامەران )ە بە سیماو شەقڵی ڕۆمانتیکیانە نەک ریالیزمیانە،کە بێگومان ئێمە وای نابینین و بەلامانەوە ئەم چەشنە بینینەی (کامەران )ئاکامی تێروانین بووە بۆ (کامەران) ی شاعیر بەو بیروباوەرە ناسیۆنالیستییەی، کە هەڵگری بووە نەک بۆ دەقەکانی.

بە هەمان بیروباوەڕی مارکسی لینینزمییەوە (کاکەی فەللاح)یش ڕوو لە کۆمەڵی شاعیری سەر بە ڕێبازە نوێیەکەی شیعری کوردی دەکات و بە کۆمەڵی زاراوەی مەیەنراوی بیروباوەرکەی دەنگە شیعرییە نوێیەکانی قۆناغەکەمان پێدەناسێنێ .

لەکاتێکا (گۆران)و (ع ح ب ) بەو دوو دەنگە شیعرییە نوێیە دەبینێ،کە بەرەو (ریالیزمی سوشیالیزمی) چوون (٣١) و، خۆشی بە پەیرەویکەری (ریبازی ریالیزمی شورشگیرانە)دەناسێنێ (٣٢) دەربارەی (دیلان) دەڵێ: ( (بە شێوەی هونەری شیعر ڕۆمانسیانەیە و بەناوەڕوک شاعیرێکی ریالیزمی شۆرشگیرانەیە)) (٣٣)

بێئەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە و پێمان بڵێ لە ڕووی (شێوەی هونەری شیعر) ەوە ئەو سیماو شەقڵانە چین،کە بە دەقەکانی (دیلان)ەوە دەبینرێن و بە دەقەکانی (گۆران و ع ح ب و خۆیەوە) نابینرێن تا بە (ڕۆمانسییانە) ناوزەندیان بکەین.

ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین ئەو مۆری ڕۆمانسییەی،کە (کاکەی فەلاح) دەینێ بە دەقەکانی دیلانەوە پەیوەست کردووە بەو سیمای ڕەشبینیو گەشبینییەی، کە بە هەندی لە دەقەکانی دیلانەوە دەبینرێن، ئەوانیشی بەستووەتەوە بەو هەوێنی بیروباوەرە ناسیونالیستییەی، کە دەقەکانی دیلانی مەیاندووە بۆیە دەڵێ: ( (تا شاعیر لە ڕووی ئایدولوژی و دەروونەوە زۆرتر بەرەو بنەوانی ریالیزمی و مرۆڤایەتیو مەسەلەی مرۆڤی چەوساوە و پێشکەوتن خوازی هەنگاو بنێت...

بەرچـاوی روونتـر و هیـوای زۆرتـر و هەناسـەی درێژتـر و بـە ئـارام تـر دەبێـت، بـە پێچەوانـەی ئەمـەش هەتـا شـاعیر بـەرەو مەڵبەنـدی تەسـکی بیرکردنـەوەی مەسـەلەو دابـڕانو دوورە پەرێـزی و خۆیـی بـڕوات... دووچـاری دەردو و دووی بێـزاری و نائومێـدی و هەناسـە کورتـی دەبێـت)) (٣٤)

وەک دەبینرێ (کاکـەی فەللاح)لێـرەدا بەپێـی بیروبـاوەرە ناسیۆنالیسـتییەکەی (دیـلان )ی دوای ١٩٥٧ دیـلان) ی خوێندووەتـەوە نـەک دەقەکانـی، چونکـە خـودی ئـەو دەقانەی (دیلان )کە هەڵگـری سـیمای رەشـبینین راشـکاوانە ئـەو راسـتییە دەخەنـە بەردەسـت کـە رەشـبینییەکەی لە (مەسـەلەی مروڤـی چەوسـاوە)ی کـوردەوە سـەرچاوەی گرتـووەو دەنگی (ئێمـە) ی (کـورد) ی بەشـخوراوە لـە مافـە نەتەوایەتی‌یەکانـی ، کـە بێگومـان کاکـەی فەلـلاح بە (مەسـەلەی مروڤـی چەوسـاوەی) دانانێ،چونکـە ناکـرێ بڵێیـن دەرکـی بـەوە نەکردووە،کـە ئـەو دەقانەی (دیـلان) راسـتەوخۆ بـاس لـە چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتـی دەکـەن. هــەر لێـرەوە دەگەینـە ئـەو راسـتییەی،کە کارکردنـی هەنـدێ لـە رەخنەگرانمـان بـەو دەسـەلاتەی،کە لـە بیـرو بـاوەڕی سیاسـی و ئایدولوژییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، پێش ئەوەی زیانی بـە شـاعیران و بـە دەقە شـیعرییەکانیان گەیاندبـێ زیانـی بـە خـودی رەخنـەی کـوردی گەیاندووە،چونکـە بۆماوەیەکـی زۆر تێروانینـە رەخنەییەکانـی لـە بازنەیەکـی داخـراودا سـووڕاندۆتەوەو رێـگای بـەوە نـەداوە دەرگا لەسـەر رێبـازە رەخنەییەکانـی تربکرێتـەوە .

## ئەنجـــــام

١- داهێنـانو رەخنـە دوو پرۆسـەی تێـک ئـاڵاونو یەکتـر تەواوکـەرن ، بـەو پێیـەی ئەگـەر داهێنـەر گیـان بەخشـی دەق بێـت ئەوا (خوینـەر –شیعردوسـت – شـیعرناس- رەخنەگـر ) بۆخۆیـان نەمـری بەخشـی دەقـی شـیعرین .

٢- سـێبەری (خوینەر- رەخنەگـر) ئامادەبوونـی خـۆی هەیـە لـە پرۆسـەی داهێنانـی شـیعرییدا ،بـەو پێیـەی بڕوابوونـی داهێنـەر بـە سـەرکەوتوویی بەرهەمەکـەی لـە بڕوابوونـی بـە رازیک ردنـی

٣- هـەروەک چـۆن گەلێجـار رەخنـە توانیویەتـی تـۆوی لـە دایـک

بوونـی دەق بـە شـاعیر ببەخشـێ، هەربەوجۆرهـش هەندێجـار توانیویەتـی بەربەسـت بـێ لەبـەردەم لەدایکبوونـی دەقـدا .

٤- دیاردەیەکـی نادروسـتی بەکارهێنانـی دەسـەڵاتی شـاعیر دەسـتکاری کردنـی دەقەکانیەتـی دوای بڵاوکردنەوەیـان بـۆ جـاری دووەمو بـێ ئاگادارکردنـەوەی خوێنـەر لـەو دەسـتکاری کردنـە ، کەبۆخـۆی دیـاردەی چەواشـەکردنی رەخنەگـری لـێ دەکەوێتـەوە .

٥- لەگـەڵ رەنگرشـتنی بزووتنـەوە نوێیەکـەی شـیعری کوردیـدا لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، رەنگیـش بـۆ رێچکـەی رەخنـەی ریالیزمیـش لەلایەن (سـیاپۆش)ەوە رێـژرا و بووشـە رێخۆشـکەرێکی دیـار بـۆ بزووتنـەوە شـیعرییە نوێکـەی ئـەو قۆناغـە .

٦- لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی رابـردوودا بەهـۆی بالادەسـتی رەخنـەی مارکسـییەوە زووربـەی وتـار و لێکۆڵینـەوە رەخنەییەکانمـان روویـان لـە خوێندنـەوەی شـاعیران کـردووە نـەک دەقەکانیـان و بـەردەوام بـە پێـی بیروبـاوەڕی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی شـاعیران، بەهـای دەقەکانیـان دیاریکـردووە نـەک بـە پێـی خـودی دەقـەکان خۆیـان، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی، کـە زۆر دەقـی جـوان بـێ بەهاکرێـن و زۆر دەقـی بـێ بەهـاش جـوان کرێـن.

**پەراوێزەکان :**

١- النقد،اسس النقد الادبی الحدیپ : ٢٦٣

٢-نالی دەڵێ:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فروشم
زورم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم

بڕوانە: دیوانی نالی :٢٨٠

٣-دیوانـی شـیرکۆ بێکـەس، بەرگـی یەکـەم: ٦-٧

٤- پێنـج کاتژمێـر لەگـەڵ ئیبراهیـم ئەحمـەد: ٢٦

٥-البارزاني والحركة التحررية الكردية :٢٣٧

٦-شـیعری سیاسـی کـوردی لـە کرمانجـی خـواروی کوردسـتانی عێراقـدا ١٩٤٥-١٩٥٨ :٧

٧-بروانـە :مدرسـة الكذابيـن فـي روايـة التاريـخ الاسـلامي و تدوينه،هەروەهـا بروانـە : الشـعوبية حركـة مضـادة للاسـلام و الامـة العربيـة، هەروەهـا بروانـە : الشـعوبية: الطيب بـن حمـودة.

٨- گۆڤاری شەفەق ژمارە ١٥

٩- اساس البلاغة : ٦٦

١٠- تاج العروس : ل ١٤٤
١١- شیخ رەزای تالەبانی :٢٥٠
١٢- دیوانی گوران:٤
١٣- شیخ مەحمودی زیندوو ٤٢
١٤- دیلان ٥٨ دیوانی شیعر ١٤٥
١٥-رازی تەنیایی چاپی دووەم:٣٥
١٦- سەرچاوەی پیشوو :٣٦
١٧- سەرچاوەی پیشوو: ٢٣
١٨- سەرچاوەی پیشوو:٥٨
١٩- یادگاری لاوان : ٣٣
٢٠- روژنامەی ژیان ژ ٣٧٦ی٧/ئیلول/١٩٣٣
٢١- سەرچاوەی پیشوو
٢٢- بروانە :چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا هەروەها فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر روشنایی ئەدەبی فارسیدا
٢٣- بروانە :کەمالی و ئەدەبیاتی فارسی، حافز لە شیعری کوردیدا،کورتە بەراوردێ
٢٤ — شعر و ئەدەبیاتی کوردی ،بەرگی دووەم :١٣٣
٢٥- سەرچاوەی پیشوو:١٧٢
٢٦- الواقعية في الادب الكردي: ٨٩
٢٧- سەرچاوەی پیشوو:٨٩-٩٠
٢٨- سەرچاوەی پیشوو:٩٠
٢٩- ستایش و پیاهەڵدان لە شیعری کلاسیکی کوردی دا ل٤٥.
٣٠: الواقعية في الادب الكردي :١١١
٣١- کاروانی شیعری نویی کوردی:٧٠،٧١
٣٢-سەرچاوەی پیشوو:١٩٦
٣٣-سەرچاوەی پیشوو:٢١١
٣٤-سەرچاوەی پیشوو:٢٢٧

**سەرچاوەکان**

**کتێب :**


- پینج کاتژمیر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد،حوسێن محمد عزیز، چاپخانەی باران،سوید ١٩٩٥

-چنینی دەق لە شیعەکانی نالیدا، د.ئاڤان علی میرزا توفیق،بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی— سلیمانی،چاپخانەی کەمال ٢٠١٢ .

-دیلان،محمد ساڵح دیلان،چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٦٩.

- دیوانی شیعر، محمدسالح دیلان، ئامادەکردنو لێکوڵینەوەی عەبدولـلا عەزیز خالد، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا ١٩٨٧.

- شیخ رەزای تاڵەبانی، د.موکەرەم تالەبانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولیر ٢٠٠١.

-دیوانی نالی ،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالكريم و محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کوری زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٦ .

-دیوانی شیرکو بیکەس، بەرگی یەکەم ١٩٦٨-١٩٨٠ ،کوردستان ٢٠٠٦ .

- دیوانی شیخ رەزا :

- دیوانی گۆران، محمدی مەلاکەریم کۆی کردووەتەوەو ئامادەی کردووە،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

-رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی،چاپی دووەم، چاپخانەی زانکوی سەلاحەدین ١٩٨٤.
-شیخ مەحمودی زیندوو، محمد سالح دیلان، چاپخانەی تەمەدوون بەغدا،١٩٥٨.
- کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمەحەمەئەمین قادر(کاکەی فەلاح) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بغداد ١٩٧٨.
-کەمالی و ئەدەبیاتی فارسی، دکتور محمدنوری عارف،چاپخانەی وەزارەتی روشنبیری هەولێر ١٩٩٩.
-فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر رۆشنایی ئەدەبی فارسیدا،د.ئاڤان علی میرزا توفیق، ٢٠١٣.
-البارزاني والحركة التحررية الكردي وثورة بارزان ١٩٤٥-١٩٥٨ ،مسعود البارزاني ، كردستان، ١٩٨٧.
-تاج العروس من جواهر القاموس:الزبيدي، تحقيق عبدالستار احمد ١٩٦٥ .
-اساس البلاغة الزمخشري تحقيق محمد باسل عيون السود ٥٠٩/١ لبنان بيروت.
-الاسس النفسية للابداع الفني الدكتور مصطفى سويف دار المعارف بمصر الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٥٩.
- الزندقة و الشعوبية في العصر العباسي الاول،حسين عطوان، دار الجيل للطبع و النشر ١٩٩٠
- الشعوبيه حركه مجاده للاسلام و الامه العربيه ، عبدالله سلوم السامرائی ٢٠١٣
-مدرسة الكذابين في رواية التاريخ الاسلامي و تدوينه،خالد كبير علال،دار البلاغ، الجزائر ٢٠٠٣
- النقد،اسس النقد الادبي الحديث ترجمة السيدة هيفاء هاشم الجزء الاول، دمشق ١٩٦٦.
- الواقعية في الادب الكردي الدكتور عزالدين رسول، صيدا -بيروت ١٩٦٦.

**رۆژنامەو گوڤار:**

- رۆژنامەی ژیان ژمارە ٣٧٦ی ٧/ ئەیلول/ ١٩٣٣.
- حافز لە شعری کوردیدا دکتۆر ئەمین علی موتابچی، بەرگی بیستەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق بەغدا ١٩٨٩ .
- ستایش و پیاهەڵدان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،دڵشاد عەلی،گۆڤاری بەیان، ژمارە ٧٦ کانونی دووەمی ١٩٨٢.
- شیعری سیاسی کوردی لە کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا ١٩٤٥-١٩٥٨، گوڤاری زانکوی سەلاحەددین ژمارە (١٠) حوزەیرانی ٢٠٠٠
- گوڤاری شەفەق ژمارە ١٥، مارف بەرزنجی .
- گوڤاری گەلاویژ ژمارە ٦،٥ ١٩٤١.
- کورتەبەراوردی، دکتۆر ئەمین علی موتابچی، بەرگی بیستەم، گوڤاری کۆڕی زانیاری عیراق بەغدا ١٩٨٩
- یادگاری لاوان،چاپخانەی کرخ ١٩٣٣.

**سایتی ئەلیکترۆنی :**

- الشعوبية ، الطيب بن حمودة ٢٠١٠/٦/٢٩
www.ahewar.org/debat/show.art

# زیندەخەون لە کورتەڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا

(٢ - ٢)




پ.ی.د. ئازاد محەمەد سەعید

لەخەودا برسی بوون بە هەرشتێک لە واقیعدا واتا لە خەوندا بە کەمێک گۆڕانکارییەوە دەبێت، وەکو سادیزمێک مێیەکە بە برسی کردنیی نێرەکە ئازاری دەدات، جگە لەوەی خواردنی پێنادات شەڕێکی دەروونی سەختی لەگەڵدا دەکات.» پاکیز بە پیاوەکەی گووت:»تۆ دڕندەترین جاڵجاڵۆکەی... لەسەرخۆ وبە فیزی شاژنێکی هەوەسبازەوە لەمن نزیک بوویتەوە..چاوانت پڕ بوون لە قەهر وشەهوەت..وتت:» هەوەست هەیە؟ لەوە دەچێ حەز بە ڕامووسانێک بکەی؟ «...ئەو بۆنەت بڵاوکردەوە کە شێتی شەهوەتێکی دەکردم...» خۆت ئامادە بکە.. ئەمشەو کۆتایی نایە..!» (حەسەن، ٢٠٠٥:

٣٥٩) بۆ ڕاموسان مێیینە دەیان ڕێگا بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە شەهوەت ولەزەتی سێکسی وهەوەس درێژە بکێشێت، هەروەها نێرینە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی مێینە دەیان ڕێگای خۆکردەیی وناخۆکردەیی وخۆدەرخستن وبڵاوکردنەوەی بۆن و.. هتد بەکاردەهێنن. «لەوە نەدەچوو خوێنێکی گەشتر لەوەی کە مژی بووت لە لەشمدا مابێ..بە سکاڵای ژنێکەوە،کە لەسەر ئاو و ئاگر بێ دەتوت: بۆ زەوقت نییە؟ کەی تۆ ئەوەندە سارد بووی؟ دە هەستەوە.. دەزانم عەزرەتی وتامەزرۆ بوون سڕی کردوویت، هەر ئێستا وادەکەم خوێنت گەرم دابێ وقوڵپ بدات..کەف بچڕێ..جار جارە دەمت دەکردەوە وهەموو سەرو کەللەی منت دەخستە ناودەمی خۆت» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٦٠-٣٦١)خوێنی جەستەی نێرینەکەی دەمژێت و لەگەڵ کەمبوونەوەی خوێن مرۆڤ سەرمای دەبێت، کەچی بۆ گەیشتن بە ترۆپکی هەوەس بە تایبەتی لای (پاکیز) دەیان تانە وتەشەر لە پیاوەکەی دەدات.»دە عەیبە داوەشێی.. چۆن وا دەڵێی؟ من ئەو هەموو غەریمەم کوشت تاتۆ هی خۆم بیت.. دە تۆ هەستەوە و سەیرکە.. بزانە خۆشەویستی من چ قەسابخانەیەکی جوانی دروست کردووە..» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٦١) مێینەکە جگە لە ئازاردانی نێرینەکە، لەدوای کوشتنی مێیینە و نێرینەی جاڵجاڵۆکەکانی دیکە و دامرکاندنەوەی حەزە شەهوانییەکان و سادییەکان پیاوەکەی قەرزداربارى دەکات و شەرمەزاری دەکات. «چەندین تەونی ورد چنراو لەناویەکدا کەمەحاڵ بوو من کەلێنێک بۆ دەرباز بوونم بدۆزمەوە، زیندانێکی خاوێن کەتۆ ناوت نابوو» خانۆچکەی خەونەکان» یان «بەهەشتی چکۆلەمان» وەلێ من ناوم نا بوو»قوتووی تەقەت»یان گۆڕستانی ڕاز و نهێنییەکان، هەر دەتوت قەڵایەکە و هەر دەروازەیەکی سەد قفڵ وکلیلی شاراوەی هەیە« (حەسەن،٢٠٠٥ : ٣٦٢) ئەوشوێنەی،کە (پاکیز) بۆ پیاوەکەی دروستی کردبوو زیاتر بۆ ئەوە بوو توندوتۆڵ زیندانی بکات نەوەک جاڵجاڵۆکە مێیینەکان توخنی بکەون، چونکە غیرەیانی لێدەکرد، چەندین ناوی

خـۆش وناخۆشـیان لەشـوێنەکە نابـوو، زۆرجـار نێـرەو مێیـەی مـرۆڤ وبوونـەوەرەکان لەکاتـی غیرەکـردن بەیەکتـری لەیـەک دەچن.»هەندێـک شـەوکە حـەزم لـە پیاسـە بووایـە پێتدەوتـم: شـەوەوعاقڵ بـە، بـا نەجوڵێیـن ئەگینـا زیندەوەرێکـی دیکـە دەمانخـوات وتێـدا دەچیـن، خـۆ تـۆ بخـوات ومـن بمێنـم.. بـە وەڵڵاهـی بەسـک دەدەم ودەمـرم، لـەو شـەوانەدا مۆرانـەی نێـرت بـۆ ڕاوەدەکـردم .. لـە ژوورەوەی ماڵەکەمـان دەزوویەکـت دەچنی...دیسـانەوە فێڵەکـەت بـەوە تەواودەکـرد، کـە مۆرانەیەکـی مێیـەت ڕاوەدەکـردو لەوسـەری دەزووەکـە دەتکـرد بـە چەشـە تاوەکـو نێـرەکان بێـن بۆنـی بکـەن، خـۆت دەتزانـی چـی دەکەیت» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٦٧)هـەر لـەو خەونـەدا لەنـاو تـۆڕی جاڵجاڵۆکـە نێرەکـەدا مۆرانەیەکـی بـە حیسـاب نێـری ڕاوەدەکـرد وبـە دەزوویـەک هەڵیدەواسـی بـۆ ئـەوەی بیخـوات، بـۆ خـۆی مۆرانەیەکی مێیـەی ڕاوەدەکرد بۆ ئـەوەی جاڵجاڵۆکـە نێـرەکان دەورەی لێبـدەن کـە خـۆی دەزانێـت مەبەسـتی چییـە؟ «تـۆ خەیاڵـت بخەگـەڕو واز لـەوە بێنـە، کـە هەردووکمـان جاڵجاڵۆکەین..دەکرێ هـەر بـە خەیاڵ خـۆت بـە زاوا بزانـی ومنیـش بـە بووک..!مـن دەموت:»نەء..نـەء..وا نییە..مـن لـە زیندانـی دەچـم و تـۆش پاسـەوان، مـن قوربانـی و ئەتـۆش جەللاد..مـن نێچیـر و تـۆش ڕاوکەر..» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٧١) لـەو زیندەخەونـەدا (پاکیـز) وێـڕای ئـەوەی، کـە پیاوەکـەی لـە قەفەسـی هـەودا بەندکردبوو، بـەڵام هـەر خۆی بە بـوک و پیاوەکـەی بـە زاوا دەزانـی کەچـی پیاوەکـەی خـۆی بـە قوربانـی و ژنەکـەی بـە جەلـلاد دەزانی.»لـەو دۆڵانـەوە تـا نـاو هەناوتـم دەدی، دەرەوە ساردو ئەوێش گـەرم، جاروبار دەبوویتـەوە بەخـۆت، جاروباریـش نیـوەژن ونیوەشـت جاڵجاڵۆکـە، لـە نـاکاو ون دەبوویت وبەرگێکـی دیکـەت دەپۆشی» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٧٣) جـۆرە بوونەوەرێـک بـوو نیـوە ژن و نیـوە جاڵجاڵۆکـە لەجـۆری کەسـێتی نیمچـە سەروسروشـتی و فانتازیایـە، لـە کاتێکـدا ڕووی لـەدەرەوە بووایـە سـەرمای دەبـوو، ئەگـەر لـە هەنـاوی بووایـە گەرمـای دەبـوو ، وەکـو

کەسێتیەکی ئاسایی. «شانازیت دەکرد، کە تۆ چەندە ئازاو بێشەرم و خۆڕاگریت، منیش چەندە ترسنۆک وشەرمن و لێوەلەرزە دەتوت تۆڵەی هەموو مێینەکانی دونیا لە من دەکەیتەوە، وەک ئەوەی من نوێنەری هەر هەموو نێرینەکانی سەر زەمین بم» ( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٧٦) هەر لەخەودا پاکیز بە نوێنەرایەتی گشت مێیینەکان تۆڵە لە پیاوەکەی دەکاتەوە لەبری گشت نێرینەکان، ئەوەی لەخەوندا دەیبینێت دواتر لەبەئاگایی و لەکاتی جوتبووندا پەیڕەوی دەکات و باڵادەستی خۆی دەنوێنێت، ئەو ئاکارەی نێرە یان مێیە هەیەتی بەشێوەیەکی خۆنەکردە لەکاتی زیندەخەوندا بەبێ ویستی خۆی دەریدەبڕێت. «تەونی هەزارەها هەودای ڕەنگاو ڕەنگەوە تا دەهات گەمارۆی دەدام، زانیم تازە مەحاڵە، کەوتمە نێوان زستانی خۆم وهاوینی تۆ، نە عیشقت لەتەک مندا دەکردو نەجەنگت بەرپا دەکرد» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٧٧) ئازاردانێکی هێواش وجەرگبڕ بێ ئەوەی ڕاگەیاندرابێت لەپێناوی


شێرزاد حەسەن

بەدەستهێنانی لەزەت. «تۆ منت هەڵدەلووشی وگرێ بە گرێ قوتت دەدام و من بێ باکبووم لەوەی لەباوەشتا دەمرم، وەی لەو تونێلە درێژ و تاریکەی ناو لەشی تۆ، کە نازانم چەند ڕۆژ و شەوی ویست تا پیایدا تێپەڕیم، تاریکییەکی چڕو میهرەبان لە کۆتایی ئەو دۆڵانەی تۆدا بانگی دەکردم، بە چەند قەپ و پاش چەند ماچ و موچڕکەو تەکان کەوتمە ناو هەناوت» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨١) دیارە کۆئەندامی زاوزێی مێینە بۆ شیردەرەکان بۆ مانەوەی کۆرپەڵەیە، هەر ئەو کۆئەندامە لە

بوونەوەرێـک بـۆ بوونەوەرێکـی دیکـە لـەڕووی گـەورەو بچوکـی و درێژیـی و کورتـی جیاوازە،تونێلـی درێـژ وتاریـک، مەبەسـت لـە کەناڵـی فالوتـی کۆئەندامی زاوزێـی مێینەیە،لـەدوای جوتبوونـی تـۆی پیـاو و هێلکـەی ژن، سـپێرمە هـەرە چالاکەکەیـان لـە هێلکەدانـدا دەگیرسـێتەوە و پرۆسـەی پیتێـن ڕوودەدات، لەڕووی زانستییەوە سپێرمی نێـرە بەچەندیـن جووڵـەی سـەیر لەنـاو منداڵدانـی مێیـە مەلـە دەکات تاوەکـو دەگاتـە هێلکەیـەک، دیـواری هێلکەکـە دەبڕێـت و ئینجـا پیتانـدن ڕوودەدات. «مـن هێشـتا لـە هەناوتـا بـووم کـە لـە درزە زۆرەکانـی هـەردوولای سـکتەوە شـتی سـەیرم دەدی..بـە چاوانـی غەریبیـش بـێ دەمـدی: ئەوهێلکانـەی لـە تـۆوی مـن وتـۆ دەڕسـکان..یەکە یەکـە دەتـروکان، بێچووە جاڵجاڵۆکـەی ڕەنگاوڕەنـگ دەهاتنە دەرێ» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٨٢) زینـدە خەونـی ئەرێنییـە نزیکـە لەڕاسـتیی بەشـێک لـە هەسـتەکانی لـەکاردان، لەکاتـی هەڵلوشـینی لەنێـوان حـەوزی منداڵـدان و هێلکەدانـدا لەبەرچـاوی نێرینـە قـوت دراوەکـە، تـۆ و هێلکـەکان دەتـروکان و جاڵجاڵۆکـەی بچـووک پەرشـوبڵاو دەبوونـەوە. «سـەیرە سـاتی مردنـم لەنـاو تـۆدا جارێکـی دیکـە وەک مـرۆڤ خـۆم بینییەوە...مـن گلەیـی ئـەوەم لێدەکـردی کـە تـۆ بۆچـی منـت خـوارد، تـۆش بـە میهـرەوە هەوڵتـدەدا لـەو خەونـە و خەیـاڵ و وڕێنانـە پاشـگەزم بکەیتـەوە، دەتـوت: ئـەوە نییـە وایـت لەتەکمـا، زرپ وزینـدووی... دەمویسـت واتلێبکـەم هەسـت بەگوناهـ بکـەی کـە لـە خەونێکـی وا چەپەڵـدا دڵـت هـات مـن بکوژیـت، هـەر بەنـاوی عەشـقەوە لەنـاوم بەریـت» ( حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٨٥)پاکیـز بـۆ پیاوەکەی دەسـەلمێنێت ئـەوەی دەیبینێـت زیندەخەونـە! ئـەدی ئـەوە نییـە لەتەکییەتـی؟ پرسـیار لـە (پاکیز) دەکات، کە بۆچی خواردوویەتی کەچـی لـە وەڵامـدا هەروەکـو ئـەوەی هـەر خەونـی نەدیبێـت وایـە. «کەچـی منـی مرومـۆچ گلەییـم دەکـرد، کـە نەدەکـرا فێڵـم لێبکەیـت و لـە ترۆپکـی لـەززەت وخۆشـی و دەسـتلەملانێدا مـن فریـو بدەیـت و بـە ئێسـکو پروسـکەوە قووتـم بدەی» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٨٥) هـەر وەکـو لـە خەونـی جاڵجاڵۆکەکانـدا هاتـووە لـە کاتـی لوتکـەی شـەهوەت و

توڤلێت

# خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن

شێرزاد حەسەن



لەزەتدا مێینەکە نێرینەکە قوت دەدات و ناهێڵێت خۆشی لە حەزەکانی ببینێت. «هێشتا لەسەر جێگاکە ڕاکشابووم و وەئاگابووم، لەخەونەکە ڕاچەنیبووم، کەچی لەژێر پەتۆکەوە، هەربەدەم قسەوە، دەستم لەقاچەکانم دەدا، درێژوباریک وتووکن، هەر دەتوت قاچەکانی جاڵجاڵۆکەن، هێشتا لە نێوان خەون و بێداریدا بووم، کە بە هەردووچاوی خۆم، دێڕێ دەمارە زۆر باریک وردەشەکانی سەر هەردوو دەست و قاچەکانی خۆم دەبینی» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٨٦ ) لەم خەونەدا لەدوای بە ئاگا هاتنەوەی هێشتا هەر لە زیندەخەونە دەست بۆ قاچەکانی دەبات بزانێت جاڵجاڵۆکەیە یان مرۆڤە؟ یەکێک لەخەسڵەتەکانی زیندەخەون زۆرجار خەوبین خۆی تاقیدەکاتەوە بزانی بەئاگایە یان خەونە؟ «دەمویست بۆ یەکجار ودواجار ئەو من دڵنیا بکات کە ئەوەی بەیەکەوە دەیبینین خەون نییە..لەناکاو وەک شێت هەستایەوە سەرپێ و خۆی لە جاڵجاڵۆکە داباریوەکانی سەربان دەپاراست... سەمای ناو خەونەکەی بیرهێنامەوە، یان هەردووکمان هێشتا دەنێو ئەوخەونەدا بووین، یان لاسایی خەونەکەی دەکردەوە، یان لە ترسی خەونەکە حەجمانی لەبەر بڕاوەو ئەمجارەیان هەر بە ڕاستی بارینی ئەو هەموو جاڵجاڵۆکەیە شێتیان کردووە» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٩٤) لەم زیندە خەونەدا پاکیز پیاوەکەی دڵنیا دەکاتەوە کە ئەوەی دەیبینن خەون

نییە. «لەوە دەچوو بمرم، خۆزگەم دەخواست کە ئەم کارەساتەی دواییان مۆتەکە بێ و لێی ڕاست ببمەوە، خەونێکی جڕناو فڕنا بێ نەک شەوێکی شوومی ڕاستەقینە کە منی تیا گیرۆدە دەبووم...دەستم بەر دیوارە لینجەکان دەکەوت، کە گڕیان لێدەبۆوە...هەزارجار خۆم بەخۆمم دەوت، کە ئەوە خەونەو هەردەبێ من لێی وەئاگابێم..کەچی بێ هودەبوو..من دەخنکام.. دەتوامەوە.. دەمردم.. کەچی هەر وەئاگا نەدەهاتم» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٩٩ ) زیندەخەونە لەکاتی ئەوەی لەناو هەناوی جاڵجاڵۆکە مێیەکەدایە لەجۆری زیندەخەونی دڕۆیە. .»ئەگەر مردن و ئەگەر نووستن، گەر وڕێنەی نەخۆشی بێ یان هی سەرەمەرگ، گەر ئەم دەنگە دادی ڕۆحی هیلاک و پەژمووردەیی خۆم بێ یان دوادوای کەسێکی تر. کە من وام دەنێو هەناویدا..یان ڕاشکاو لە تەکیدا.. ئەودەنگەیە بە کوڵێ میهرەوە... هێدی هێدی هێور ببمەوە واز لەخۆم بێنم..چیتر نەمەوێ خۆ لەو گێژاوە.. لەو مەرگە ساتە قوتاربکەم.. ناچاربووم،کە بمرم..کە بنووم..کە بمرم..کە بنووم..» (حەسەن،٢٠٠٥: ٤٠٠-٤٠١) زۆربەی جۆرەکانی خەون لە کورتەڕۆمانی «خەونی جاڵجاڵۆکەکان»ی «شێرزاد حەسەن» دا بەدیدەکرێت، تیایاندا «زیندەخەون» بەشی شێری بەردەکەوێت لە خەونەکاندا.

**بەشی دووەم: تەوەری دووەم:** جۆرەکانی دیکەی خەون لە کورتە ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)دا.

هەشت جۆر خەون لە بەشی یەکەمدا دەستنیشانکران، لەبەشی دووەم تەوەری یەکەمدا باس لە هەردوو جۆرەکەی زیندەخەون لە کورتەڕۆمانەکەدا کرا، کە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەیە،لەم تەوەرەیەدا بە کورتی باس لە حەوت جۆرەکەی دیکە لەکورتە ڕۆمانەکەدا دەکرێت.

«ڕۆژێکیان نەنکی پێیدەڵێت: «تەواو ڕۆڵەکەم دەنگت گڕیووە و شەیتانی بوویت.. تەواو لەو ڕۆوە بە هەزارەها فەرسەخ لەخواوە دوور دەکەویتەوە و لە شەیتان نزیکتر دەبیتەوە. هەموو هەواو هەوەس و خەیاڵ و ختوورەیەکی خەراپ لەدڵتدا گوناهێکە، کە بە

سەدساڵ سووتان لەناو ئاگردا پاکنابیتەوە،تەنها نەزەرێکی حەرامت بۆ کچە دراوسێیەک گۆڕەکەت پڕ دەکات لە مار و دووپشک..دەتنێرمە لای مەلا یونس و با قورئانەکەت پێ تەواوبکات، نوێژەکانت مەفەوتێنە و ڕەمەزان بە ڕۆژوو بە» (حەسەن،٢٠٠٥: ٣٢٦-٣٢٧). لەڕاستیدا خوێندنەوەو فێربوونی قورئان کارێکی باشە، بەڵام دیارە قسە بە ناو ئامۆژگارییەکانی نەنکی تووشی زۆر دەردەسەری و نەخۆشی دەروونی دەکات، لەڕاستیدا نەنکی ئەگەر چی کە بەتەمەنە، بەڵام بە ئامۆژگارییە سەقەتەکانی دنیای لێدەکاتە دۆزەخ. هەموو هەڵسو کەوتوو ئامۆژگارییە ترسناکەکانی نەنکی وایلێکردبوو گوناهی یەکەم وشتە حەرامەکان بەهەند وەربگرێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا. «ئەشکەوتە تاریکەکانی ناورۆحی مرۆڤم بۆ ڕووناک بکاتەوە، وەڵامێکم بداتەوە..کە من بۆ خۆم هەرگیز بەتەنها وەڵامێک دڵم ئاوی نەدەخواردەوە، ئەوخولیایە لەگەڵما گەورە بوو..دوای حەزێکی زۆر شەرمنانەو زەماوەندیش..ئەوحەزو خولیایەم گەورەو کوشندەتر بوو.. تا دواجار لەناوخەونێکی خۆمدا ون بووم کەمن بەدوا خەون وشاخەونی خۆمی دەزانم..ڕاسترە بڵێم خەون نەبوو..ئەوخودی گەمەی نێوان ژیان ومەرگ بوو» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٩)ئەو ترسەی کە نەنکی وژینگەی خانەوادەکەی گەورەیانکرد هاوشان بوو لەگەڵ گەورە بوونی ترس وحەرامەکان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا.»من تەنها بۆ ئەوە ئەو خەونە دەگێڕمەوە، چونکە ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت... تا ئێستاکەش من لەژێر جەبری ئەو خولیایە دەژیم کەنەفرەتی دونیاو قیامەتی بۆ هێنام، من گەرەکمە لەم خەونە ڕەشە دەرچم چونکە خۆزگەمە خەونی دیکە ببینم...بۆ یەکەمجار کەلە خەونەکە ڕاپەڕیم لەدوای هاوارێکی ناقۆڵاوبێنەو بەردەیەکی زۆر خەونەکەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە« ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٩-٣٣٠) بەشێکی خەونەکانی لەجۆری دووبارە بووەوە بوو، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی داب ونەریت وترس، شتە بڤە وحەرامەکان لەگەڵیدا هەڵدەکشان وگەورەتر دەبوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا

خەمەکانی زۆرترو گەورەتر دەبوون، زۆرجار کتێب وخەونەکانی لەپاکیزەی هاوسەری دەشاردەوە، چونکە (پاکیز) هەستی بە هەڵسوکەوتە سەیرەکانی دەکرد، هەوڵیدەدا ڕێگای لێبگرێت و زۆرجار دەبووە دەمەقاڵێیان. زۆرجاران خەونەکانم دەبوونە چاوساغم و تەواو دڵنیا دەبووم،کەڕۆژی دواتر چ سەودایەک لەتەک دۆست ودوژمنەکانمدا بکەم... بەکام ڕێگادا سەفەری دوورو نزیکم بکەم ، کێ بدوێنم و کێ فەرامۆش بکەم « (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢) لە جۆری خەونی بزاوتنە،هەندێک جار خەونەکانی دەبن بە ڕێنیشاندەرێک بۆ ژیانی رۆژانە وداهاتووی، کاتێک خەونێک دەبینێت هەوڵدەدات بە پێی خەونە بینراوەکە هەڵسوکەوت بکات، بۆئەوەی بگات بەو ئامانجەی کە لە خەونەکەدا بینیویەتی.

لە خەونەکانییدا بەردەوام شۆخێکی لەگەڵدا بوو بۆ هەزاران شەو هەروەکو خۆی وەعدی پێداوە،ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی خەون،کە پێی دەوترێت «خەونی دووبارە بووەوە»لە خەونەکانیدا هاوینی بارانە و زستانی خۆرستان و دژ بەیەکن، لەگەل دار و درەختدا قسە دەکات ئەوان حەکایەتی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە هەر یەکە بە زمانی خۆی، نووسەر لە لاپەڕە (٣٢٤)دا دەڵێت:»خەونەکانم هەرگیز لەیەک ناچن» کەچی لە لاپەڕە (٣٢٥) دا دەڵێت:» ئەوخەونەی،کە بۆ سەدەها شەوی دواتر لە ژیانما، دووبارە و سەدبارە بۆتەوە«.

کاریگەری خەونە ناخۆشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوحیکایەتانەی،کە نەنکی لەسەردەمی منداڵیدا، کە گوایە بۆ کات بەسەر بردن یان ئامۆژگاری بۆی دەگێڕایەوە»لەبری گوناحەکانی فریشتەکانی دۆزەخ تێی دەسرەوێنن هەزارانجار هەلاهەلای دەکەن و نامرێت، ملیۆنەها مێروولەی ئاگر کۆی دەکەنەوەو جارێکی تر دەبێتەوە بەخۆی،نەنکی ترس و تۆقانێکی زۆر مەترسیداری لە دڵ ودەروونیدا دەچاند، کە لە حەکایەتەکانیدا باس لە ئاگر و گەرمای دۆزەخ و جەهەننەمی پارچە پارچە دەبێت و دواتر مێروولەکان کۆیدەکەنەوە

دەبێتــەوە بــە خــۆی وەکــو قەقنــەس لــە دوای ســووتانی لــە خۆڵەمێشــی خــۆی دروستدەبێتەوە« (حەســەن ، ٢٠٠٥: ٣٢٥ )کابوســە،خەونی بێزارکــەر مــرۆڤ توشــی ڕاڕایــی و تــرس دەکات. «هەرگیــز حــەزم نەکــردووە خەونەکانــی خــۆم شــیبکەمەوە،چونکە بــڕوام وایــە نــە لای (فرۆیــد) ونــە لای (یۆنــگ) و نــە لای(ئیبــن ســیرین) مانایــەک بــۆ ئەوخەونــە عەنتیکــەو هیچانــەی مــن نییــە، زۆر زەحمــەت بــوو بــاس لــەو هەمــوو خەونــە ســەیروجوان و ترســناکانەی خــۆم بــۆ کەســانی دەورووبــەرم بکەم،خەونــی واهەبــوو ئەوەنــدە شــەرمەندەی دەکــردم، کــە ئارەقــە بــە بــەرد بــکات، ئیتــر شــەوانی مــن پــڕ بــوو لــە ســیحرو جوانــی و تــرس وشەرم» (حەســەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢) بەشــێک لــە خەونەکانــی وەســف دەکات و شــیدەکاتەوە کەرســتەو بابەتەکانــی لەســەر زەویــدا یــان لەئــەرزی واقیعــدا دەســت ناکەوێــت یــان بوونــی نییــە، هەندێــک لــە خەونەکانــی بــە زانــا دەروونزانــە بــە تواناکانــی جیهانــی شــیناکرێنەوە. نووســەر بەشــێک لــە خەونەکانــی بــە شــەرمەندە ئەژمــار دەکات،زۆرجــار مــرۆڤ خەونــی نەشــیاوبە کەســە نزیکەکانــی دەبینێت.»لــەدوای خوێندنــەوەی هیــگل و کانــت و دێکارت..لــەدوای خوێندنەوەی هــەر هەمــوو ڕۆمانەکانــی دستۆیڤیســکی و کافــکا و مارکیز..لەپــاش خوێندنــەوەی چــی وچــی.. کۆتایــی خوێندنەوەکانــی بەوەبێنــێ: بزانــێ کرمــی ئاوریشــمین و مێــش و کەمتیــار و مشــک و سیســارکە کەچــەڵ و ســیخوڕ و مەیمــوون چــۆن چۆنــی جــووت دەبــن و زاوزێ دەکەن.» (حەســەن، ٢٠٠٥ :٣٣٢-٣٣٣) دواتــر دەســتدەکات بــە خوێندنــەوەی کتێــب و خوێندنــەوەی ڕۆمانــەکان لــە دیدی پاکیــزەوە پیاوەکــەی متمانــەی لە دەســتداوەو بــاوەڕی پێنــاکات، شــەوان بــەر لەبــاوەش بەیەکداگرتــن باســی پەیوەنــدی سێکســی نێــوان زینــدەوەرو پەلــەوەر و گیانەورانــی بــۆ دەکــرد، (پاکیــزە) زۆر بــەم هەڵســوکەوتانە تــوڕە دەبــوو، لــە خــەو ڕادەچەنــی و خــەوی دەزڕا و ناچــار دەبــوو گوێــی بــۆ ڕادێرێــت، دیســانەوە بــە هــۆی قســە بێســەروبەرەکانی پاکیــزەی خێزانــی تــوڕە دەبــوو، جارێکــی دیکــە وەعــدی لێوەردەگــرت، کــە ئەمجــۆرە

قسـانە نەکات،بـەڵام گرگـرِ دیسـانەوە دەهاتـەوە سـەر هەمـان بـاس، تـاوای لێهاتبـوو بـە دزی پاکیـزەوە کتێبـە حەرامەکانـی دەخوێنـدەوە، لـەدوای خەتمکردنـی قورئـان دەسـتدەکات بـە خوێندنـەوەی ئـەو کتێبانـەی، کـە بڕوایـان بـە بەهەشـت و دۆزەخ نییـە؟ ئەمـە دەرگایەکـی فراوانـی لەپێشـدا دەکاتـەوە، کتێبـی دەیـان کۆمەڵنـاس و دەروونـزان و فەیلەسـوف بخوێنێتـەوە و تووشـی جۆرێـک لـە سـەر لێشـێواوی بێـت بەهـۆی بیروبـاوەڕی جیـاوازی بیرمەندەکانـەوە، بیرمەنـدەکان هەریـەک لـە بوارێـک و گۆشـەنیگایەکی جیـاوازەوە سـەیری هـەر بابەتێـک دەکـەن، چ جـای ئـەوەی کەسـێکی سـادە وسـاکار لـە نێـوان ئـەو هەمـوو بیـرو بۆچوونـە جیاوازانـەدا نقـوم بێـت و لـەو دونیـا جەنجاڵـەدا سـەرەدەر بـکات؟

نووسـەر لـەو کورتـە ڕۆمانـەدا بەنـاوی کەسـی یەکەمی تاکـەوە دەڵێت:»هەر لە منداڵیمـەوە لـە جاڵجاڵۆکـە و مارمێلکـە ترسـاوم، ئاخـر بـە سـەدەها مارمێلکـەم بینیـوە بەسـەر دیوارەکانـدا هەڵگـەڕاوە، جـار هەبووە،تەپ،کەوتۆتـە ناوقاپـی نسـکێنە و شلەسـاوار،بە سـەدەها جاڵجاڵۆکەشـم بینیـوە، کـە بـە بنمێچەکانـەوە خۆیـان هەڵواسـیوە، لـە ماڵـی خۆمـان و ماڵـی کەسـوکارو دراوسـێ، هـەژاری واتـا ژیـان لەگـەڵ مـارو مێروو..زیاتـر لـە هەمـوو شـتێک جاڵجاڵۆکـەکان زەندەقیـان دەبـردم» (حەسـەن، ٢٠٠٥، ٣٢٥) بـەردەوام لـە وڕێنـەی مارمێلکـەو جاڵجاڵۆکـەدا بـوو لـە خـەودا لەسـەر نانخواردنـدا بیروهۆشـی لای ئەوزیندەوەرانـە بـوو و زۆر لێیـان دەترسـا، ببوونـە مۆتەکەیـەک لەسـەر ڕۆحیـدا، حـەزی بـە نهێنـی جووتبـوون و حـەزی مێینـە بـە تایبەتـی لـە جاڵجاڵۆکـەدا ڕەفتـاری غەریـزەی سێکسـی و چەپاندنـی لای بوونەوەرەکانـدا هەوەسـی زۆر لای (پاکیـز) دروسـت دەکات.»لـەدوای خوێندنـەوەی هەمـوو بەرگەکانـی جەنگـی یەکـەم و دووەمـی جیهانـی.. لـەدوای خوێندنـەوەی هیـگل و کانـت و دیکارت..لـەدوای خوێندنـەوەی هـەر هەمـوو رۆمانەکانـی دۆستۆیڤسـکی و کافـکا و مارکیـز.. لەپـاش خوێندنـەوەی چـی وچـی.. کۆتایـی خوێندنەوەکانـی بـەوە بێنـێ: بزانـێ کرمـی ئاوریشـمین و مێـش و کەمتیـار و مشـک و سیسـارکە

کەچەڵ و سیخوڕ و مەیمون چۆن چۆنی جووت دەبن و زاوزێ دەکەن. « (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٢-٣٣٣) حەز و ئارەزووی لەڕاددە بەدەری هەبوو لە شارەزابوون لە زانینی نهێنییەکانی غەریزە و حەزی زیندەوەر و ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان. «وەلێ ئەوەیان درێژەی نەخایاند، لەو شەوەوەی کە خۆم لەو خەونە ناخۆشە راپەڕیم و زەندەقی ئەوم برد، لە دوای ئەو مۆتەکەیە ژینی من خۆی بۆتە خەونێکی ناخۆش لێی وەئاگا نایەم.. خەوزڕانێکی ئەبەدی» ( حەسەن ،٢٠٠٥: ٣٣٣) خەونی بێزارکەرە یان کابووسە، لە دوای ئەوەی پەیمان بە «پاکیز»ی هاوژینی دەدات، کە چیتر لەو جۆرە کتێبانە نەخوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت پەیمانەکە بباتە سەر بە دزییەوە کتێبەکان دەخوێنێتەوەو لەزەت لە خوێندنەوە نهێنی جووتبوونی بوونەوەرەکان دەبینێت تا دەگاتە ئەوحاڵەتەی، کە خەون دەبینێت،کە هەردووکیان بوون بە جاڵجاڵۆکە. «هاوارت دەکرد:ئاخر ئەو دەڵە قۆڕانەی دەرودراوسێ فریای زاوزێ ناکەون، نەوەی زۆریان ناوەتەوە، گەر نێرومێیان نەخۆم ماڵەکەمان داگیردەکەن و من وتۆش دەخۆن، تۆ نایاننناسی، دەبا من وتۆش خەریک بین، تێناگەم بۆچی تۆ بەدەر لە هەموویان ئەوەندە نەزۆکی و بێتام سستی، ئاخر من بە تەنیا ئەم ماڵەم پێناپارێزرێت» ( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٩٠ ). خەونی بزاوتنە، لەخەودا ئیرەیی بە دراوسێکان دەبات کە زۆر زاوزێدەکەن، گلەیی لە پیاوەکەی دەکات، کە چەندە ساردە لەکاری سێکسیدا. «شوێنەکەم دەبوو بە بیرێکی قووڵ و پڕ ئاو کە لەوەدا بوومنی مەلە نەزان تیایدا بخنکێم...تۆ لەسەرەو سەرت شۆڕ دەکردەوەو قاقا پێدەکەنیت،من لەخوارەوە دەگریام وهاوارم دەکرد: دەرم بێنە...لە تاو ترسی خۆم لەو خەوە وەئاگا دەهاتم و دەکەوتمە ناوخەونێکی دیکە، خۆم دەبینییەوە وام لە ژوورێکی بنمێچ بڵندوچکۆلەدا تەنرابوون لەبەر زۆری جاڵجاڵۆکە نەمدەزانی پێییەکانم لە کوێ دابنێم « ( حەسەن،٢٠٠٥: ٣٩١ )هورم یان خەونی ناوخەونە، لەکابوسەوە بۆ خەونێکی دیکە دەچێت، کە ئەویش هەر خەونی کابوسە بە هۆی زۆری

**جاڵجاڵۆکـە شـوێن پێـی نەمـاوە لەسـەری بوەسـتێت.**

**ئەنجـــــام**

**١- نووسـەر زانسـتی توێکاری جەستەی مـرۆڤ، بەتایبەتـی کۆئەندامـی زاوزێـی جەسـتەی مێیینـەی زانسـتیانە لـە رووداوەکانـدا دەرخسـتوە.**

**٢- ناونیشان و چەمکی کورتەڕۆمانەکە و بەشـێکی زۆری خەونـەکان لـە جۆری زیندەخەونـە، خـەون بیـن وادەزانـێ ئـەوەی دەیبینێـت خـەون نییـە بەڵکـو ڕاسـتییە.**

**٣- خەونبیـن لـەڕووی دەروونییـەوە کەسـێکی ماسۆشـیزمە و کەسـی بەرامبـەری سـادیزمە.**

**٤- لـەڕووی تیۆرییـەوە هەشـت جـۆر خـەون هەیـە، لـە کورتەڕۆمانەکـەدا هەرهەشـت جۆرەکـە بەدیدەکرێـت.**

**٥- هـورم یـان خەونـی ناوخـەون و خەونـی شـەیتانی بـوون لـە کورتەڕۆمانەکـەدا بـەدی دەکرێـت.**

**٦- نووسـەر هـۆکاری خراپـی لایەنـی دەروونـی، دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ژینگـەی کۆمەڵایەتـی خانەوادەکـەی کـە لەسـەرەتای منداڵییـەوە پێی گۆشـکراوە بـە تایبەتـی لەلایـەن داپیرەیـەوە.**

**٧- خـەون کۆمەڵـە خەیاڵێکـە مـرۆڤ لەخـەودا بـە شـێوەی خـەون دەیبینێـت ئـەوەی لەسـەر ئـەرزی واقیـع نایێتـە دی لەخەونـدا بـە هەندێـک گۆڕانکارییـەوە دێتـە دی. لـە کاتـی زێدەڕۆییکـردن لـە بەزاندنـی سـنوور و دابونەریتەکانـدا دەبێتـە هـۆی سەرئێشـە بـۆ خـەون بیـن، زیندەخـەون لـەڕووی دەروونییـەوە کاریگـەری هەیـە، دەکـرێ مـرۆڤ بـە لایەنـی خۆشـییەوە چێـژی لێببینێـت.**

**سەرچاوەکان**


- قورئانـی پیـرۆز، سـورەتی ئەلعەنکەبـوت، ئایەتـی ٤١

- قورئانـی پیـرۆز ، سـورەتی الصافـات ، ئایەتـی ١٠٢.

- قورئانی پیرۆز ، سورەتی یوسف، ئایەتی ٤٣.

- ئیبـن سـیرین، نابلسـی، دمیـری(٢٠١٦) ،خەونامـەی کـوردی، کۆکردنـەوەو لێکۆڵینـەوەی، سـەید ئیبراهیـم، وەرگێڕانـی رزگار کەریـم، ناوەنـدی ڕۆشـنبیری وبڵاوکردنـەوە.

٢- بێکـەس، شـێرکۆ(١٩٩٨)،خاچ ومـار و ڕۆژمێری شـاعیرێ، ناوەندی ئاپیـک- سـوید- سـتۆکهۆڵم.

٣- حەسـەن، شـێرزاد( ٢٠٠٥)،خەونی جاڵجاڵۆکەکان،هەولێر .
٤- حسـین، قاسم(٢٠٠٢)،و: عبدالمطلب عبدالله ، مرۆڤ لەڕوانگەی فرۆیدەوە.
٥- محەمـەد، ئەنـوەر قـادر( ٢٠١٥) بەرنامـەی کۆرسـی تیـۆری ئـەدەب، زانکـۆی سـلێمانی.
٦- مەنتک، حەمە،(٢٠١١) سوریالیزم لەئەدەبی نوێـی کوردیـدا، هەولێـر، چ ئـاراس.
٧- و.عەبدوڵا، ستران( ٢٠٠٢) عەلی وەردی، کاریگـەری نەسـت یاخـود نهێنییەکانـی کەسـێتی سـەرکەوتو، سـلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی:**

١- الـوردي، الدكتـور علـي(٢٠٢١)، الاحـلام بيـن العلـم والعقيـدة، مركـز القـراءة الموسـوعات، الـدار البيضـاء، بيـروت.
٢- ت. حمـود، محمـد(٢٠١٢)، پـۆل ارزون - دينـس سـان - جـاک – الان ڤيـالا، معجـم المصطلحـات الأدبيـة.
٣- حليفى،شـعيب(٢٠٠٩)، شـعرية الروايـة الفانتاسـتيكية، الجزائـر.
٤- عبد الحميد، شـاكر (٢٠٠٩) الخيال مـن الكهـف الـى الواقـع الافتراضـي، الكويـت.

**سایتە ئەلکترۆنییەکان**

com.https://mawdoo٣/ أنواع_الأحلام
https://www.annajah.net احـلام اليقظـة – تعريفهـا وأنواعهـا:
https://www.zaniary.com/blog/d٩f١d٦٠٨٠٧٥٣٢/تەفسـیری-سـورەتی-العنكبوت
M3loma.com الشـبكة العالميـة – معلومـة، علـم تفسـير الاحـلام
رحلـة فـي عالـم الاحـلام- شـبكة العـراق الثقافيـة. www.iracenter.net
ناوەندی ڤەژین. lex.vejin.net

# شێوازی وەسفی لە چیرۆکەکانی عەتا نەهایی دا

## کۆمەڵە چیرۆکی (زریکە) بەنموونە



**تەلعەت محەمەد عەزیز**

**پێشەکی**

وەسف یەکێکە لەو شێوازە گرنگانەی نووسەران بەکاریدەهێنن بۆ دەربڕینی هەست و بیری خۆیان بەرامبەر بە دیاردەکان و ئەو دیمەن و شوێن و کەسایەتی و ڕووداوانەی کە دەبینن، بۆیە چیرۆکنووس، کومەڵێک وێنە و دارشتنی جوان لە ناو چیرۆکەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، کومەڵێک دەربڕینی جوان و سەرنجڕاکێش لەناو چیرۆکەکانیدا دارشتووە، لێرەدا ئاماژە بەشێوازی وەسفی چیرۆکنووس دەکەین.

**وەسف:**

وەسف هونەرێکی گرنگە لەنێو دەقەکاندا کە تیایدا نوسەران بەکاریدەهێنن، ئەمەش زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لەڕووداوەکان یان زانیاری دەربارەی کەسایەتییەکان بەکاردەهێنرێت، (مەبەستی ڕاستەقینە لە وەسفکردن، چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لەبیر و هۆشی خوێنەردا، کە بایەخێکیان لە چیرۆکەکەدا هەیە، وەک وەسفکردنی ئەو شوێنەی دەبێتە شانۆی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، یان دیمەنێکی ئەوتۆ کە کارێکی گەورە بکاتە سەر ئەنجامەکەی)) (سابیر،١٠٠،٢٠٠٩)، بەم هۆیە دەبینین کە تەکنیکی وەسف زیاتر شتەکان لای خوێنەر بەرچاودەخات و ڕوونکردنەوەی بۆ دەکات و ئاشنای دەکات بەوبابەتە یان ئەو کەسایەتییە یان ئەو شوێنە .... هتد، کە لەلای خوێنەر گرنگی پێدراوەو لەبیر و هۆشیدا چەسپاوە، هەروەها زۆرجار دەبینین وەسفکردن بەسوودبەخشین بە وەسفکراو پێناسەکراوە ((وەسف پرۆسەیەکە نا پەیوەستی ئامانجدەری سوود بەخشانەیە وئامادەیی ئەرکی تێگەیاندنە، وەسف لەپێناوی تەواوکردن و ڕاڤەکردنە)) (عەبدوالخالق، ٢٠١١، ١٠٧)، زۆرجاروەسف بەوە پێناسەدەکرێت کەنیشاندانی لایەنە شاراوەکانی شتەکانە هەروەکو ابن رشیق دەڵێت: ((وەسف لەبنەڕەتدا ئاشکراکردن و دەرخستنی شتەکانە)) (سعید، ١٩٤٨، ٩)، هەروەها دەبینین هەندێ جار وەسف بەسوود وەرگرتن لەکەرەستە زمانییەکان بەشێوەیەکی فراوان گوزارشت لەشتەکان دەکات و دایان دەڕێژێت، ((وەسف وێنەگرتنێکی زمانییە، لە شێوەی دارشتندا پێشکەش دەکرێت)) (محەمەد ، ٢٠١١، ٢٢)، بەم هۆیەشەوە دەبینین کەزۆرجار وەسف بەشێوەیەکی هونەری بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەڕوداو و کەسایەتییەکان دەکات و وێنەیەکی جیاوازتریان پێ دەبەخشێت لەوەی پێشووتر، ئەم وێنە جیاوازەش خۆی وەک وێنەیەکی هونەری تازە دەنوێنێت، ((وەسف گوتارێکە ناو لەهەموو ئەوانە دەنێت کە هەن، سیفەتی تایبەت و جیاکەرەوەیان پێدەبەخشێ، هەروەها جیایان

دەکاتەوە لەناو سیستمی بوونە هاوشێوە و جیاوازەکاندا)) (عوسمان، ٢٠٠٨، ١٧)، کەواتە وەسف لەڕێگەی دەربڕینی جیاوازتر و تازەتر لەوەی پێشوو یان بنەڕەتیەکە، هەڵدەستێت بەدروستکردنی وێنەی جیاواز بۆ بابەتەکان یان شوێنەکان یان کەسایەتییەکان ....هتد، بەجۆرێک کە وێنەی تازەیان بۆ دروستدەکات، هەروەها دەبینین کە ((لەکۆندا لە ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی میللەتانی ترا وەسف خۆی لەخۆیدا ئامانجێک بوو، ئەویش بەجوانکردنی بەوشەی لەبار و سەنگین و بەزمانی پاراو)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ١٩)، وەسف وەکو کەرەستەیەکی گرنگ سەیردەکرێت لەنێو دەقەکاندا بۆ دروستکردنی وێنەی زەینی سەرنجڕاکێش، بەشێوەیەک کە کاربکاتە سەر هەستی خوێنەر، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە وەسف بەم شێوەیە پێناسەکراوە: ((وەسف بریتییە لەئامرازێکی بنەڕەتی بۆ وێنەگرتنی شوێن و کارەکتەرەکان وە بەجوڵێنەری سەرەکی ڕووداوەکان دادەنرێت، کە ئامانجیش لەم وەسفکردنە بەخشینی وێنەی زەینیە



عەتا نەهایی

لەسەر دیمەنێک یان کارەکتەرێک، یان هەستێک بەخوێنەر)) ( ئیبراهیم، ٢٠١٥، ١١٤)، بەم هۆیەشەوە دەبینین کە نووسەر هەڵدەستێت بە دروستکردنی چەندین وێنەی وەسفی هونەری بەشێوەی جیاجیا لە دەقەکاندا، کە زیاتر خوێنەر بەرەو لای دەقەکە ڕادەکێشێت و ئاشنایەتی لەگەڵ دەقەکاندا پەیدا دەکات، هەروەها دەبینین کەنوسەرە جیهانییەکان گرنگی زۆریان بەم هونەرە داوە و لەسەرەتای بەرهەمەکانیاندا بە وەسف دەستیان پێدەکرد، ((فلۆپێر، کە لەپێشدا وەسفی شوێن و دیمەنەکانی

دەکرد، ئینجا تراژیدیای ئینسانی تێ دەئاخنـێ)) ( ئیسـماعیل، ٢٠٠٩، ٢٠)، بـەم هۆیەشـەوە دەبینیـن ئـەم تەکنیکـە لەنێـو چیرۆکـدا بـە شـێوەیەکی فـراوان بەکاردێـت، دەتوانیـن بڵێیـن کـە بەشـێوەیەکی گشـتی بەشـێکی زۆری چیرۆکـەکان ئـەم تەکنیکەیـان بەشـێوەیەکی فـراوان تیـادا بەکاردێت، بـەڵام بەشـێوەی جیـاواز و بەپێـی پێویسـتی چیرۆکەکـە، لـەم کۆمەڵـە چیرۆکەشدا کە سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمـە تەنهـا لەچوارچێـوەی ئەمەدایـە، دەبینیـن کـە کۆمەڵێـک وێنـەی وەسـفی تیایـدا بەکارهێنـراون، کـە لێـرەدا ئاماژەیـان پێدەکەیـن.

**١ـ وەسفی شوێن:**

وەسـف ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێـت لـە نێـو دەقـە ئەدەبییەکانـدا، ئەمـەش بەهـۆی زیاترخسـتنەڕوو و نیشـاندانی ڕوداوەکەیـان یـان کارەکتەرەکـە یـان شـوێنەکە یـان کاتەکـە.. هتـد، ئـەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئامـاژەی پـێ بکەیـن وەسـفی شـوێنە، کـە بەشـێوەیەکی فـراوان لەنێـو دەقـە ئەدەبییەکانـدا بەکاردەهێندرێـت، وێنـەی شـوێن ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لەنێـو دەقـە ئەدەبییەکانـدا بەگشـتی و چیـرۆک بەتایبەتـی، بەهـۆی ئـەوەی کـە هـەر ڕووداوێک یان کەسایەتییەک پەیوەستە بەشـوێنێکەوە، بۆیـە ئـەم شـوێنە زۆرجـار بەشـێوەی جیاواز دەردەکەوێت و وەسـفدەکرێت، زیاتـر پایـەی بەرزدەکرێتـەوە لەنێـو لایەنەکانـی تـر وەکو (کات،ڕوداو، ..هتـد)، هەروەهـا لـە ڕێگـەی وەسفکردنی شوێنەکە، خوێنـەر زیاتـر بەرچاوڕوانـی دەبینێـت لەبـارەی شـوێنەکە، بۆیـە زۆرجـار ئـەم دوو بابەتە (وەسـف و شـوێن) زۆر بەیەکـەوە پەیوەسـت دەبـن، ((جیاکردنـەوەی باسـی شـوێن لەوەسـف کارێکـی زەحمەتـە، باسـی شـوێن بـێ وەسـف، شـوێنێکی ڕووتەڵـەی لـێ وەدەسـت دێ، چونکە وەسف گیان دەبەخشێتە شـوێن، جێگەیەکـی بڵنـدی دەداتـێ لەنێـو پێکهاتەکانـی تـری گێڕانـەوەدا، هەروەهـا گرنگتریـن شـێوازیش کـە پەیڕەودەکرێـت لەشـوێندا، وەسـفە)) (محەمـەد ، ٢٠١١، ٢١٣)، کەواتـە شـوێن لەنێـو دەقـە ئەدەبییەکانـدا گرنگییەکـی زۆری هەیـە، بـەم هۆیـەوە دەبینیـن کەزۆرجار شـوێن وەک یەکێک لەسـەرچاوە سـەرەکییەکان، بەشـداری

لەکرداری داهێنان دەکات لەنێو دەقەکاندا، ((شوێن سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی بنیاتی هونەری بۆ کاری داهێنان، کە لەچاو سەرچاوەکانی تردا زیاتر بەکاردەهێنرێت و بەکاری داهێنان هەڵدەستێت وەک کارەکتەر و گفتوگۆ و وەسف و گێڕانەوە....هتد) (فوغالی، ٢٠٠٨، ١٧٤)، بەم هۆیەوە دەبینین کە شوێن پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لەنێو پێکهاتەکانی تری دەقدا، لەم ڕووەشەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پێکهاتەکانی تر وەک (ڕوداو و کات و کەسایەتی ....هتد) دا هەیە، بەتایبەتی کەسایەتی لەگەڵ شوێن زۆر پەیوەستن بەیەکەوە، لەم بارەیەوە (ڕینیە ویلک و ئۆستن وارین) ڕایان وایە کە ((وەسفی شوێن دەبێت بەشێوەیەکی خوازراو گوزارشت لەکارەکتەر بکات، چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد، ئەوا وەسفی خۆیت کردووە) (عوسمان، ٢٠٠٨، ٣٢)، کەواتە وەسفی شوێن لەنێو دەقەکاندا بەتایبەتی چیرۆک یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ شۆڕبونەوە بەنێو قوڵایی چیرۆکەکاندا و زیاتر پەیوەستبوون بەچیرۆکەکاندا، لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا چیرۆکنوس چەندین وەسفی شوێنی بەکارهێناوە، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو شوێنانەی کە نوسەر لەم کۆمەڵە چیرۆکانەدا بەکاریهێناوە، شوێنێکی واقعین و ئەو شوێنانەن کە نوسەر بەشێکی ژیانی تیایدا لەم شوێنانە بردۆتە سەر، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین :

بۆنمونە لە چیرۆکی (مەچەکێک لە تەڵەی پێنج پەنجە دا) ئاماژە بە شوێنێک دەکات و وەسفی دەکات، وەک کە ئامارژە بە وشەی (شەقام) دەکات کە وەک شوێنێکی واقیعی و کراوە ئامارژەی بۆ دەکات، بۆنمونە دەڵێ: ((شەقام هێندەش قەڵەباڵغ نەبوو، تاک و تەرا ماشێنێک دەهات و یەکی دیکە دەچوو ....))ل١١، یان لە شوێنێکی تردا وەسفی (ژوورێک ) دەکات کە ئەم ژوورە وەک شوێنێکی داخراو کە بۆ (سوارۆ) وەک بەندینخانەیەک وابوو، وەک دەڵێ: ((سوارۆ، لە ژورێکی تاریک دابوو، ئەوەندە تاریک کە هەستی بە دیوارەکانیش نەدەکرد، پێنج پەنجەی ڕەق و ڕەش مەچەکی ڕۆحیان




گوشــی...))ل١٨، لەچیرۆکــی (مەرگی نووسـەر) دا دەبینیـن کە چیرۆکنـوس ئامـاژە بەشـوێنێکی خەیاڵــی دەکات و وەســفی دەکات وەک دەڵــێ: ((لــە بیــرم نەدەهـات لـە کەنگێـوە خـۆی بـە ژووری دەروونمـدا کـردووە و بـۆ ئـەم ڕۆژە خـۆی مەڵاسـداوە...)) ل٦١، لێـرەدا (ژووری دەروون) شـوێنێکی خەیاڵیـە، چیرۆکنـوس دروسـتیکردووە و وەکو شـوێنێکی ئاسـایی و واقیعـی دەری بڕیـوە و بـەکاری هێنـاوە، هەروەهـا لـە چیرۆکـی (زریکەیـەک لەقورگـی شـەودا ) وەسـفی (ماڵێک) دەکات کە شـوێنێکی کراوەیە و بە شێوەیەکی ئاسـایی بـاس لـەم شـوێنە دەکات، کـە (گوڵچیـن) تیایـدا لەسـەربان دەیڕوانـی و خەریکـی دروسـتکردنی شـتێک بـوو بـۆ هەڵواسـینی بوخچەکـەی دەڵـێ: ((ئـەم لێـرە و لەسـەر بانێژەکـەی تاکـە ماڵێکـی تەریـک و ئاوایـی لـەو بەری شـێوەکە، ئاوایی ئەوەنـدە گـەورە نەبـوو خانـووەکان هێنـدە زۆر نەبـوون کـە نیـگای لەئـان و سـاتێکدا بانـە و بـان دەرگاو دەرک و ژوورا و ژوورێکـی بـە دڵـی تێـدا نـەکات))ل٦٦، هەروەهـا دەبینیـن چـۆن وەسـفی (شـار) دەکات کـە کاتێـک بەفـری بەسـەردا دەبارێـت و پاشـان ئـەم بەفرانـە دیمەنێکـی سـپی جوانیـان بەشـارەکە بەخشـیوە، هەروەکـو لەچیرۆکـی (نابـێ شـێرە پـێ بزانـێ) دا ئـەم وەسـفە دەکات و دەڵـێ: ((بەفـر کلـوو کلـوو، وەک پـەڕ و پـۆی وەریـوی مەلـە سـپیەکان، بەسـەر شـاردا دەبـاری، سـەربان و شـەقامەکان کـە بەفـری کۆنیـان چووبـۆوە، لـە پێشـدا بەتینـی خۆیـان

کلوەکانیان دەتاواندەوە، دەیانکردە ئاو و ڕووخسارییان پێ دەشوشتەوە)) ل٧٩، لێرەدا دیمەنێکی جوانی شارەکە نیشاندەدات کە شاری (سەقز)ە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە چۆن بەفر بەسەر شاردا دەبارێ و لەهەمان کاتدا بەفرە کۆنەکان دەتوێنەوە و لەپاش ئەم توانەوەیە دیمەنێکی ساف و خاوێنی شار نیشاندەدات، یان لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە ناوی شوێنێک دەکات کە ڕاستەوخۆ ناوی هێناوە کە وەک شوێنێکی سادە و کراوە وەسفی دەکات، کە دیارە ئەم شوێنە دەکەوێتە سەر شاخێک، ئەویش (بانەکۆن)ە، کە شوێنێکە دەکەوێتە نزیک (سەقز)، هەروەک دەڵێ: ((کە گەورەبووین، دووچەرخەیان بۆ من و سوارۆ کڕی، بە سواری دەچووینە بانەکۆن، ئەو ساڵانە بانەکۆن بە ڕووکاری چۆمیدا ماڵی لێ نەبوو، تازە جادە ماشێنیان بۆسەر ترۆپکی کێشابوو))ل٩١، هەروەها زۆرجار لەڕێگەی وەسفکردنی شوێنەکەوە وێنەیەکی تایبەتی جوانی شوێنەکە دروستدەکات و کاری ڕازاندنەوەی بۆ دەکات، بەمەش خەیاڵی خوێنەر دەورژێنێت و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بۆ ئەوەی چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرێت و بەردەوام بێت، هەروەک هەر لەم چیرۆکەدا ئاماژە بە شوێنێک دەکات کە (پیرمراد)ە، دیمەنێکی جوانی ئەم شوێنەمان بۆ دەکێشێت و بەهۆی کانی و شیوەکانی و دەڵێ: ((ئێواران من شێرە و سوارە دەچووین بۆ پیرمراد، لەسەر کانی و ئاوەکە دەم و چاومان دەشوشت، ئەوسا بەشێوەکەدا بەرەو قسنەکە دامان دەقەڵاشت.))ل٩٣، دەبینین چیرۆکنوس لە چیرۆکی (ئەولە و مەراقێکی دێرین)دا وێنەیەکی جوانی شارەکە دەکێشێت لەهاویندا، هەروەها لەنێو ئەم شارەدا چەند شوێنێک دەستنیشان دەکات کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو ڕوداوەکانی ئەم چیرۆکەدا بەشدارن و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن وەک (گومبەزی مزگەوت و شەقام و کۆلانەکانی شار)، چیرۆکنوس دیمەنی ئەم شارە لەکەش و هەوایەکی ئارام نیشان دەدات و بە شێوەیەک کە هەست بە چۆڵەوانی دەکەیت لەم شارەدا، دیارە ئەمەش

بەهـۆی گەرمـای هاوینــەوە دەبێـت، کــە لەهاوینــدا بەتایبەتــی لەکاتــی نیوەڕۆیانــدا خەڵــک کــەم لــەدەرەوە دەبـن، لـەم کاتـەدا ئـەو لەگـەڵ دایکـی بەمشـارەدا دەسـوڕێنەوە، کـە ئـەم کوڕە بـە بەردەوامـی لەژێـر چاودێـری دایکـی دایـە، لـە هەمـوو کوچـە و کۆلانەکانـی ئـەم شـارە یادگارییەکـی ناخۆشـی بـۆ ئـەم کـوڕە جێهێشـتووە، بۆیە ئـەم کوڕە هەسـت بەبێـزاری دەکات و هەوڵـدەدات خـۆی لەدایکـی وون بـکات و دەڵــێ: ((خـۆر بەسـەر دڵـی ئاسـمانەوە وەک کڵافەیـەک گڕ دەئاسیا، تینـی بتاوێنـی بەســەر شــاردا دەپژانــد، گۆمبــەزە ئاڵتونیەکـەی مزگەوتـی گـەورە، نیـگای چـاوی ڕێبوارانـی لـە خلیسـک دەبـرد، هێرشـی گەرمـای نیـوەڕۆی هاویـن ئـاش بەتاڵـی قەڵەباڵغـی شـەقام و کۆلانەکانی شـار کردبـوو، سـیلەی چـاو لـەم سـەراو سـەری ڕاسـتە شـەقامەکەدا، جگـە لـە داگەڕانـی هاجـەر و ئەولـە کەسـی دیکـەی بـەدی نەدەکـرد))ل٩٩، هەروەها دەبینیـن لەچیرۆکـی (ڕۆژێ لـەو ڕۆژانە) دا وەسـفی شـەقامێک دەکات کـە بەهـۆی بوونـی ڕێـزە کەپرێـک وێنەیەکی قەڵەباڵغـی بـە شـەقامەکەوە دیـارە، لــەدوای ئــەم ڕێــزە کەپــرەدا کۆمەڵێـک خێـوەت دەبینرێـت کە وێنـەی ڕێکخراوی مانگــی ســوور لەســەر خێوەتەکانــدا دەبینرێـت، هەروەهـا وەسـفی هاتووچۆی ماشـێنەکان دەکات بـەم شـەقامە، ئـەم شـوێنە دیـارە خەڵکـی جیـاوازی تیایـدا ژیــاوە و هەریەکــە خەریکــی ژیانــی خـۆی بـووە و خەریکـی خەمـی خـۆی بـووە، چیرۆکنـوس لەنێـو ئـەم وەسـفەدا هونــەری لێکچواندنــی بەکارهێنــاوە بــۆ وەســفکردنی (ڕیــزە کەپرەکــە) کــە بەشــەمەندەفەرێکی لــە کارکەوتــووی چوانــدووە و دەڵــێ: ((کــە جــادەی خـوار ئاوایـی دەردەکـەوت، ئوردگایەکـی قەڵەباڵــغ دەبینــرا، ڕیـزە کەپرێـک وەک شـەمەندەفەرێکی لەکارکەوتـوو، لەگـوێ جادەکــە ڕوابــوو کــە لەپێشــیانەوە کۆمەڵێــک خێوەتــی بۆرەقنــە بــە پەرتەوازەیــی هەڵدرابــوون، هیلالــی ســووری سەرپەرشــتی خێوەتــەکان لەبــەر تیشــکی خــۆر دەبریقایــەوە)) ل١٢١، چیرۆکنــوس لەچیرۆکــی (منــو درامـای چاوەڕوانـی)دا لەشـێوەی مینـو درامایـەک وەسـفی شـوێنێک دەکات کـە وێنەکێشـێک تێـدا کاری نیگارکێشـی بـکات و هـەر لەسـەرەتای چیرۆکەکـەدا

بـە وەسـفی شـوێنەکە دەسـت پـێ دەکات دوای ماوەیـەک ئینجـا دەچێتـە سـەر ڕووداوەکـە، وێنەیەکـی جـوان و سەرنجڕاکێشـی ئـەو ژوورە دەکێشـێت، بەشـێوەیەک کـە وا هەسـت بکەیـن لەناو ژوورەکـەدای و دەڵێ: ((شـوێن: ژووری هونەرمەندێکـی نەقاشـە، سـەعاتێکی دیـواری لەکارکەوتـوو سـێ چـوار تابلـۆ بەدیوارەکانــەوە هەڵواســراوە، چۆخــەو پشـتێنی هونەرمەندەکـە هەڵواسـراوە بەلایەکـی ژوورەکـە. مێـز و کورسـیەکی لێیـە، لەسـەرمێزەکە، جگـە لـە قەڵـەم و کاغـەز. تەلەفۆنێـک هەیـە. لەنێـوە ڕاسـتی ژوورەکـەدا سـێ پایەیەکـی نەقاشـی تەنیشـتی لەبینەرانـە. تابڵۆیەکـی سـپی لەسـەرە. لـە سـوچی تـری ژوورەکـە، کورسـیەک دانـراوە، لـە پێشـیدا مێزێکـی بچووکـی شووشـەیی هەیـە. یـەک دوو گوڵـدان بەشـێوەیەکی ئاسـایی لەسـەر تافـی پەنجەرەکـە دانـراون))ل١٣٣، لێـرەدا دەبینیـن چیرۆکنـوس بەشـێوەیەکی ورد وەسـفی ژوورەکـەی کـردووە وەک شـوێنێکی هۆگـر و واقیعـی ئامـاژەی پێکـردووە، هەروەهـا هەرچـی پێویسـتییە کـە لەنێـو ئـەم ژوورەدا بوونـی هەیـە چیرۆکنـوس نـاوی هێنـاون و وەسـفی ئـەو شـوێنەی کـردووە کـە شـتەکانی تیـادا دانـراوە لەنـاو ژوورەکـەدا، دیـارە ئـەم ژوورەش وەک شـوێنێکی سـەرەکی ئـەم چیرۆکـە، بەشـێکی زۆری ڕوداوەکان لـەم ژوورەدا بـووە، لێـرەدا نوسـەر وەک شـوێنێکی شـانۆیی وەسـفی کـردووە و نیشـانی داوە .

**٢- وەسفی کارەکتەر:**

وەسـفکردنی کارەکتـەر لەنێـو چیرۆکـدا ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێـت لـە نیشـاندان و دەرخسـتنی هەنـدێ لایەنـی شـاراوەتری کارەکتەرەکـە، ئـەم وەسـفکردنەش چ وەسـفکردنی لایەنـی دەرەوەی واتـە جەسـتەی کارەکتەرەکـە بێـت، یـان لایەنـی وەسـفکردنی ناخـی مرۆڤەکـە بێـت و گوزارشـت لـە لایەنـە دەروونـی و هەڵچوونەکانـی بـکات واتـە ((وەسـف یـان هەڵوەسـتە لەسـەر ڕووکاری دەرەوەی مـرۆڤ دەکات و شـتێک دەخاتـە سـەر ئەندامەکانـی لـەش، یـان هەڵوەسـتە لەناخـی مرۆڤ دەکات و شـتێک دەخاتەسـەر لایەنەکانی مەعنـەوی ودەروونـی و ڕەوشـتییەکانی)) (ئیبراهیـم،٢٠١٥ ، ١١٧)، هەروەهـا دەبینیـن کـە پەیوەنـدی نێـوان وەسـف

و کارەکتــەر پەیوەندییەکــی پتــە و نەپچڕاوە، کــە وەک دوو لایەنــی گرنــگ هەمیشــە بوونیــان لەنــاو دەقەکانــدا، وێنەیەکــی ســەرنجڕاکێش بەدەقەکــە دەبەخشــێت (پەیوەندی نێــوان وەســف و کارەکتــەر، هەروەهــا نێــوان سروشــتی کارەکتــەر و بابەتــی وەســف و خــودی وەســفکراو، پەیوەندییەکــی پتــەو و بەرچاوە) (هامــون، ٢٠٠٣، ٢٠٣)، بــەم هۆیەشــەوە دەبینیــن کــە ئــەم دوو لایەنــە واتــە (کارەکتــەر و وەسف) وەک دوو ڕووی یــەک دراو ڕۆڵێکــی گرنــگ دەبینــن، لەڕێگــەی ئــەم پەیوەندیــەوە وا لەخوێنــەر دەکات کــە زیاتــر بەقوڵایــی ناخــی کارەکتــەرەکان بچێــت و زیاتــر زانیاریــان دەربــارەی بزانێــت و لەگەڵیــان ئاشــنا بێــت، هەروەهــا هــەر لەڕێگــەی ئــەم وەســفکردنەوە دەتوانیــن وێنــەی جۆراوجــۆری کارەکتــەرەکان لەنێــو دەقەکانــدا نیشــان بدەین، لەم ڕووەشــەوە نوســەران گرنگــی زۆر بــەم لایەنــە دەدەن بەهــۆی ئــەوەی کــە (کارەکتــەر یەکــەم ســەرچاوەی ســەرەکیە لــە بەرجەســتە کردنــی ناوەڕۆکــی چیرۆک) (ســماحة، ١٩٩٩،١٧)، بۆیــە دەبینیــن نووســەران بەهــۆی گرنگــی کارەکتــەرەوە، هەوڵــدەدەن لــە نیشــاندانی کارەکتــەرەکان وێنەیەکــی جوانــی بــۆ بکێشــێن و بــەو پێیــەی گرنگیەکــی زۆری لەنێو دەقەکاندا هەیە، ئەمــەش ڕەنگــە بەهــۆی بارودۆخــی ژیانــی کەســەکە دەبێــت جا چ بەهــۆی لایەنــی کۆمەڵایەتــی یــان ڕەوشــتی ... هتــد بێــت، هــەر بۆیــە دەبینیــن (ئــەو بابەتــەی دەدرێت بــە وێنــەی کارەکتــەر پەیوەنــدی هەیــە بەزاڵبوونــی ڕەوتــە مێژوویــی و کۆمەڵایەتییــەکان لەلایــەک، ئایدۆلۆژیــا سیاســیەکان لەلایەکــی ترەوە) (مرتــا×، ١٩٩٨، ٨٦)،هەروەهــا دەبینیــن کــە لەچیرۆکــدا بەشــێوەیەکی بەرچــاو گرنگــی بــە وەســفی کارەکتــەر دەدرێــت جــا چ کارەکتــەری ســەرەکی بێــت یــان لاوەکــی، بــەڵام هەندێــک لــە چێرۆکنوســان زیاتــر گرنگــی بــە لایەنــی وەســفی کارەکتــەرە ســەرەکیەکان دەدەن، لــەم کۆمەڵــە چیرۆکــەدا ئەگــەر ســەیربکەین دەبینیــن کۆمەڵێــک وەســفی کارەکتــەر بەکارهاتــووە، کــە هەندێکیــان ســەرەکین و هەندێکیــان لاوەکیــن، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی چیرۆکنــوس زیاتــر گرنگــی بــە لایەنــی وەســفی کارەکتــەرە ســەرەکیەکان داوە، کــە

لێـرەدا ئامـاژەی پـێ دەکەیـن.

بۆنمونـە لـە چیرۆکـی (مەچەکێک لـە تەڵـەی پێنـج پەنجـەدا) ئامـاژە بەناوێک دەکات کـە ئەویـش (لەتیـف)ە، کە وەک کارەکتەرێکـی سـەرەکی لـەم چیرۆکـەدا دەردەکەوێـت، ئـەم پیـاوە وەک سـەربازێکی درنـدە و فێڵبـاز هەمیشـە خەریکی ڕاوکردنـی خەڵکـی هـەژار و بێ دەسـەڵات بـووە، دواتـر وەک بازرگانـی پێکردنێـک، خەڵکـی ڕاودەکـرد و دەیفرۆشـتن بـە عێراقییـەکان، هـەروەک دەڵـێ: ((بـەڵام ئـازاری یەکێکیـان لـە هەمـووان زیاتـر بـوو، ناوێـک لەتیـف، وەک تێڵا بـە دەمـی ئەفسـەرە کوردەکـەوە هەڵدەسـوڕا، پەستاپەسـتا لەمێشـک و ڕۆحـی سـوارۆی دەسـرەواند لەتیـف: ئـەرێ لەتیفـە ڕەش، بـۆ ئـەو ماوەیـە نەیناسـیبوو؟ بـەڵام خـۆ ئەوەنـدە ڕەشـیش نەبوو، جا بۆ لەتیفە ڕەش؟ دەبـێ ڕووخسـاری ڕەش بـێ؟ بۆ دڵـی ڕەش نەبـوو؟ وەک ئـەم شـەوە ڕەشـە، دەمێکـە بیسـتبووی لەتیفـە ڕەش و براکـەی خەریکـی پیـاو دزینـن، هەرکەسـێک بـێ، تەوفیـری نییـە، دوو پێـی ببـێ و، دوو دەسـت و سـەرێک، دەیفرۆشـن بـە ئێراقییـەکان، دەڵێـن هـەر کەسـە ٥٠٠٠ دینـار، دەربـارەی لەتیـف زۆر شـت دەگوتـرا ..... دڵـڕەق مۆنـە، وەک ڕێـوی فێڵبـازە، وەک گـورگ نەدیـو))ل١٧ـ١٨، لێـرەدا چیرۆکنـوس لەهەندێـک شـوێندا لەڕێگـەی لێکچواندنـەوە وەسـفی کارەکتەرەکـەی کـردووە، هەروەهـا هـەر لەهەمـان چیرۆکـدا دەبینیـن چیرۆکنـوس وەسـفی دوو کارەکتـەر بـە یەکـەوە دەکات کە کە کاریـان ڕاوچـی بـووە، وەسـفی جەسـتە و جـڵ و بەرگیـان دەکات، بـێ ئـەوەی ناویـان بهێنێـت و دەڵـێ: ((ئەوانـە دوو پیـاوی کەڵەگەتـەی پۆشـتە و پـەرداخ بـوون، یەکیـان بەتەمـەن وەک باوکـی ئـەوی دیکەیـان بـوو. بـەڵام بەتوانـا و هەڵـس و کـەوت، دووبرابـوون. دوو بـەرازی بەهێـز کـە شـفرەی نیگایـان لەبـەر پێیانـە هەتـا لوتکـەی شاخەکانی دەکێـلا و سـەر لـە نـوێ دەگەڕایـەوە. یەکـێ تفەنگێکـی تـازە، وەک بوکـی سووریان بـە شـانەوە بـوو تامـل قەتـارە فیشـەکیان لەخـۆ بەسـتبوو، پوزەوانـەی مەرەزیـان هەلکێشـابوو، هـەر کام جووتـی کلاشـی سـووکی هەورامیـان لەپێدابـوو، ئەوەنـدە، کـە ڕازاوە و تونـد و تـۆڵ بـوون، دوو ئەوەنـدە مـرو

مـۆچ و بێدەنگـی بـوون، وەک دوو ڕاوچـی کـە نێچیرێیـکان ببـێ لەداڵغـەی بەشـکردنیدا بـوون))ل٩-١٠، هـەروەک لەوەسـفکردنەکەدا دەردەکەوێـت کـە بەهـۆی ئـەو جـل و بـەرگ و کلاشـەی کـە ڕاوچییـەکان پـێ وەسـفکراون، گومـان دەکرێـت کـە ئـەو دوو ڕاوچییـە کـورد بـن، هەروەهـا دەبینیـن کـە لەچیرۆکی (تـەزووی ئازارێکـی کـۆن) دا، چیرۆکنـوس وەسـفی کارەکتەرێکـی سـەرەکی دەکات، کـە وەک پاڵەوانێـک لەنـاو چیرۆکەکـەدا ڕۆڵ دەبینێت، ئـەم کـوڕە بەهـۆی ئـەوەی کـە لەماڵـی زاواکـەی ژیـان دەباتـە سـەر، بۆیـە ئـەم زاوا پیـرەش وەک خزمەتکارێکـی خـۆی کاری پێـدەکات وشـتی پـێ دەکرێـت، کـە لێرەدا چیرۆکنـوس وێنەیەکـی ئـەم کوڕەمـان بۆ وەسـف دەکات کە ئەویش نـاوی (حەمـە) یە، کە بەهـۆی ئـەوەی بـەردەوام لەڕێگادا بووە بەم سـەرمایەی زسـتان، کە بەفـر بەبەردەوامـی دەبارێت و سـەرمایەکی لەڕادەبـەدەر بـووە وەک دەڵـێ: ((دەسـتە بچوکـەکان حەمـە، بـە دەسـکی دە لیترییـە نەوتەکـەوە بەسـتبووی، سـەرما لـچ و لێـوی ڕەش و شـین کردبـۆوە، تـرس لەکەوتـن، نیـگای چـاوە ڕەشـەکانی بـۆ بەرپـێ، پـێ هەڵدەڕشـت))ل٢٣، چیرۆکنـوس هـەر لەهەمـان چیرۆکدا ئامـاژە بەنـاوی ئافرەتێـک دەکات کـە ئەویـش (پـوورە ڕابە)یە، کە وەک کارەکتەرێکی سـەرەکی ڕۆڵ دەبینێـت، ئەمـە بەهـۆی هەسـتی بەزەیـی و دڵسـۆزییەوە هەوڵـدەدات ئـەم کـوڕە لەژێـر ئـەم گوشـارە دەروونیـە، پـڕ لەناخۆشـییەی کـە بەهـۆی مێـردی خوشـکییەوە بەسـەریدا سـەپاوە ڕزگاربـکات و بیبـات بـۆ ماڵـی خۆیـان، کـە چیرۆکنـوس بـەم شـێوەیە وەسـفی ئـەم ئافرەتـە دەکات و دەڵـێ: ((چاوە پـڕ بەزەییەکانـی پورێ لێڵ و وێڵ بوون، هێڵـی سـپی نێـوە ڕاسـتی سـەری زەقتـر دیاربـوو، دەکشـا تـا لەژێـر سـرکەیەکدا گـوم دەبـوو))ل٣٢، چیرۆکنـوس هـەر لەهەمـان چیـرۆک وەسـفی کارەکتەرێـک دەکات بەنـاوی (ڕێویـە شـەل)، کـە وەک کەسـێکی دڕنـدە دەردەکەوێـت و هەمیشـە هەڕەشـەی لـەو کچـە دەکـرد کـە بـە تەمەنێکـی بچـووک بـە زۆر درابـوو بـە ئـەو، نوسـەر بـەم شـێوەیە وەسـفی دەکات و دەڵـێ: ((ڕێویـە شـەل لەهەمیشـە ناحەزتربـوو، چـاوی دەرپۆقیـو، لچـی شـۆڕ)) ل٣٢، هەروەهـا

چیرۆکنووس لەچیرۆکی (مەرگی نووسەر)دا وەسفی پیاوێک دەکات کە بەردەوام لەبیر و مێشکیدا دەخولێتەوە و تا کۆتایی چیرۆکەکە لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت، ئەم پیاوە بەردەوام پرسیاری لێ دەکات دەربارەی نوسینی رۆمانەکەی، کە هەروەکو چیرۆکنووس بەشێوەی گێڕانەوە باس دەکات و وەسفی دەکات، کە ئەم پیاوە ژیان و بەسەرهاتی وەکو پاڵەوانی رۆمانی چیرۆکنوسە، بەم شێوەیە وەسفی دەکات: ((سەرم هەڵبڕی ناحەقە پیاوی وا چەرداوەڕو و نەبینم... قژێکی تەنکی ئاڵۆز، ڕیشێکی بۆرەقنەی زەردباو. جووتێ چاوی ترسنۆک . نا . زەق، بەڵام چۆن ئەو گشتە ترسە لەو جووتە چاوە زەقەدا کە خۆی لەبن پەردەی ئێسکی ژێر بڕۆوە شاردۆتەوە نەبینم؟ بە کورتی ڕۆمەتێکی خڕی، قۆپاوی، پۆخل. لەوە دەچوو دەمێک بێ نەشورابێ. دەمێک بێ ئاوێنەی نەدیبی))ل٥٣، هەروەها دەبینین لەچیرۆکی (زریکەیەک لە قورگی شەودا)، چیرۆکنوس وەسفی کەسێک دەکات بەناوی (هیوا) کە وەک یەکێک لەکارەکتەرە سەرەکییەکان، کە بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە تووشی ژن بە ژنی دەبێت و بەزۆر کچێکی لێ مارە دەکەن، کە ئەمیش دیارە کە کەسێکی لاواز و بچووک بووە، بۆیە خانەوادەی کچەکە بەهۆی پرۆسەی ژن بەژنییەوە بەنیگەرانییەکی زۆرەوە کچەکەیان بەم کوڕە دەدەن، هەروەک چیرۆکنووس وەسفی دەکات: ((هیوا سەری هەڵبڕی، چاوەکانی وەک دوو پشیلەی ترسنۆک بوون. خۆشی وەکو پشیلەیەکی پیس و لاواز. بێ ڕۆح و ڕەنگ پەریو.))ل٦٩، لێرەدا دەبینین کە چیرۆکنووس لە وەسف کردنی (هیوا)دا دوو جار بە هونەری لێکچواندن و وەسفی کردووە، هەردوو جار بە یەک شتی چواندووە، بەڵام هەرجارە و بەسیفەتێکی جیاواز، هەروەها لەهەمان چیرۆکدا وەسفی کارەکتەرێکی تر دەکات بە ناوی (گوڵچین)، کە وەک کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەدروستکردن و سەرهەڵدانی ڕوداوەکان، کە بەم شێوەیە وەسفی دەکات و دەڵێ: ((کوا ژنێکی وەک گوڵچین، بەکەشم و نەشم، بەحیکە و پێکەنین، دڵ تەڕ و جوان))ل٦٧،

دواتـر هـەر لەهەمـان چیرۆکـدا وەسـفی کچێـک دەکات کـە بەنـاوی (نـازێ)، کـە دەبێتـە قوربانـی دیـاردەی ژن بەژنـێ، وەک دەڵـێ: ((نـازێ.... شـۆخە کچێکـی شـووش بەجووتـێ چـاوی زیـت و سـرکەوە، جووتـێ کانـی گوومانـی و دڕ دۆنگـی..))ل٧٧، لەچیرۆکـی (نابـێ شـێرە پـێ بزانـێ) دا دەبینیـن وەسـفی دوو کارەکتـەری سـەرەکی دەکات کەیەکەمیـان چیرۆکنـوس لەسـەرەتا وەسـفی (میـرزا جەمـال)دەکات، دووەمیـان وەسـفی ئافرەتێـک دەکات بەنـاوی (ئەسـمەر)، کـە ئافرەتێکـی پیـرە و ئێسـک و دەمارەکانـی دەسـتی بەهـۆی تەنکـی پێسـتییەوە دیـارن، چیرۆکنـوس سـەرەتا بەوەسـفی ئافرەتەکـە دەسـت پێـدەکات، کـە چۆن لەژوورێکـدا لەگـەڵ کەسـێک بەنـاوی (میـرزا جەمـال)ی فـەرش فـرۆش دانیشـتووە، ئێسـک و دەمارەکانـی ئـەم ئافرەتـە پیـر و لاوازە چـۆن نیـگای میـرزا جەمالـی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـاوە و دەڵـێ: ((میـرزا جەماڵـی فـەرش فـرۆش پاڵـی بەکورسـیەکەوە دابـوو، سـییەکانی بەدووکەڵـی جگـەرە سـپاردبوو، نیـگای بەجووتـێ دەسـی ئێسـکنی دەمـار هەڵەسـاوەوە، شـەتڵ بووبـوو، کـێ دەیزانـی خاوەنـی ئـەو جووتـە دەسـتە، کـە بـە تینـی چراکـە سـوور هەڵگەڕابوون، ژنێکی کزەلۆکینەی لـەڕو لاوازە، کـە چـاوی بەقووڵـدا چـووە و تەمێـک شـەرم، وەک چاویلکەیەکـی نهێنـی، ڕێگـەی پـەی بـردن بـە قوڵایـی گلێنەکانـی لـە بینـەر گرتـوە)) ل٨٠، هەروەهـا دەبینیـن چیرۆکنـوس لەچیرۆکی (ئەولـەو مەراقێکـی دێریـن)دا، بەشـێوەیەکی هونـەری جـوان لەڕێگـەی هونـەری لێکچواندنـەوە وەسـفێکی جوانـی ئافرەتێـک دەکات بەنـاوی (هاجـەر)، کـە ئـەم ئافرەتـە هەمیشـە وەک دڕندەیـەک وابـوو بـۆ کوڕەکـەی، هەروەهـا کوڕەکـەی هەمیشـە بـە بینینی هەسـت بەتـرس و دڵەڕاوکـێ دەکات، بۆیـە چیرۆکنـوس لـەم ڕێگەیـەوە وەسـفی ئەندامانـی دەم و چـاوی دەکات، کـە وەک وێنەیەکـی ترسـناک دەکەوێتـە بەرچـاو و دەڵـێ: ((ئەوسـا گورجێـک هەسـتا. هاجـەری داچەڵکاند. بەرامبـەری دانیشـت. دەسـتی نـا بەسـەر ئەژنۆکانـی. هەسـتی بـە دوو چڵەئێسـک کـرد. چـاوی لەڕوومەتـی بـڕی. ڕوومەتێکـی گردیلانـەی ڕەشـی

چڵکن، جووتێ چاوی چکۆڵە، وەک چاوی کوند، لووتێکی خڕ وەک مازوو، بە ژوور دەمییەوە بوو. دەمی وەک ئەشکەوتێک دەچوو. ئەشکەوتێکی تاریک. کە جووتێ دانی درێژ و زەرد بەسەر و خوارییەوە، وەک گلۆپی کز دەئاسا. ئەو دیمەنە زیاتر ڕقی هەستاند. بیری کردەوە. کە چۆن وەک سەگ زمان لەمندالآن دەردەکێشێ و یاری پێ دەکات))ل١٠١، هەروەها دوای ئەوەی کە (هاجەر) و کوڕەکەی پێکەوە دادەنیشن و کوڕەکەی هەڕەشەی لەدایکی دەکات و پێی دەڵێت (حەز بە بینینت ناکەم)، هاجەر هەست بەغەمباری دەکات و ڕەنگ و ڕووخساری تێک دەچێت، چیرۆکنوس بەم شێوەیە وەسفی دەکات ودەڵێ: ((چاوە کوندییەکانی هاجەر وەک دوو پلوسکە، تک تک فرمێسکیان پێدا هاتەخوار دڵۆپەکان لەچرچ و لۆچی ڕوومەتیدا ون بوون، ڕوومەتی بەدەستە ڕەشەکانی شاردەوە ))ل١٠١، هەروەها دواتر چیرۆکنوس هەردوو کارەکتەرەکە بەیەکەوە وەسف دەکات و بەراوردیان دەکات لەگەڵ یەکتردا وەک دەڵێ: ((هاجەر لاواز و درێژبوو،دیارنەبوو تەمەنی چەندەیە، بەڵام ئەولە کورتە باڵاتربوو، لەپانزەساڵی تێپەڕاندبوو. بەرگ و پێڵاوی ئەگەر چی نەدڕابوو، بەڵام وەک هی هاجەر چڵکن و تۆزاوی نەبوو))ل١٠٥، هەروەها چیرۆکنوس لەچیرۆکی ( ڕۆژێ لەو ڕۆژانە) دا وەسفی کارەکتەرێک دەکات ناوی (ئەوڕەحمان)ە، کە کەسێکی تووڕە و دەمارگیربوو، لەناو کۆمەڵە کەسێک بووە کە لەنزیک کەپرەکەی ئەو دانیشتبوون، لێرەدا چیرۆکنوس زیاتر وەسفی دەرەکی بۆ دەکات و دەڵێ: ((کەم کەس لە غەلدە غەلدی ئەوڕەحمانی تووڕەو دەمارگیراو دەگەیشت. دەستی قوڕاوی بوو، کەواو پانتۆلەکەشی تێنابوو، بە دەم لووت سڕین و چاو هەڵگڵۆفینەوە، چڕوچاویشی سواغ دابوو))ل١٢٢ـ١٢٣، بەم شێوەیە چیرۆکنوس وێنەی کارەکتەرەکان بەشێوەی جیاواز جۆراوجۆر بەخوێنەر ئاشنادەکات زیاتر زانیاری دەربارەی ئەوان دەخاتە ڕوو.

**لیستی سەرچاوەکان:**


١- ئیبراهیم، سەمیرە ئەحمەد (٢٠١٥)، هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٢- ئیسماعیل، سەباح (٢٠٠٩)، چەمک وستاتیکای شوێن لەئەدەبدا، چ١، ئاراس،هەولێر.

٣- سابیر، ئەردەلان شوکر (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٤- سعید، جمیل (د.)، (١٩٤٨)، الوصف فی شعر العراق، مطبعة الهلال، بغداد.

٥- سماحة، فریال کمال (١٩٩٩)،رسم الشخصیة فی الروایة حنا مینة، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت.

٦- عەبدولخالق، ئەحمەد محەمەد ئەمین (٢٠١١)، بنیاتی هونەری حەیران لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧- عوسمان، کاروان مەهدی (٢٠٠٨)، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٨- فوغالی، بادیس (٢٠٠٨)، الزمان والمکان فی الشعر الجاهلی،عالم الکتب الحدیث للنشروالتوزیع، عمان.

٩- مرتاض، عبدالملک (١٩٩٨)، فی نظریة الروایة، بحث فی التقنیات السرد، سلسلة کتب عالم المعرفة، المجلس الوطنی للثقافة والفنون والکتب، الکویت.

١٠- محەمەد، تانیا ئەسعەد (٢٠١١)، بنیای شوێن لەدوو نموونە ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها) ،چ١، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١- نەهایی، عەتا (١٣٧٢ه)، زریکە، چ١، چیهر، تەوریز.

١٢- نەهایی، عەتا (٢٠٠٦)، سەرجەم چیرۆکەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٣- هامون، فلیب (٢٠٠٣)،فی الوصفی، ت: سعاد التریکی،مطبعة سوتیبا، تونس.

# ڕۆمانی مێژوویی:
# ئاڵنگارییەکان و پێوەرەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو



عەلی عوسمان یاقووب

ئەگەرچی ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی ڕۆمانیش بەتایبەتی، لەم سەردەمەدا پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە دیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕۆمان هەیە نەیتوانیوە ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر. بەپێچەوانەیشەوە، هەندێک ڕۆمان خێرا سەرنجی ڕەخنەگر و خوێنەرانیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوەو لێهاتوویی نووسەرەکانیان سەلماندوە و تا ئێستایش بە ڕۆمانی گەورە دادەنرێن. دیارە ئەم حاڵەتە نەک هەر لە ڕۆمان، بگرە لە هەموو ڕەنگەکانی تری ئەدەب و هونەردا، وەکو شیعر و شانۆ و لە هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و... تاد، پێشتریش هەر هەبووە.

ڕەنگە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی هەر ڕۆمانێک مەسەلەیەکی ڕێژەیی بێت بەپێی بۆچوونی هەندێ کەس، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا، کە پێشکەوتنەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زۆر خێران. لەگەڵ ئەوەیشدا، خۆ زۆر بەرهەم هەن لە قۆناغەکانی پێشووتری ئەدەب و لە سەردەمێکی کۆندا نووسراونەتەوە، کەچی تا ئێستایش بەرهەمی گەورەن و گەورەییان براوەتەوە، چونکە تا ئەمڕۆیش خوێنەریان زۆرە و لە زۆربەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە تەواوی گۆڤارە ئەدەبییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا هەفتانە یا مانگانە یان ساڵانە دەیان کتێب و بە سەدان لێکۆڵینەوەی تازەیان لە بارەوە دەنووسرێ و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تازەیان بۆ دەکرێ.

هەڵبەت ئەوەی وا دەکا هەر ڕۆمانێک ببێتە ئەوپەڕی جێگەی سەرنج، کۆمەڵێ هۆکارن، زۆربەیان بەستراونەتەوە بە هۆشیاریی نووسەرەکە لە بەرهەمهێنانی دەقی ڕۆمانەکە و دواتریش جۆری پێوەندیی نێوان خوێنەر و دەقەکەی لێ دێتە کایەوە. لێرەدا پرسیارێکی بە ڕواڵەت زۆر سادە و بە ناوەڕۆک زۆر ئاڵۆز دێتە پێشەوە لە دەرەوەی ئەو پانتاییە ڕێژەییەی، کە ئاماژەم بۆ کرد: ئایا چ ڕۆمانێک دەکرێ بە بەرهەمێکی سەرکەوتوو دابنرێ؟ ئەو پێوەرانە چین، کە مرۆڤ دەبێ لە بەرچاویان بگرێ، کاتێک بیر لە ڕۆمانی گەورە و سەرکەوتوو دەکاتەوە؟

دیارە ئەوەی بڕیار لەسەر گەورەیی هەر ڕۆمانێک دەدا، دەکرێت لە سێ خاڵ کۆی بکەینەوە: یەکەم، شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆماننووس لەگەڵ کەرەسە بنچینەییەکانی ڕۆمان یا پێکهاتەکانی، کە ڕۆماننووسەکان بە درێژایی مێژووی ئەم جۆرە ئەدەبە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. مەبەست لە کەرەسە بنچینەییەکانی ڕۆمان کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و زەمەنەکەیە. دووەم ئەو داهێنانەی کە ڕۆماننووس لەم مامەڵەکردنەدا لە بواری تەکنیک ئەنجامی دەدا، یا ئەنجامی داوە. سێیەم ئەو بینینە تازەیەی کە ڕۆماننووس بەرانبەر بە

هەر شتێک، بۆ نموونە بەرانبەر بە کارەکتەرێکی مێژوویی یا ڕووداوێکی مێژوویی لە لای خوێنەر و ڕەخنەگر دروستی دەکا، بۆیە ڕۆماننووس بەردەوام بەدوای تەکنیکی نوێ، بابەتی نوێ، هەروەها بینینی تازەدا دەگەڕێ. جا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا گەورەیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە فۆڕمی ئەو بەرهەمە دایە، یان لە گرنگی و گەورەیی بابەتەکەیە؟

ئەوەی پێوەندیی بە بابەتەکەوە هەیە، گرنگە ڕۆماننووس بەر لە نووسینی هەر ڕۆمانێک، ئەو پرسیارە لەبەرچاو بگرێ: چی بنووسم؟ یان دەربارەی چی بنووسم؟ کاتێک ئەم پرسیارە بە بینینێکی قووڵەوە دەخاتە بەردەمی خۆی، کۆمەڵێک پرسیاری تری لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە، چ شتێکی تازە بخاتە سەر ئەو بابەتانەی پێشتر نووسراون؟ یان ئەو شتە چییە، کە ئەو لە ڕۆماننووسەکانی تر جیا دەکاتەوە و چی وای کردووە شتەکان دووبارە نەکاتەوە؟ هەڵبەت، لە سەرێکەوە ڕۆماننووس ئەمەی بۆ جێبەجێ نابێ، ئەگەر ئاگاداری ئەو بابەتانە نەبێ، کە پێشتر نووسراون. لە سەرێکی تریشەوە، ڕەخنەگر وخوێنەریش، مەبەستم خوێنەری جیدییە، دەبێ تا ڕادەیەک ئاگاداریان بێ. بێگومان بابەتەکان دەربارەی کەسایەتییەک یا ڕووداوێکی مێژوویی یا بیرۆکەیەک ئەوەندە زۆرن، زۆر جار مرۆڤ وا دەزانێ، ئیتر تەواو هەموو شتێک دەربارەی ئەو کەسایەتییە یا ڕووداوە نووسراوە، بەڵام ڕاستی، مەسەلەکە وا نییە. من دەمەوێ لەم دەروازەوە بچمە نێو ڕۆمانی مێژووییەوە.

بۆ نموونە، تا ئێستا بە سەدان بگرە زیاتریش ڕۆمان دەربارەی زۆربەی کارەکتەرە مێژووییەکانی وەکوو ناپلیۆن. هیتلەر، غاندی، نووسراون، بەڵام هیچ کامێکیان ئەوەی پێش خۆی دووبارە نەکردووەتەوە، بەڵکو هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاواز لەوانی تر، کارەکتەرەکانیان خستووەتە ڕوو. ئەمەیش خاڵێکی گرنگە، کە ڕۆماننووسی مێژوویی لە هەڵبژاردنی بابەتەکەدا لە بەرچاوی دەگرێ بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی سەرکەوتوو بێ.

سەبارەت بە فۆڕمەکەیش،

پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ڕۆماننووس بە چ «هۆ»یەک توانیویەتی بابەتەکەی بگەیەنێتە خوێنەر؟ ئەمەیش پێوەندیی بە کۆمەڵێک تەکنیک و بەو زمانەوە هەیە، کە هەڵیدەبژێرێ. ئەوەی بۆ هەر ڕۆماننووسێکی ئەمڕۆ گرنگە، ئەوەیە، کە دەبێ ئاگاداری بنەماکانی گەورەیی بەرهەمەکانی پێشتر و ئەمڕۆی دونیای ڕۆمان بێ لەسەر ئاستی جیهاندا، نەک بەمەستی لاساییکردنەوەی برگەکانی داهێنانی پێشتر، بەڵکو بەمەبەستی بیناکردنی داهێنانی تازە لەسەر پانتایی داهێنانەکانی پێشتر. خۆ دەشێ ڕۆماننووس سوود لە هەر داهێنانێکی نووسەرەکانی تر وەربگرێ بۆ خستنەڕووی بینینی تازە، بۆ نموونە، دەشێ هەر نووسەرێکی ئەمڕۆ وڕێنە و شەپۆلی هۆش لە بەرهەمەکەیدا بەکار بێنێ بۆ خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بیرۆکەی گۆشەگیری، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن بەکاری دێنێ.

بێگومان هیچ ڕۆماننووسێک نییە، هەوڵی ئەوە نەدا سەرنجی زۆرترین خوێنەر و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، بۆیە، لانیکەم بەشێک لە گەورەیی ڕۆمانەکە پێوەندیی بەو کاریگەرێتییەوە هەیە، کە بەسەر خوێنەردا بەجێی دێڵێ. لێرەدا دەکرێ بپرسین: بۆچی ڕۆمانێک، لەدوای بڵاوبوونەوەی، لە لایەن ئەو خوێنەر و ڕەخنەگرانەی، کە لە سەردەمی هەمان ڕۆماننووسدا دەژین و سەر بە هەمان زمان و کولتوورن، بەرز هەڵدەسەنگێندرێ؟ پاشان، بۆچی هەر ئەو ڕۆمانە، دوای زەمەنێکی دووردرێژ، لە لایەن خوێنەر و ڕەخنەگر و توێژەرەکانی سەر بە هەمان کەلتوور و زمانی ڕۆماننووسەکە، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی پێشتری لە سەردەمێکی تر و لە ئاستێکی بەرزتری ڕۆشنبیریدان، وەکو خۆی ماوەتەوە و هەمان ڕەزامەندی بەدەست دێنێ؟ هەڵبەت ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، هەڵسەنگاندنەکانی ڕەخنەگر و خوێنەرانی پێشوو بەند نەبووە بەو هەلومەرجانەی، کە ڕۆمانەکەی تیادا نووسراوە، بەڵکو سەبارەت بە خودی دەقەکە بووە، بەو جیهانە بووە کە دەقەکە لە

هـزری خوێنـەر و ڕەخنەگـردا دروسـتی کـردووە. ئـەم جیهانەیـش لـە گشـت ئـان و زەمانێکـدا ئـەم ڕەزامەندییـە بەدەسـت دێنـێ. بـە واتایەکـی تـر، ڕۆماننـووس لـەم حاڵەتـەدا، یەکـەم: سـنووری بیرکردنـەوەی خوێنـەری سـەردەمی خـۆی ترازانـدووە و ڕەگـی بـۆ قووڵایـی داهاتـوو هاویشـتووە. ئەمەیـش نەمـری بـە دەقـی ڕۆمانەکـە دەبەخشـێ. دووەمیـش: کاتێـک ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییـە لـە چوارچێـوەی جوگرافـی ئـەو زمانـە دەچێتـە دەرەوە، کـە ڕۆمانەکـەی پـێ نووسـراوە و ڕەزامەندییەکـە لـە پانتاییەکـی فراوانتـردا بەدەسـت دێنـێ، ئـەو کاتـە ڕەهەندێکـی جیهانـی وەردەگرێـت. ئـەم حاڵەتـە ڕوونتـر دێتـە بەرچـاو، ئەگـەر بەرهەمـی هەنـدێ نووسـەر بـە نموونـە بێنینـەوە، کـە لـە سەرتاسـەری جیهانـدا ناسـراون و ئێسـتاش هەمـان کاریگەرێتیـی جارانیـان هەیـە لـە دنیـای ئەدەبـدا. بـۆ نموونـە: بۆچـی «شەکسـپیر» شـاعیرێکی گەورەتـرە لـە «میڵتـن»؟ بۆچـی «چارلـس دیکنـز» بـە ڕۆماننووسـێکی گەورەتـر دەناسـرێ لە «هینـری جیمس»؟ بۆچی «مارسـیل پرۆسـت»، «فۆکنـەر»، «مارکیـز»، «دۆستۆیڤسـکی»،... تـاد تـا ئەمڕۆیـش لـە تـەواوی دونیـادا دەخوێندرێنـەوە؟ ئەگـەر هەمـوو ئەوانـەی لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کردن، لە بەرچاو بگرین، دەردەکەوێ کـە لەپـاڵ گەورەیـی ڕۆمانەکـە لـە بـاری فـۆڕم و ناوەڕۆکـدا، خوێنـەر و کاردانـەوەی خوێنـەر ڕۆڵیـان لـە سـەرکەوتنی ڕۆمانـدا هەیـە.

بەگشـتی پێویسـتە خوێنـەر بزانـێ، کـە ڕۆمـان لەسـەر دوو ئاسـت کار دەکا، یەکەمیـان لەسـەر ئاسـتی ناوەڕۆک: ئایا ڕۆمانەکە دەیـەوێ چـی بڵـێ؟ ئەمەیـش پێوەندیـی بـە بابـەت و بیرۆکـەی سـەرەکی و دەوروبـەر و... تـاد هەیـە و دووەمیشـیان، ئـەوەی دەیـەوێ بیڵـێ، چـۆن دەیڵـێ؟ ئەمەیـش پێوەندیـی بـە فۆڕمەکـەوە هەیـە، واتـە بـە شـێوەی داڕشـتن، بینیـن، ڕەهەنـدە میتافۆرییـەکان... تـاد. زۆر گرنگـە ڕۆماننـووس، تەنانـەت خوێنەریـش، هـەردوو دیوەکـە ببینـێ و بزانـێ چـۆن فۆڕمـی ڕۆمانەکـە دەبێتـە کۆڵەگـە بـۆ ناوەڕۆکەکـە و بەهێـزی دەکا.

ئێمە هەر لە چوارچێوەی ئەو سێ خاڵەی پێشتر باسم کرد، دەتوانین لە گەورەیی ڕۆمانی مێژوویی ورد بینەوەوە. یەکەم خاڵ شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆماننووس بوو لەگەڵ بابەتە مێژووییەکە. دیارە ئەمە ڕۆماننووسی مێژوویی دەخاتە بەردەم چەند ئالناگارییەکی سەخت. بەر لەوەی بچینە نێو ئەو ئالنگاریانەوە، با کەمێک لەسەر ڕۆمانی مێژوویی بوەستین.

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕۆمان، بە تایبەتی لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوو، بۆمان دەردەکەوێ، کە کەم پێشکەوتنی ڕۆشنبیری هەیە هێندەی هۆشیاربوونەوە لە ڕاستییە مێژووییەکان، کە لە ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەمدا ڕووی دا، کاریگەرێتی بەسەر ئێمەوە هەبوو بێت. ئەم هۆشیارییە مێژووییە بە بەرهەمەکانی مێژوونووسی ئەڵمانی لیۆپۆڵد ڤۆن رانکە، یوهان جوتفرید هردر، هەروەها کارل مارکس و ڕۆمانەکانی بەلزاک و تۆلستۆی و والتەر سکۆت ڕەنگرێژ کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆمانی مێژوویی، وەکوو پێویست بایەخی پێ نەدرا تا ئەو کاتەی جۆرج لۆکاش (١٨٨٥ـ١٩٧١) کتێبە بەناوبانگەکەی، کە بەناوی «ڕۆمانی مێژوویی»یە، لە ساڵی١٩٦٢ وەرگێڕدرا بۆ زمانی ئینگلیزی، بەو پێیەی لۆکاش لەمیانی لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی هۆشیاری مێژوویی، بایەخێکی زۆی بە ڕۆمانی وێیڤەرلیی (١٨١٤)، سیر والتەر سکۆت دا، وەکوو یەکەم ڕۆمانی مێژوویی ئینگلیزی. ڕۆمانی»وێیڤەرلی» باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٧٤٥ دەکا، کە یاکۆبییەکان لەپێناوی گەڕاندنەوەی بنەماڵەی ستیوارت لە ڕێگەی چارلس ئێدوارد ستیوارت بۆ فەرمارڕەوایەتی بەریتانیا و سکۆتلەندا ئەنجامیاندا.

بەهەرحاڵ، گرنگیی ڕۆمانی مێژوویی لەبەر ئەوە نییە، کە دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی تازەیە بۆ چێژی ئێستاتێکا. دەکرێ تێگەیشتنێکی روونتر لە ڕۆمانی مێژوویی چەند دیوێکمان لە سرووشتی مێژوو و پێگەی خۆمان وەکوو بوونەوەری مێژوویی بۆ ڕوون بکاتەوە. زۆر دەگمەنن ئەو نووسەرانەی بە تەواوی لە پێوەندیی ڕابردوو بە ئێستا تێگەیشتبن.

دۆزینـەوەی ئـەو ڕاستییەی، کە مێـژوو لـە هونـەردا کاریگەرێتـی بەسـەر هۆشـیاری مرۆڤـەوە هەیـە، گرنگترین هـەوڵ بـوو لـە سـەدەی بیسـتەم.

بـە گشـتی مێـژوو بـە دوو شـێوە لـە ڕۆمانـدا بـەکار دێـت: یـا ئەوەتـا دەبێتـە چوارچێـوەی چیرۆکەکـە، وەکـوو لـە ڕۆمانـی «بـەدەم بـاوە چـوو»ی مارگرێـت میتشـل بـەکار دێـت. مێـژوو لـەم ڕۆمانـەدا، کـە جەنگـی ناوخـۆی ئەمریکایـە، تەنیـا چوارچێوەیـە. ئەگـەر ئـەم چوارچێوەیـە لابدرێـت، ئـەوەی دەمێنێتـەوە چیرۆکێکـی دڵدارییـە و هیچیتـر. هەنـدێ جاریـش مێـژوو دەبێتـە بابەتـی ڕۆمانەکـە، ئینجـا بابەتەکـە کەسـایەتییەکی مێژوویی بێـت وەکوو ڕۆمانـی الامیر، کە واسـینی الاعـرج دەربـارەی عبدلقـادری جەزائیـری نووسـیویەتی یـا بابەتەکـە ڕووداوێکـی مێژووییـە وەکـوو ڕۆمانـی چـل ڕۆژەکـەی موسـا داغ، کـە فرانـز وێرفێـل نووسـیوییەتی و بابەتەکـەش قەتلوعامکردنـی ئەرمەنییەکانـە.

ئێسـتا بـا بگەڕێینـەوە سـەر ئاڵنگارییەکانـی بـەردەم ڕۆمانـی مێژوویـی، کـە وەکـوو گوتمـان پێوەندییـان بـە باتەکـەوە هەیـە. ڕۆماننـووس دەتوانـێ دەسـکاری مێـژوو بـکات، بـەڵام نـەک ڕاسـتییە مێژووییـەکان. دەسکاریکردنەکەیشـی لـە سـنوورێکی دیاریکـراو. ئـەو دەتوانێ چەنـد کارەکتەرێـک یـا چەنـد ڕووداوێـک دروست بکات بە مەبەسـتی پیشـاندانی قووڵایـی کارەکتـەر یـا ڕووداوە مێژووییـەکان. بـۆ نموونـە، دەتوانـێ ڕووداوەکانـی جەنگـی جیهانـی لـە بینینـی سـەربازێکەوە، کـە لـە واقیعـدا بوونـی نەبـوو بێـت، بگێڕێتـەوە، هەروەهـا دەتوانـێ، بـە پشتبەسـتن بـە ڕووداوە مێژووییـەکان، مێژوویەکـی ئاڵتەرناتیـڤ دروسـت بـکات. بـۆ نموونـە، دەتوانـێ وێنـای ئـەوە بـکات، ئەگـەر ناپلیـۆن لـە هێرشـەکەی بۆسـەر میسـر نوشووسـتی هێنابـا، چـی ڕووی دەدا، ئیتـر لـەم ڕوونگەیـەوە ڕۆمانێـک دابڕێژێـت. ڕۆماننووسـی ئینگلیـزی، ڕۆبێـرت هاریـس لـە ڕۆمانـی «خاکـی باپیـران» (١٩٩٢) وێنـای ئـەوە دەکات هیتلـەر بـراوەی جەنگـە، ئیتـر لـەم ڕووانگەیـەوە ڕۆمانەکـە کارەسـاتەکان پیشـان دەدات. کەواتـە ڕۆمانووسـی مێژوویـی دەسـکاری

ڕاستییە مێژووییەکان ناکات، بەڵکوو دەیاندۆزێتەوە و ساغیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە فۆرمێکی هونەری بەرز دایانبڕێژێتەوە. ئەمە گەورەترین ئاڵنگارییە ڕووبەڕووی ڕۆماننووسی مێژوویی دەبێتەوە لەبەر چەندین هۆ:

یەکەم: لەبەر هۆکاری ئایینییەوە. زۆرجار لەڕوانگەی ئایینییەوە تۆمەت دەخرێتە پاڵ ڕۆمانی مێژوویی و نووسەرەکەی سەرزەنشت دەکرێ و بگرە هەڕەشەی کوشتنیشی لێدەکرێ بەوپێیەی ڕاستییەکانی دەربارەی کەسایەتییەکی ئایینی یا بیروباوەڕێکی ئایینی شێواندووە. هەڵبەت تاکە کەسێک، کە مافی ئەوەی هەبێ بگرەوبەردە لەگەڵ ڕۆماننووسی مێژوویی بکا، خوێنەرە، نەک پیاوی ئایینی یا مێژوونووس، چونکە ڕۆمانەکە هەڵگری بیروباوەڕی نووسەرەکە خۆیەتی. ئەگەر ڕۆماننووس لە بەڵگەیەکی مێژوویی هەڵە بکات دەکرێ ببێتە مایەی گفتوگۆ و مشتومڕ لەگەڵیدا. ڕۆماننووس مێژوو ناگۆڕێ، بەڵکو پەیامەکەی خۆی لەڕێگەی پەنابردن بۆ ڕووداوێک یا چەند ڕووداوێکی مێژووییەوە دەگەیەنێ. هەڵبەت ناتوانێ ئەم کارە بکا ئەگەر شارەزاییەکی تەواوی لە مێژوو نەبێ. پێم وایە کێشەی ڕۆماننووسی مێژوویی، کە دەقێکی ئەدەبی دەنووسێ بە سوود وەرگرتن لە مێژوو، لەگەڵ ئەو مێژوونووسە نییە، کە بە میتۆدی زانستییەوە مێژوو دەنووسێتەوە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەیە، کە مشەخۆرن بەسەر مێژووەوە، ئەوانەی پێیان وایە، کە مێژوو بەشێکە لە شووناسی ئایینی، نەتەوایەتی یا کەسێنی.

دووەم: لەبەر بەپیرۆزکردنی ڕابردوو. یەکێک لە کێشەکان سەبارەت بە مێژوو، هەروەها ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە، کە خەڵک بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات، تا ئێستا لە ڕابردوودا دەژین، بۆیە دەقی مێژووییان بەلاوە گرنگترە لە دەقی ڕۆمانی مێژوویی. ئەوان پێیان وایە هەر شتێک لەگەڵ دەقی مێژوویی هاوتەریب نەبێ، مێژوویەکی بەنەفرەتکراوە. ئەوان بەگشتی، تەنانەت لە خوێندنگاکانیش مافی

ئەوەیان نییە قسە لەسەر مێژوو بکەن، مێژوو خەرمانەیەکی پیرۆزیی بەدەورەدا کێشراوە، بەتایبەتی مێژووی کەسایەتییەکان. پێویستە چۆن بۆیان گێڕدراوەتەوە، ئاوا وەریبگرن. ئەوانەی پێیان وایە، کە مێژوو بەشێکە لە شووناسی نەتەوایەتی یاخود کەسێنی و بە سۆزەوە سەیری مێژوو دەکەن، وا دەزانن ڕۆمانی مێژوویی، کە ڕاستییەکی پێچەوانە دەخاتە ڕوو، سووکایەتی بە بیروبۆچوون و بیروڕاکانیان دەکا. ئاخر ئەوان زۆر جار مێژووی نەتەوەیەک لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەنەوە، کە بریتین لە ڕووداوی پەرت و بڵاو. خۆ هەندێک جار مێژووی نەتەوەیەک لە تەنیا کەسایەتییەک کورت دەکرێتەوە و خەرمانەیەکی پیرۆزیشی بەدەورەیدا دەکێشرێ، کاتێکیش ڕۆمانی مێژوویی کار لەسەر وەها مێژووییەک یا کارەکتەرێکی مێژوویی بەپیرۆزکراودا دەکا و لە پیرۆزییەکەی دایدەماڵێ، بەڕادەیەک ڕەتدەکرێتەوە،کە دەگاتە هەڕەشەکردن بە کوشتن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکی ڕۆمانی مێژووییە، کاتێک بەرخورد لەگەڵ قۆناخێک، بیروباوەڕێک، هەلومەرجێک، ڕووداوێک، یان کەسایەتییەکی مێژوویی دەکا، بەر لە هەموو شتێک لەو پیرۆزییە دایماڵێ، کە وەکوو ڕایەکی گشتی چەسپاوە بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی بۆ مەبەستێک یا لەپێناوی بەرژەوەندییەکی تایبەتدا پەردەپۆش کراوە یان مێژوونووس خۆی لێ لاداوە، بخاتەڕوو.

لە کاتێکدا مێژوونووس بەرخورد لەگەڵ مێژوو دەکا بەوپێیەی مێژووی خەڵکە، کە ڕەنگە هەڵە بکات یا ڕاستی بپێکێ. ڕۆماننووس بۆ ڕوونکردنەوەی»ئێستا«یە پەنا بۆ «ڕابردوو» دەبات، بۆیە کێشەی ئەو لەگەڵ ئەوانەیە کە بە تەواوی لە پێوەندیی ڕابردوو بە ئێستا تێناگەن. ڕۆماننووس نابێ ملکەچی پیرۆزیی تۆمارە مێژووییەکە بێ. ئەوەی لای ڕۆماننووسی مێژوویی پیرۆزە، خەیاڵی خۆیەتی.


ڕاستییەک هەیە،کە هەمیشە جێگەی سەرنج بووە، ئەویش ئەوەیە، کە زۆربەی گێڕانەوە مێژووییەکانمان لە چوارچێوەی شەڕ

و پێکدادان و جەنگدا قەتیس کراون و بەهای ڕووداو و کەسایەتییەکان لەم ڕێگەوە دەستنیشان دەکرێن، وەک دنیا، جگە لەو پاشا و میر و بەگزادە و کەسایەتییانە زیاتر، کەسی تری تێدا نەبووبێ.»خۆفۆ»، کە نزیکەی٢٦٠٠ساڵ پێش زایین فەرمانڕەوایەتی میسری کردووە، هەرەمی خۆفۆی بەدەستی خۆی دروست نەکردووە، وەک دەیگێڕنەوە، بەڵکوو هەزاران کۆیلە و کرێکار دروستیان کردووە، کە لە شووناسە پلیشاوەکانیاندا هەزاران چیرۆک سڕاونەتەوە، بێئەوەی هیچ کەسێک لا بەلایاندا بکاتەوە. ئەمە بەشێکە لەو مێژووە شاراوەیەی، کە ڕۆمانی مێژوویی دەشێ کاری لەسەر بکا. ئەوەی لە مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا، وەک ئێمە لێیان شارەزاین، ختووکەی هەست و سۆزی خەڵک دەدا، بەپیرۆزکردنەکەی بووە، لە کاتێکا چەندان چیرۆکی توندوتیژی و نادادپەروەری و چەواشەکارییان تێدا بووە. ڕۆماننووس، ئەگەر ڕێز لە پەیام و خامەکەی خۆی بگرێ، زاتی ئەوە دەکا ئەم خەرمانە پیرۆزکراوە بترازێنێ و چیرۆکە دزێوەکانی ئەو مێژووە دەربخا، بەڵام بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژووییەکان. حبیب السائح ڕۆماننووسێکی جەزائیرییە و لە یەکێک لە ڕۆمانەکانی باسی بابەتێکی زۆر هەستیار دەکات دەربارەی شۆڕشی جەزائیر، ئەویش کێشە ناوخۆییەکانی ئەو شۆڕشەیە، ئەو توندوتیژییەی کە لە هەناوی ئەو شۆڕشەدا بوو. ئەمەیش جورئەتی دەوێ، چونکە باسی سەرکردە جەزائیرییەکان دەکات، کە بە هۆی بیرڕای جیاواز هاوڕێکانی خۆیان لەنێویان بردوون. یەکێک لەو سەرکردانە عبار رمضان بوو، کە ڕۆماننووس باسی لێوە دەکات. عبان رمضان یەکێک بوو لە کارەکتەرە دیارەکانی شۆڕشی جەزائیر، کە هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکانی لەمەڕ شۆڕش کۆ دەکردەوە، بەڵام دواجار بووە قوربانی ململانێ نێوخۆییەکانی تایبەت بە بەڵگەنامەکان و هاوڕێکانی خۆی بانهێشتی مەغریبیان کرد و لەنێویان برد، لە کاتێکدا لە ڕۆژنامەی فەرمی وا بڵاو کرایەوە کە لە ڕووبەڕوونەوەیەکی قارەمانە

لەگەڵ سەربازە فەرەنسییەکان شەهید بووە. هەڵبەت، ڕاستییەکە دواتر دەرکەوت. بۆیە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی پشکنین و کنەکردن ئەو ڕاستییانە دەدۆزێتەوە، کە بەڵگەنامە مێژووییەکان فەرامۆشیان کردوون.

خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەو مێژووەی لە ڕۆماندا بەکار دێت ئەوەیە، کە لەوانەیە مێژوو لە ڕۆمانە جیاوازەکاندا هەمان مێژوو بێ، بەڵام بە پلەی جیا جیا دەرکەوێ و بینینی جیاوازی تیادا بەرجەستە بێ. بۆ نموونە، ڕۆماننووسە عەرەبەکان، وەکوو غەسان کەنەفانی و ئیبراهیم نەسروڵڵا، کە باسی جەنگی ساڵی ١٩٤٨ی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکانیان کردووە، لەو ڕوانگەیەوە باسیان لێوەکردووە، کە کارەساتێکی گەورە بووە، لە کاتێکا ڕۆماننووسە ئیسرائیلییەکان، کە باسی هەمان جەنگ دەکەن، بە جەنگی سەرکەوتن باسی دەکەن. بۆیە، ئێمە دەبێ ددان بەوەدا بنێین، کە مێژوو لە ڕۆمانی مێژووییدا، ڕۆڵی جیا جیا دەبینێ.

ڕۆماننووسەکانی ڕۆژئاوا، کە



ئەلیکساندەر دوما

سەیری مێژووی خۆیان دەکەن، لە پیرۆزییەکان دایدەماڵن. مێژوو لای ئەوان کەرەسەیەکی خاوە، دەکرێ بۆ کاری داهێنەرانەی خەیاڵی بەکاری بێنن، کە لە باری مرۆڤایەتی و هزرییەوە سوودبەخش بێ، بێئەوەی وابەستەی سنووردارکردن بن. ڕۆمانێکی وەکوو «پیاوە ماسک ئاسنینەکە»ی ڕۆماننووسی فەرەنسایی ئەلەکساندەر دوما، کە لە سەدەی نۆزدەم نووسراوە، لەسەر چەند ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینە بنیاد نراوە، بە دیاریکراویشەوە دەربارەی لویسی چواردەمە، کە پاشای فەرەنسا بوو. ئەم پاشایە

کەسێکی خۆشەویست نەبوو، سەبارەت بەوەی فەرمانڕەوایەکی زۆردار بوو. لەو سەردەمەدا زیندانییەک هەبوو، لەژێر چاودێرییەکی زۆر ورد، لەم زیندان بۆ ئەو زیندان دەگوازریاوە، دەموچاوی بە ماسکێکی ئاسنین داپۆشرابوو. بۆیە، هیچ کەسێک نەیدەناسییەوە. ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە، بەڵام بایەخی ڕۆمانەکەی ئەلەکساندەر دوما لەوەدایە، چۆن بەرخورد لەگەڵ ئەم مێژووە دەکا بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی مێژوویی نایابی وەکوو «پیاوە ماسک ئاسنینەکە»ی لێ بێنێتە بەرهەم. ئەو لە ڕۆمانەکەیدا وای خستۆتە ڕوو، کە خەڵکی دەربار لە لویسی چواردەم زۆر بێزار بوونە و گریمانەی ئەوەش دەکا، کە لویسی چواردەم برایەکی دوانەی هەبووە و لە ترسی ئەوەی ڕکابەریی لەگەڵدا بکا، خستوویەتییە زیندانەوە، دوای ئەوەی ماسکێکی ئاسنینی لەسەر دەموچاوی داناوە. ئیتر، کە دارودەستەکەی پاشا بەم نهێنییەی پاشا دەزانن، شوێنەکانیان دەگۆڕن، واتە، پاشا دەخەنە جێگەی برا زیندانیکراوەکە و براکەیشی دەکەن بە پاشا. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ مێژوو، دواجار، دەچێتە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبی داهێنەرانە.

بەهەرحاڵ، ڕۆمان، بەوپێیەی ڕووبەرێکە بۆ داهێنان، پێویستە، لە چوارچێوەی دووبارە دارشتنەوەی مێژوو، مەرجە هونەری و ئێستاتیکییەکانی تێدا بێ، چونکە ئەدەب، کە یەکێک لە پێناسەکانی، بریتییە لە پرۆسێسی دۆزینەوە، هەروەها گواستنەوە لە دنیای گشتی بۆ تایبەتی، لە دەرەوە بۆ ناوەوە و لە ڕواڵەت بۆ قووڵایی، پێویستی بەم مەرجانەیە. لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا چەندان ڕووداو و کارەکتەری کاریگەر هەبوونەو لە کتێبە مێژووییەکان فەرامۆش کراون. لەپشت ڕووداوە مێژووییەکان یا کەسایەتییەکی مێژوویی ڕاستییەک هەیە، کە مێژوونووس ڕەنگە لەبەر هەندێک دەربەستی، کە لە دەرەوەی مەودای مێژووە، ڕاستییەکە دەرنەبڕێ. ڕەنگە دەربەستییەکە کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئایدۆلۆژیایەکی حزبی بێ، بە مەبەستی خزمەتکردنی

بیــروڕا یــان دەســەڵاتێکی دیاریکــراو. بۆیــە، مێژوونــووس خــۆی لێلادەدا. خــۆ هەندێــک جــار ڕاســتییە مێژووییەکــە پێوەندیــی بــە کەســانێکەوە هەیــە، کــە لــە ژیانــدا مــاون و مێژوونــووس، لەبــەر هــەر هۆکارێــک بــێ، باســی لێــوە نــەکا. بۆیــە، ڕۆماننووســی مێژوویــی، بــۆ دۆزینــەوەی وەڵامــەکان، بــە وردی بــەدوای ئــەو دیــوە شــاراوانەدا دەگــەڕێ لــە مێــژوو. ڕەنگــە، دواجــار، خوێنــەر، بەتایبەتــی ئــەو خوێنــەرەی لەژێــر کاریگەرێتــی بەپیرۆزکردنــی ڕووداو و کەســایەتییە مێژوویــەکان دایــە، پێشــوازی لــەوە نــەکا، کــە ڕۆماننــووس، بــە پاســاوی داهێنــان کەموکــووڕی کەسـایەتییەکی مێژوویــی پیشــان بــدا، کە مێژوو شــکۆ و شــانازی پێ بەخشیوە لەبــەر ئــەو هۆکارانــەی باســمان کــرد. ڕۆماننــووس نابــێ ملکەچــی پیرۆزیــی تۆمــارە مێژووییەکــە بــێ.

ئــەوەی لای ڕۆماننووســی مێژوویــی پیــرۆزە، خەیاڵــی خۆیەتــی و ڕاســتییە مێژووییەکانیــش بــواری ئــەوەی پــێ دەدەن ســنوورەکانیان بترازێنــێ، بــەڵام لای مێژوونــووس، بــە پێچەوانــەوە، تەنیــا ڕاســتییە مێژووییەکانــی خــۆی پیــرۆزن.

کەواتــە، ڕۆماننــووس لــە خۆیەوە شــت نانووســێ، بەڵکــو بــە پشتبەســتن بــە ڕاستییە مێژوویــەکان دەنووســێ. بۆیە، کاتێــک ڕۆماننــووس لــە دروســتکردنی شــتێکی ئــاوا پەنــا بــۆ خەیــاڵ دەبــا، پێویســتە لەســەر بنەمایەکــی لۆژیکــی بنیــات بنــرێ. لێــرەدا دەردەکــەوێ، کــە دۆکۆمێنتــە مێژوویــەکان بــەس نیــن و ڕۆماننــووس دەبــێ لێکۆڵینــەوە لــەو دۆکۆمێنتانــە بــکا، واتــە، کاتێــک ڕۆماننــووس پەنــا بــۆ مێــژوو دەبــا، دوو ئەرکــی زۆر ســەخت جێبەجــێ دەکا، ئەوانیــش بریتیــن لــە لێکۆڵینــەوەی ورد و گــەڕان بــەدوای دۆکۆمێنتــە مێژوویــەکان، پاشــان، ئەرکێکــی لەمــە ســەختتر جێبەجــێ دەکا، ئەویــش بریتییــە لــەوەی، چــۆن ئــەو کارەکتــەرە مێژوویــە یــا ئــەو ڕووداوە مێژوویــە دەخاتــە چوارچێــوەی پرەنســیپەکانی ڕۆماننووســین و کاری داهێنەرانــەوە. ئەمــە بەرپرســیارێتییەکی گــەورەی ڕۆماننووســە، چونکــە ڕۆماننــووس، دواجــار، دەبــێ وا لــە خوێنــەر بــکا هەســت بــکا ڕۆمــان دەخوێنێتــەوە نــەک مێــژوو. هەرکاتێــک خوێنــەر

هەست بکا مێژوو دەخوێنێتەوە، مانای ئەوەیە، ڕۆماننووسەکە لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی نوشووستی هێناوە و نەیتوانیوە ببێتە ڕۆماننووسی مێژوویی.

کەواتە کارە گرنگەکە ئەوەیە، چۆن ڕۆماننووس ڕووداوە مێژووییەکە یا کارەکتەرە مێژووییەکە دەخاتە ناو سیستەمی ڕۆماننووسین و پەرە بە ئاڕاستەی ڕووداو یا کارەکتەرەکە مێژووییەکە دەدا و کەشێکی گونجاوی بۆ دروست دەکا. خۆ زۆر جار ڕۆماننووس لە نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا کارەکتەرێک یا چەند کارەکتەرێک دروست دەکا، کە لە مێژوودا نەبوونە یان گۆڕانێک بەسەر کارەکتەرە مێژووییەکەدا دێنێ، بەڵام بە پشتبەستن بەو ڕاستییە مێژووییانەی، کە بۆی یەکلا بوونەتەوە. مێژوو ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی کارەکتەرێک دەخاتە ڕوو و ڕۆماننووسیش کاری لەسەر دەکا. هەڵبەت زۆر جار ژیانی کارەکتەرێکی مێژوویی، خۆی لە خۆیدا ڕۆمانە، بۆ نموونە کاتێک بەدوای ژیانی ناپلیۆندا دەچێ، دەڵێی لەبەرانبەر دنیای ڕۆمانێک دایە. کەواتە ڕۆماننووس، لە باری ئاوادا، هەر لەسەرەتاوە هێڵە گشتییەکەی ڕۆمانی لەبەر دەستە. ئەمە شتێکە مێژوو پێی داوە، بەڵام ئەوەی بۆ ڕۆماننووس گرنگە، ئەوەیە، چۆن لەو وردەکارییە پەرش و بڵاو و دۆکۆمێنتانە ڕۆمانێک بنیات دەنێ و زمانێکیشی بۆ دروست دەکا، بەمەرجێک بتوانێ خوێنەر قایل بکا. لێرەدا مێژوو ئامادەیە، بەڵام ئەوە هەوڵ و ماندووبوونی داهێنەرانەی ڕۆماننووسە لەو مێژووە ڕۆمانێک دادەڕێژێ، کە بە ڕۆمانی مێژوویی ناوزەد دەکرێ. ڕاستی، بەبێ ئەم داهێنانە، ڕۆمانی مێژوویی نایەتە بەرهەم.

# ڕەخنەگرێک..
# شەڕ بە هەموو شاعیرەکان دەفرۆشێ ..!



مەولود ئیبراهیم حەسەن

**پێشەکی**

کتێبی: (سەدساڵ سوریالیزم لە مەخلوقاتی شیعری ئازاد سوبحیدا – ٢٠٢٤ چاپی سێیەم) ئێستا ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە دەمێکە لەبەردەستی من دایەو تا ئێستا دووجارم خوێندووتەوە، بەڕاستی پێویستە هەموو خوێندەوارێکی خۆشەویستی کورد..ئەم لێکۆڵینە ڕەخنەییە بەوردی بخوێنێتەوە،خۆ ئەگەر خوێندەواری خۆشەویست شاعیر بێت،ئەوە خوێندنەوەی دووجار ئەرکە،ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە لە دنیای شیعری ئەمڕۆی کورد، لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیەک نیە بەرهەمی بەردەوامی ڕەخنەی کوردی بێت و لە سەر کلتورە

ڕەخنەیەکەمــان پێگەیشــتبێ، دەتوانــم بــە ڕاشــکاوی بڵێــم: چ مامۆســتای ڕەخنەگــر،چ ڕەخنــە لێکۆڵینەوەییەکــە لــە نێوەنــدی ڕەخنــەی کــوردی ئەمــڕۆدا زۆر تــازەو ڕێزپــەڕە! ڕێــز پــەڕەو بەتەنیــا لــە ســەرلوتکەیەکی داهێنانــی ڕەخنەییدا دەوەستێ،دەوەســتێ و کەســی قبــووڵ نیــە بچێتــە تەکیا..!هەروەهــا لــە ڕەخنــە لێکۆڵینەوکەیــدا شمشــێر قەڵەمێکــی بەدەســتەوەیە، شــاعیر کۆچکــردوو ( ســوبحی کۆیــی) لــە هەمــوو شــاعیرانی بــە شــاعیر تــر دادەنــێ و لــە هەمــوو شــاعیرانی پێشــە خــۆی و دوای خــۆی دادەبــڕێ! ئەگــەر بڵێــم ڕەخنەگــر لــەدوای شــاعیرانی کــوردی کلاســیک .. کــەس بــە شــاعیر نازانــێ ، ئــەوا دوور نەڕۆیشــتووم، ئەگــەر بــەوردی ڕایــە ڕەخنەییــە لێکۆڵینەوەکانی ئەو مامۆستا ڕەخنەگرە بخوێنینەوە،دەبینین.. زۆر بە بەڵگــەو زانســتیانەو ئــاگادارو وشــیارانە ڕایەکانــی خــۆی دەردەبڕێ،دیــارە مــن خــۆم وەکــو مەولــود، لەگــەڵ هەمــوو ڕایــە ڕەخنەییەکانــی ئــەو بەڕێــزە دانیــم، بەتایبــەت لــەوەدا کــە پێیوایــە، دوای کۆچکــردوو ســوبحی کۆیــی و پێــش ســوبحی کۆیــی شــاعیرمان نیــەو نەبــووە! لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن ڕێــز لــە ڕایەکانــی دەگرم،چۆن ئــەوە بەڕێــزە بــە لێکۆڵینەوەیەکــی ڕەخنەیــی و لــە دوو تــۆی کتێبێکــداو چاپــی ســێیەمیشــی خســتووەتە بــازار، کەواتــە ئــەو بەڕێــزە بەمکارەی مەیدان لە نووســەرو شــاعیرو ڕەخنەگرەکانمــان دەخــوازێ و ئامــادەی گفتوگۆیــە! بەڕێــز مامۆستا (حســێن ســۆران یــان وەک لەســەر بەرگــی چاپــی ســێیەمی ئــەم کتێبــە نووســراوە دڵــدار عەلــی خەلیفــە) زۆر بــە ڕوونــی ڕای خــۆی لــە بــارەی شــیعری کــوردی دوایــی کلاســیک دەردەبــڕێ و هەموویــان بــە شــاعیر نازانــێ، هەتــا گۆرانیــش!! ئــەو لای وایــە گــۆران تەنیــا وێنــەی سروشــتی کێشــاوە ، هــەر بۆیــە پێیوایــە هەمــووان پێویســتە بچنــەوە ماڵــێ خۆیــان! لێرەوە مــن لــەو بەڕێــزە جیادەبمــەوە ، تەنیــا خاڵێــک مــن مامۆســتا ســۆران یــەک دەخــات شــاعیریەتی کۆچکــردوو ( ئــازاد ســوبحی) یە،کــە منیــش ئــەو شــاعیرە بــە شــاعیرێکی گــەورە دەزانم،بــەڵام ،گەورەیــی ئەو شــاعیرە ڕێ لــە گەورەیی شــاعیرەکانی تــر ناگــرێ! بەتــەواوی قەناعەتــە بــەڕای خــۆم هێشــتا شــاعیری گەورەمــان هەن،کــە ئەدەبــی کــوردی شــانازیان پێــوە دەکات، لای مــن ژیــان ڕەنگاوڕەنگــە.. بۆیــە هــەر شــاعیرێک..

ئەگــەر بەڕاســتی شــاعیر بێــت ســوار ئەسـپی مەیدانـی شـاعیریەتی خۆیەتـی، کـە بێشـک هـەر شـاعیرەو لـەوەی تـر جیایـە.

**ئەو ڕەخنەگرە بەڕێزە کێیە؟**

مامۆســتای ڕەخنەگــر بەڕێز(حســێن ســۆران) ە،کــە وەک لەســەر بەرگــی چاپـی سـێیەمی ئـەو کتێبـە نووسـراوە، بەهــەر هۆیــەک بێــت مامۆســتا نــاوی خــۆی بە(دڵــدار عەلــی خەلیفــە) نووســیوە.

ئــەو نووســەرە شــاعیرو ڕەخنەگــرو لێکۆڵــەرو ڕۆماننووســە.. دوور لــە هەمـوو پێـدا هەڵگوتنێـک نووسـەرێکی داهێنــەرو گەورەیە،بــەڵام هێنــدەی مــن بزانـم و ئاگاداربـم، نێوەنـدی ڕەخنـەی کـوردی خـۆی بـە بەرهەمەکانـی ئـەم بەڕێـزەوە خەریـک نەکـردووە، دەڵێـم.. نێوەنــدی ڕەخنــەی کــوردی نــەک نێوەندی خوێندنـەوە ! هـەر ئـەوەی ئەم کتێبـە گەیشـتووەتە چاپـی سـێیەم.. دیــارە دەخوێندرێتــەوە ، بــەڵام ، مــن ئـاگادار نیم،کـە ئـەم کتێبـەو کتێبەکانی تـری کەوتبنەتـە بـەر تیشـکی ڕەخنـە ! ئێمــە لــە نێوەنــدی ئەدەبــی کــوردی ڕەخنەگــری بــاش و بەتوانامــان هــەن، کـە هەندێـک لـەو ڕەخنەگرانـە ئاسـتی ڕەخنەکانیــان هیچــی لــە ڕەخنــەی پێشـکەوتووی هاوچـەرخ و سـەردەمی ئێسـتای جیهـان کەمتـر نیـە ! کاری باشیشـان کـردووە ، لـە سـای ئەوانـەوە نێوەنــدی ئەدەبــی کوردیمــان بــێ ڕەخنەگـر نیـە! بـەڵام ، هێنـدە هەیـە بەڕێــژەی شــاعیرو چیرۆکنــووس و ڕۆماننووســە باشــاکانمان ، ژمــارەی ڕەخنەگرەکانمــان ئــەوە نیــە بتوانــن وەک پێویسـتە نووسـەرە بەتوانـاکان و دیوانــە شــیعرە جوانــەکان و چیرۆکــە باشــەکان و ڕۆمانــە هاوچەرخەکانمــان بەســەر کەنــەوە! هــەر ئەوەشــە هــۆی ئــەوەی کــە هەنــدێ نووســەرمان هــەن ، نووســەری بەتوانــان و کاری چاکیــان کــردووەو تەمەنێکیــان بــەڕێ کردووە،کەچـی تـا ئێسـتا ڕەخنـە لای لێنەکردوونەتــەوە، ئەمــەش ناخۆشــترین کارێکــە بــۆ نووســەرێک کــە بــەردەوام بنووســێ و جوانیــش بنووســێ..کەچی ڕەخنــە هیــچ یــەک لــە کارەکانــی ئــەوە بەڕێزانـەی بەسـەر نەکردبێتـەوە! ئـەوە نــەک هــەر پێویســتە دەقــە ئەدەبیــە داهێنـراوەکان و نووسـینە جۆراوجۆرەکان ڕەخنــە بەســەریان بکاتــەوە، بەڵکــو هەتــا نووســینە ڕەخنەیــی و کتێبــە

ڕەخنەییەکانیش پێویستیان بەوە هەیە، کە ڕەخنە بیانگرێتەوە،چۆن بەڕای من ڕەخنەی زانستی و ئەوەدەبی بۆ نێوەندی ڕۆشنبیری هەر میللەتێک وەک دڵی زیندوو و گەرمی پڕ چالاکی ئەوە نێوەندەیە،بەداخەوە ..ئێمە لە پاڵ نەبوونی بەرنامەی شیاو بۆ وەرگێڕانی دەقە زیندوو و پڕ داهێنانەکانمان،ئەوا ڕەخنەیەکی گشتگیرو بەرزو فراوان و سنوور بەزێنیشامان وەک و پێویست نیە!

**گرنگی ڕەخنە ..**

ئێستا ڕای هەندێ لە نووسەرو ڕەخنەگران لەبارەی ڕەخنەوە دەگوێزمەوە ئێرە.. تەها حوسێن دەڵێ: ڕەخنە زانست و هونەرە پێکەوە،ڕەخنە پێداهەڵگوتن و شکاندنەوە نیە! ڕەخنە تێگەیشتینی دروستی دەقە. نەجیب مەحفوز دەڵێ: نووسەر پێویستی بەڕەخنەگری ڕاستگۆیە بۆ ئەوەی پێشبکەوێ. هەروەها ئەدۆنیش دەڵێ: ڕەخنە زمانێکی نوێ بۆ تێکگەیشتن بەرهەم دێنێ! ڕەخنەگر ئەوە نیە هەر تەنیا دەق شیبکاتەوە، بەڵکو کەسێکە، کە دیدێکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە دەق دێنتە ئاراوە. ڕۆلانبارت دەڵێ:ڕەخنە چینە شاردراوەکانی دەق دەدۆزێتەوەو دەبێتە هۆی ئەوەکە وابکات دەق تەنیا بە یەکجۆر نەخوێندرێتەوە! ت. س. ئێلیۆت دەڵێ: ڕەخنەگرە هاوسۆزە لەگەڵ نووسەر، بەڵام، ئاسانکار نیە بۆی. وەک دەبینن هەموو ئەو ڕەخنەگرو نووسەرەگەورانە ڕەخنە بەپێویست دەزانن بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و بەردەوامی داهێنان . هەر لە-ڕوانگەوە من ئەم کتێبە لێکۆڵێنەوە ڕەخنەییەی نووسەر مامۆستا (حسێن سۆران ) دەخەمە بەرچاوان، بۆ ئەوەی دواجار گفتوگۆیەکی زانستی و ڕەخنەگرانە دروست بێت و سەرەتایەک بێت بۆ قۆناغێکی نوێ بۆ ڕەخنەی کوردی ڕەخنە لە ڕەخنە!

مامۆستای ڕەخنەگر کتێبەکەی کردووە بەسێ بەش:

بەشی یەکەم: سەرهەڵدانی زمان وگوتاری سوریالیزم لە تێکستە شیعریەکانی (ئازاد سوبحی)دا .

بەشی دووەم: جەوهەری میتافیزیکی. چیژی مەرگ... لە ئیستاتیکای شوێن و زەمەنی (ئازاد سوبحی)دا.

بەشی سێیەم وکۆتایی: تێکست و گوتاری فەلسەفی ...مۆزیکی شیعری.. لە وێنە سوریالی و میتافیزیکیەکانی

(ئـازاد سـوبحی)دا .

لــەم ســێ بەشــەدا ڕەخنەگــر بــاس لــە ســوریالیەت دەکات و لای وایــە ســوریالیەت کۆتایــی نەهاتــووە و شاعیر کۆچکردوو ئـازاد سـوبحی، وەک شـاعیرێکی کـورد یەکێکـە لـە شـاعیرە گەورەکانـی سـوریالیزم لـەم سـەدەیەدا، نـەک هــەر ئەوەنــدە بەڵکــو ئــازاد شــاعیرێکی کــوردی ســوریالی ئاســت بـەرزە ، لـە ئاستبەرزەکانی سـەردەم و هێشـتا لەسـەر دەسـتی ئـازاد سـوبحیدا ســوریالیەت هــەر بەردەوامــە!

جگـە لەمـەش بـاس لـە شـاعیریەتی ئــازاد ســوبحی دەکات و دەنووســێ نەپێــش ئــازاد و نــەدوای ئــازاد هیــچ شاعیرێک لـە نێوکـورد بـە ئاستی ئازاد شاعیر نەبـووە! هـەر ئـەم ڕایەشـە وای لـێ دەکات، لـە دوای ئـازاد چـاوی هیـچ شـاعیرێکی تـر لـە نێـو کـورد دا نەبینێ!

ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتووە..پەڕەگراف پەڕەگـراف هەندێـک لـە ڕایەکانـی بـرای ڕەخنەگـر وەک خـۆی بگوێزمــەوە، بـۆ ئــەوەی خوێنــدەواری خۆشەویســت ، ئەگــەر ئــەم کتێبــی ( ســەد ســاڵ ســوریالیزم لــە مەخلوقاتــی ئــازاد ســوبحیدا) ی نەخوێندووتەوە،کەمێــک لـە ڕایەکانی (حسـێن سـۆران ) بکەوێتـە بەرچـاوو لەمـەوە هەوڵـی پەیداکـردن و خوێندنـەوەی ئـەم لێکۆڵێنـە ڕەخنەییـە بـدات و ببینـێ و بزانـێ کـە لـە نێـو ئـەم کتێبـەدا چ باسـە!


خوێنــدەواری خۆشەویســت.. لــە ڕاســتی دا مــن نابــێ پەڕەگــرف پەڕەگــراف ڕایەکانــی بــرای ڕەخنەگــر بگوێزمــەوە ئێــرە! باشــتر بــوو ئەگــەر بکرابـوا.. تـەواوی کتێبـە ڕەخنەییەکە شـیعرەکانی ئـازاد سـوبحی بخەمـە نێـو کەوانـە، چونکـە دڵنیام بە گواسـتنەوەی پەڕەگــراف پەڕەگــراف غــەدر لــە ڕەخنەگـر و لێکۆڵینـەوە ڕەخنەییەکـە دەکـەم و لەگـەڵ خوێندەواریش ڕاسـتگۆ نابـم !؟ بەڵــێ ڕاســتگۆ نابم..چــۆن لـەت لەتکردنـی جەسـتەیەکی زینـدوو و پارچـە پارچـە نیشـاندانی پارچـەکان بـە خوێندەوار..هەرگیـز نابێتـە ئەوەی،کـە خوێنــدەوار خــۆی تــەواوی ڕەخنەکــە بخوێنێتەوە؛بەڵام،مــن بــۆ ئــەوەی دوکەڵـی ئاگـرە کـە نیشـانی شـاعیرکان بـدەم، فیتنەکارانــە هێڵــی ســوور بــە ژێــر ڕایــە ڕوون و زەق و ڕەقەکانــی دڵـدار عەلـی خەلیفەی(حسـێن سـۆران) دا دەکێشــم و نیشــانەی پرســیارو سەرسـوڕمانیان بـەدوادا دەکێشـم.

سـەرەتا دڵـدار عەلـی خەلیفـە کـە

لە ڕاستیدا حسێن سۆرانە، لە ل٥ی کتێبەکەیدا، بە ڕایەکی (ڕیلکە) دەچێتە نێو بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە، کە نووسیویەتی :(هەرگیز شیعر مەنووسە، تەنها ئەو کاتانەی هەست دەکەیت، نەینووسیت گیانت دەردەچێت!) نووسەر لە پەنا ئەم ڕایەی ڕیلکە دەیەوێ بە شاعیر بڵێ: شیعر نووسین ڕزگار بوونە لە مەرگ ! لێرەوە ڕەخنەگر شیعر نووسین بە کارێکی زەحمەت و ئەستەم و ترسناک دەزانێ و دەڵێ..ئەم کارە هی ئەوە نییە هەرکەس هەڵسا یان دانیشت شیعر بنووسێ ؟!

**سوریالیزم لە دیدی حسێن سۆرانەوە**

حسێن سۆران لە بارەی سوریالیزمەوە دەنووسێ: (زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە سوریالیزم مردوە، کەچی ئێمەو سەدانی وەکو ئێمە،سوریالیزم بەو جادوگەرە نەمرە دەزانین، کە لە هەر شتێکی نایابدا، یان نوسراوێک، یان دەقێکی شیعری نەمر ،ڕاستەوخۆ بە سوریالیزم پێناسە بکەین، وەک بڵێی سوریالیزم تاقانەی هەموو داهێنان و بەهرەکانە، ئیدی ئەوپەڕی زمانی ئەفسوناویە لەسەرجەم



حسێن سۆران


بوارەکاندا)ل١٢،١١ وەک دیارە ڕەخنەگر نەک لای وایە کە سوریالیزم نەمردووە،بەڵکو لەناو هەر داهێنانێکدا زمانی ئەفسوناوی سوریالیزم دەبینێ. ڕەخنەگر بەردەوام دەبێت و لە بارەی سوریالیزمەوە دەنووسێ: (سوریالیزم تا ئێستا لە جیهانی ئێمەدا ئامادەگی هەمیشەیی خۆی هەیە، لەناوماندایەو ناتوانین دەستبەرداری بین! وەک ئەوەی چارەنووسی هەموو هونەرو نوسراوەکان، بەم شوناسە هونەری و ئەدەبیەوە پەیوەستبێ!) ل١٢ مامۆستای ڕەخنەگر لەبەردەوامی نووسینەکەی دێتە سەر سوریالیزمی ڕەحمەتی ئازاد سوبحی ، لێرەوە بەردەوام باس لە شیعرە سوریالیزمیەکانی ئازادو سوریالیزمی شیعری ئازاد سوبحی

دەخاتە بەرچاو.

**شیعری سوریالیزمی ئازاد سوبحی لە دیدی حسێن سۆرانەوە**

ڕەخنەگر حسێن سۆران هەر لە لاپەڕەی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە ئاوا دەستپێدەکات: (لە بەرە بەیانی سەد ساڵەی ڕۆشنبیری و شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، ئێمە لە بەردەم شوێنەوارێکی گەورەی شیعر ڕادەوەستین و هەڵوێستەیەک دەکەین..ڕاگوزەور بە نێو زمان و ئەندێشەی ئەدەبی دنیای خۆمان دەپشکنین و نیگا دەکەین ..تا ئەو شوێنەی سوریالیزم و میتافیزیکی شیعری ئازاد دەمانبات و شوناسی ئەو شاعیرە بە خوێنەری کوردو غەیرە کورد دەناسێنین،ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم سەدەیەکی نوێی شیعری سوریالیستی و میتافیزیکی کوردی تازەداین، فۆڕمێکی نامۆ بەدنیایی خەیاڵ و زمان و ئەدەبیاتی کورد ..کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو هاوشێوەی نیە!) ل٩ وەک دەبینن ئەو بەڕێزە سەرەتای سەد ساڵی دەستپێکردنی شیعری سوریالیزمی کوردی لە شیعرەکانی ئازاد سوبحیدا دەبینێ ، مامۆستا هەر بەوە ناوەستێ کە بڵێ سوریالیزمی سەد ساڵی داهاتووی کورد لە شیعرەکانی ئازادەوە دەست پێدەکات ، بەڵکو دەنووسێ: (سوریالیزمی ئازاد تەنانەت لە سوریالیزمی دنیا جیاوازترە!) ل٢٨ مامۆستا ئازاد سوبحی و شیعر و سوریالیزمەکەی بۆ برای ڕەخنەگرە چەق و نێوەندو کرۆکی تەواوی کتێبە ڕەخنەییەکەیەتی ، تا دەگاتە ئەوەی بڵێ: (لەم بوارەشا ئازاد باشترین سوریالیزمی سوریالیزمەکانە.) ل٢٩ ئازاد لای ڕەخنەگر هەر دەستپێکەری سەد ساڵەی سوریالیزمی کوردی نیە، بەڵکو باشترینی سوریالیزمی هەموو سوریالیزمەکانە !؟ ئازاد بەشێکی گرنگی وەس وەسکانی ئازاد لە سیستمێکی شیعری ڕێکخراوی دژە لۆژجیک و ناڕێکخراو بوونی هەیە، بە دەیان ڕستەی وێنەی سوریالی بۆ جیهانی تازەگەری ڕەخساندووە.) ل٣٨ ئەوەتە دواجار ڕەخنەگر ئازادی شاعیر هەر لە سنووری داهێنانی سەد ساڵەی سوریالیزمی کوردی ناهێڵێتەوە، بەڵکو لە وێنەی تازەی سوریالیزمیدا وێنە بۆ جیهانی سوریالیزمی دەخاتە بەردەست ! ڕەخنەگر بەردەوام دەبێت لە دەرخستینی

جیاوازیەکانی سوریالیزمی ئازاد لەگەڵ سوریالیزمی جیهانی، دەنووسێ: (ئەوەی سوریالیزمی ئازاد لە شیعری سوریالیستی جیهانی دەرەوەی ئێمە جیادەکاتەوە، ئەو بێدەنگی و ئارامیە مەزنەیە،کە ئەم زاتە دروستی کردووە.)ل٤٢ ڕەخنەگر ئەوەندە سەرسامە بە شیعرەکانی ئازاد کە دەگاتە ئەوەی بڵێ: ( لەو باوەڕەدام ئازاد هەرگیز ئەم شیعرانەی بۆ کورد نەنووسیبێت.) ل٥٢ چونکە لای وایە، (ئازاد کەسێکە هەمیشە لە ڕێگەی شیعرەوە بیری نوێ بەرهەم دێنیت و بە ئاماژەی سادە شیعر بۆ ئێمە بەیان دەکات.) ل٦٦ دواشت،کە لە نووسینی ئەم ڕەخنەگرە وەریبگرم لە باسی شیعری ئازاد سوبحیدا ئەوەیە کە دەنووسێ: (ئازاد لای من تاکە شاعیرە کەس نەیتوانیوە زمانی بدزێت !) ل١٦ یان ئەوتا دەڵێت: (بەبڕوای من هیچ کەس لە دنیایی شیعری کوردیدا،کەس وەکو ئازاد فەلسەفەی تێکەڵ بە شیعر نەکردوە، بەڵام، لە ڕێگەی دەسکاری کردن و ڕەخنەکردنی تەواوی




دەستەواژەو چەمکە فیکریەکاندا خۆی دەبینێتەوە .) ل٨٣

حسێن سۆرانی ڕەخنەگر لە تەواوی لێکۆڵینەوەکەیدا زۆر بە پشوو درێژی ماندو نابێت لە پەسنکردنی ئازادو شیعری ئازادو سوریالیمی شیعری ئازاد سوبحیدا.

**شیعرو شاعیرانی کورد لە دیدی حسێن سۆرانەوە ..**

مامۆستای ڕەخنەگر لەگەڵ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی شیعری (ئازاد سوبحی)یە،بەڵام،هەر ناوە ناوە

لا بەلای شاعیرانی کورد دەکاتەوەو دەنووسێ: (ئەگەر بەلایەکی دیکەشدا سەیری شیعری داماو و بەستەزمانی کوردی بکەین ئەوا ماڵ وێرانیە.. یان ئەوەتا گەمژانە یاری بەزمان و مەتەڵ و حیکایەت دەکات ، یان سەرتاپا ورێنەی یادەوەری کەساسی خۆیمان پێشکەش دەکات، یان خەریکی مەکرو درۆیە بۆ جنسی ئافرەت..ئەم بابەتەش هەرگیز ناچنە چوار چێوەی شیعریەوە، چونکە شیعر یاساو ڕێساو سیستەم و بیری خۆی هەیە ، جگە لە خەسڵەتەکانی تر..لە سەرووی هەموو ئەمانەش مێژووی هەموو نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بیرمەندێ بەرهەم بێنیت بە ئێستاشەوە!کە ئەمەیان یەکێکە لە پایە گرنگەکانی بوون بە شاعیر..) ل٢٠،٢١ برای ڕەخنەگر ڕایەکانی زۆر ڕوونە سەبارەت بە شیعرو شاعیرانی کورد،ئەوەتە دەنووسێ:

(هەرگیز بروانا کەیت لە ژیاندا نەفام و نەزانی وەکو شاعیری کوردی ئێستا هەبێت لەم بوارە!) ل٢١ حسێن سۆرانی ڕەخنەگر لە ڕەخنەکانی خۆی لە شیعرو شاعیرانی کورد.. زۆر توندو گشتگیرە،کە دەنووسێ ڕووی لە هەمووانە: (ئەوەی لە شیعری کوردی ئێستا هەیە،جگە لە نەزانی و گەمژەیی هیچی تر نیە! نەفامییە پێت وابێت یاریکردن بە وشە یان زمان داهێنانی شیعریە،ئەوە تەنها شیعری شاعیرە نەفامەکانی ئێستای کوردن خەریکی ئەم یاریە قێزەونەن.)ل٨٥ برای ڕەخنەگر لێرە ئەوە دەسنیشان دەکات،کە لە شیعرو شاعیرانی کورد بەدڵی نیە! — یاریکردن بە وشەو زمان ؟!— بەڵام، ئەرێ شاعیرانی کورد هەموویان ئاوان؟! مامۆستای ڕەخنەگر هەر کاتێک جوانیەک لە شیعری مامۆستا ئازاد سوبحی شاعیر باس دەکات، دێتەوە سەر شاعیرانی کوردو شیعرەکانیان دەنووسێ: (چونکە ئەمڕۆ لە دنیای شیعری کوردی بە ناو نوێ، شیعر بە ئەندازەی ڕیسوایی مرۆڤ ڕیسوا کراوە،بە جۆرێک دەتوانی ئەو گاڵتە جاڕیە شیعری و ئەدەبیە ببینیت مەگەر تەنها شاعیر زۆرو بۆرەکانی باشووری کوردستان ئەوەیان کردبێت، نموونەکانیش زۆرن، دەتوانیت لە ناوەندوو کتێبخانەکانەوە بە لۆری شاعیری کوردی باشوور بارکەیت و دنیای پێ ناشیرین کەیت.) ل١٣٢ لە گەرمەی ئەم نەفەس و هەناسە گەرمیەی مامۆستای ڕەخنەگر

لە شیعرو شاعیرانی کورد،کە هەمیشە بەکۆ ڕەتیان دەکاتەوە،دواجار لە نێو تەواوی نووسەرانی کورد، تەنیا دوو نووسەری ناوداری کورد پەسند دەکات و دەنووسێ: (دیارە ڕێزم بۆ کەسانێکی کەم هەیە ڕەنگە لەیەک بۆ دوو کەس تێنەپەڕن، کە توانیان دنیای ئێمە جوانتر بکەن،بەتایبەت لە ڕووی ئەدەبەوە،کەسانی وەک مامۆستا شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی لە دیارترینەکانیانن،کە مێژووی ڕۆشنبیری کوردی قەرزاری ئەم دوو زاتەن، ئەگەر بڵێم پێش شیرزاد و بەختیار ڕۆمانی کوردی هەر بوونی نەبووە نابێتە درۆ! )ل١٤٧،١٤٨ ئەگەر سەرنج بدەین مامۆستا حسێن سۆران بەردەوام لە نێو ئەم لێکۆڵینە ڕەخنەییەدا، جگە لە ئازاد سوبحی شاعیر کە زۆر بە دڵیەتی، ئەوانی تر تەواوی شاعیرو ڕۆشنبیرانی هەمووی بەلاناوە،بەڵام، لە کۆتاییدا دوو نووسەری ناوداری کورد دێنێتە ڕیزی ئازاد سوبحی شاعیرو ئەوانیش پەسند دەکات،ئەو دوو بەڕێزەش مامۆستایان (شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی)ن! ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی کە برای ڕەخنەگر لە خوێندنەوەی ئەدەبی کوردیدا گشتگیرەو ئاگاداری نێوەندە ئەدەبیەکەیە، هەر بۆیە پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی هەیە، هەرچەندە پەسندو ڕەتکردنەوەکە زۆر ناهاوسەنگن، بەڵام،ئەمە دیدو بۆچوونی خۆیەتی و ڕای خۆی بە هوشیاریەوە دەردەبڕێ!

**ئەنجـــــام**

یەکەم:لە پەنای کتێبی (سەد ساڵی سوریالیزم لە مەخلوقاتی شیعری ئازاد سوبحیدا ) دەردەکەوێ کە ڕەخنەگرو لێکۆڵەر حسێن سۆران ڕەخنەگرێکی نوێ و بەتوانایە و ئاگاداری ڕەخنەی جیهانی سەردەمە .

دووەم:ڕەخنەگر لە دەربڕینی ڕایەکانی خۆی دوو دڵ نیەو قسە لە ڕووەو دەزانێ چی دەڵێ و چی دەنووسێ .

سێیەم:کە بەردەوام بە گشتگیری قسە دەکات، هۆی ئەوەیە کە ئاگاداری نێوەندە ئەدەبیەکەی کوردەو خوێندنەوەکەشی گشتگیرە.

چوارەم:کە کتێبە ڕەخنەییەکەی خۆی لە سێ چاپدا بڵاو کردووتەوە،بڕوای بە خۆی هەیەو ئامادەی ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆی ڕەخنەییە.

پێنجەم:ڕەخنەگر،کە سەد ساڵەی شیعری کوردی لە گۆڕانەوە ڕەتدەکاتەوە،دیارە ئاگاداری تەواوی ڕەوتە ئەدەبیەکەیەی ئەم سەد ساڵەیەو، بەتایبەت ڕەوتە شیعری و بزووتنەوە شیعری و ڕێبازو جۆری سەرهەڵدانەکانیان.

**پێشنیار**

- بەڕێزان لە نووسین و خستنە بەرچاوی ئەم کتێبە ڕەخنەییە، مەبەستی ئێمە ئەوەیە،ئەم لێکۆڵێنەوە گرنگ و ترسناکە هەروا بەبێ دەنگی تێنەپەڕێ،کە تائێستا تێپەریوە، ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قۆناخێکی نوێی ڕەخنەوە ڕەخنەی ڕەخنە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا.

- نووسەر بۆ خۆی،کە ئاوا بە گشتگیری شاعیران ڕەتدەکاتەوە، بۆ خۆی داهێنەرێکی بەتوانایەو بەرهەمی زۆری لە بوارەکانی شیعرو ڕۆمان و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆردا هەیە.

- من کە کتێبە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری بەڕێز بەگرنگ دەزانم ، ئەوە بەو واتایە نیە ، کە من لەگەڵ تەواوی ڕەخنەکانی ئەوم بەرامبەر بە سەد ساڵەی شیعری کوردیمان تا دەگاتە ئەمڕۆ.

- لای من ژیان بە ئەدەبیشەوە ڕەنگاوڕەنگە،ئەمەش یاسای ژیانە لە هەموو ڕهەندەکانەوە، ئەدیب و شاعیرانیش ناکرێ هەموویان بەیەک ئاست و بەیەک جۆر و بەیەک ڕێباز بنووسن، وەک ئەوەی ناکرێ هەموو گوڵەکانی وڵاتەکەمان یەک ڕەنگ و یەک بۆن و یەک شێوەیان هەبێت .

- تکا دەکەم و هیوادارم گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی پڕ لە زانست و ئاستی بەرزی ئەدەبی سەرهەڵبداو دوور بێ لە گیانی یەکتر شکاندن و تۆمارکردنی ڕەخنەیەکی نا ئەدەبی.

- ئەگەر برای ڕەخنەگر لە هەندێ جێگا وشەو ڕستەو دەربڕینی وای بەکارهێناوە بە دڵی ئێمە نیە! ئێمە خۆشمان شتێک نەنووسین دوا جار بەدڵی کەسانی تر نەبێت.

هەولێر / ٢٠٢٥/١١

* **



# بەیان سەلمان: نوێگەرایی بە کەسێک دەکرێ، کە باوەڕی بە نوێ و بە داهێنان هەبێت.

**دیمانە: د. سەنگەر نازم**

سڵاو و ڕێز خاتوونی خۆشەویست. ئەم پرسیارانەی لێرەدا هاتوون دابەشی سەر سێ گرووپ دەبن، هەندێکیان تایبەتن بە ژیانی تاکەکەسی، بەشێکیتریان تایبەتن بە ئەزموون و داهێنانی خۆت و بەرهەمەکانت، بەشی سێیەمیان تایبەتە بە بۆچوونی بەڕێزتان وەکو ڕەخنەگرێک لەبارەی ئەدەبیاتی جیهانی بە گشتی و نووسەرانی کورد بە تایبەتی. ئەوەی گرنگە تۆ ئازادیت لەوەی وەڵامی هەر پرسیارێک نەدەیتەوە، ئەگەر لەگەڵ بۆچوونەکانت نەگونجێت، یاخود نەتەوێت لە سەکۆیەکی لەم چەشنە بڵاوبێتەوە. لەم ڕووەوە ئێوە تەواو سەربەستن.

بەر لەوەی دەست بە پرسیارەکان بکەم پێمخۆشە کورتەیەکی ژیانت و وێستگە

گرنگەکانی ژیانت بە شێوەیەکی تایبەت بۆ گۆڤاری نووسەری کورد بنووسیت.

**کورتەی ژیاننامە:**

ڕۆماننووس و شاعیر و وەرگێڕە. لەساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا، لە کەرکوک لەدایکبووە .لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتاکو قۆناغی ئامادەیی هەر لە کەرکوک بوو. ساڵی ١٩٨٦ کۆلێژی ئابووری و بازرگانی لەزانکۆی بەغداد تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ مامۆستا بووە لە ئامادەیی بازرگانیی ڕانیە. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٨ لە ڕێکخراوە مرۆییەکاندا لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان کاریکردووە. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەژی. کاری نووسین و وەرگێران دەکات و دامەزرێنەر و سەرنووسەریی سایتی (ترانسکولتوور) https://trans-cultures.fr/ ە.

***

سەنگەر: بەڕێزتان لە گەرمیان و لە شاری کەرکووک لەدایکبوون و خوێندنتان بە زمانی عەرەبی بووە، تەنانەت قۆناغی زانکۆشت هەر بە زمانی عەرەبی خوێندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک بەشێک لە نووسەرانی دیکەی ئەو ناوچەیە نەبوویت و هەوڵتداوە زۆرینەی بەرهەمەکانت بە کوردی بنووسیت و یەکەمین کۆمەڵە شیعریشت بە ناونیشانی «نامۆیی سەر وهەرەسی دیمەنەکا»ن هەر بە کوردی نووسیووە» ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە توانیبێتت لەناو جەرگەی زمانێکی باڵادەستی وەک عەرەبی خۆت دەرباز بکەیت و بە کوردییەکی ڕەوان بنووسیت. تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

بەیان: گرنگە لەناو زمانی دایکی خۆت کار بکەیەت، ئەگەرچی بایەخ بە زمانی تریش بدەیت و پێی بنووسیت. زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە، تەنیا پێویستی بەوەیە بەکاری بهێنیت و زیاتر گەشەی پێ بدەیت. هەر ئەدەب و نووسینیشە، کە پەرە بە زمان دەدات و دەیهێڵێتەوە. بەڵام دژی ئەوە نیم، کە یەکێک بە زمانێکی تر بنووسێتەوە. ئەوە پابەندە بە هەلومەرجی یەکێک لەو شوێنەی لێیدەژی.

سەنگەر: بەڕێزتان کۆلێژی ئابووری

و بازرگانیتـان لـە زانکـۆی بەغـدا تەواوکـردووە، کەچـی هێنـدەی مـن ئـاگادار بـم بچووکتریـن شـتت لەسـەر ئـەم بـوارە نەنوسـیووە و لـەدوای ڕۆیشـتنت بـۆ هەنـدەران ڕاسـتەوخۆ ڕووت لـە خوێنـدن کردۆتـەوە لـە بـواری ئەدەبیاتـی فەڕەنسـی و ئەدەبیاتـی خەیاڵـی و ئۆتۆفیکشـن بڕوانامـەی بـەرزت بەدەسـتهێناوە. ئایـا ئەدەبیـات حـەزی لەپێشـینەت بـووە، یـان وەکـو جـۆرە گۆڕانکارییەکی لەنـاکاو هاتۆتەناو ژیانتـەوە؟

بەیـان: کاتێـک لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگیـرام، وەک یەکەمەکانـی ئامادەیـی بازرگانـی دەرچـووم، بـۆ ئـەو دەمانـە هەردەبـوو بچینـە زانکـۆی بەڕێوبەڕایەتی و ئابـووری یـان پەیمانگـەی تەکنیکـی تـەواو بکەیـن. بـەڵام، ئـەدەب زۆر گرنـگ بـوو و هەتـا ئەمـڕۆش زۆر گرنگـە لـە ژیانـم، تەنانـەت پێـش ئـەوەی بچمـە زانکـۆی بەغـدا، بـە بەردەوامیـی ڕۆمـان و شـیعر و کتێبـی تـرم پـێ دەخوێنـدەوە و لـە بەغـدا هاوڕێیانـم دەزانـن کـە بـەردەوام کارتۆنێکی گەورە کتێبـم لـە ژورەکـەدا هەبـوو. ئەوجا کـە دەرفەتێکـم بـۆ ڕەخسـا دیسـان بخوێنـم، ئـەو بـوارەم هەڵبـژارد، کـە خواسـتم لەسـەری بـوو و خەونـی هەمیشـەییم بـوو، ئـەوەش لـە پاریـس هاتـەدی.

سـەنگەر: تۆ بەشێک لە بەرهەمەکانت بـە زمانـی عەرەبـی بڵاوکردۆتـەوە. ئایا زمانـی عەرەبـی بـە تایبـەت لـە عێـراق، کە سیسـتمە دەسـەڵاتدارەکەی هەمیشـە لـە هەوڵـی قڕکـردن و سـڕینەوەی ناسـنامە و جینۆسـایدی تاکـی کـورد بـووە و بـەم زمانـەش تاکە کوردییـەکان ڕاپێچـراون بـۆ مـەرگ و زیندانـەکان و لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن وەکـو مەرجـی یەکـەم سـەپێندرابووە سـەر خوێنـدکارە ناعەرەبـەکان... ئـەو زمانـە لای تـۆ چـی دەگەیەنێـت؟ ئایـا وەکـو زمانێکـی ئاسـایی سـەیری دەکەیـت، کـە هیـچ تاوانێـک هەڵناگرێـت؟ یـان ئەویـش لـە بەرهەمهێنانـی توندوتیژیـدا وەک ئـەوەی فۆکـو دەڵێـت: مەعریفـە» کـە زمانیـش بەشـێکە لێـی» بێتـاوان نییـە؟ ئایـا ئـەو زمانـە بـە زمانـی دووەمـی خـۆت دادەنێیـت؟

بەیـان: منیـش هەمـان نیگەرانیـی ئێـوەم هەیـە و پرسـیارەکەتان لـەلای خۆمـەوە دەوروژێنـم. بـا کۆنکرێتـی و واقیعـی بیـن. یەکـەم: زمانـی عەرەبـی،

کە لە حەوزی دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور و دەریای عەرەبی و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی جیهان قسەی پێدەکرێت، بۆ چەندین سەدە زمانی بیرمەند و شاعیر و زانا بووە، کە لە درەوشاوەترین و گرنگترین کەسایەتییەکان بوون بۆ تێگەیشتن لە جیهان. دووەم: زمانی عەرەبی، هاوشێوەی زمانی تورکی و فارسی، بۆ گەلی کورد زمانی داگیرکەر بووە! لە هەمان کاتدا زمانی پەیوەندیش بووە لەنێوان کەمینە نەتەوەییەکانی ناو خاکی ئێمەدا و زمانێکە کە ناتوانین ڕۆڵە کولتوورییەکەی نەبینین و وەبەرچاوی نەگرین. لەو ڕووەوە، پرسارەکەی بەرێزت زۆر گرنگە، بەوەی پێویستە، لەم کاتەدا کە زمانە بیانییەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو دزەیان کردووەتە ناو نەوەی لاودا، وا بکەین کە فێربوون و گەشەپێدان و بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی و کولتووری کوردی هان بدەین. بێگومان بەبێ دەمارگیری و بەبێ نەتەوەپەرستی. چونکە هەندێ بۆچوون دەخوێنمەوە، کە پێموایە ئەوە بۆچوونی کەسانێکی تووڕەن و تاوان دەدەنە پاڵ ئەو زمانە. لە دۆخی ئێمەومانان کە لە کەرکوک و ناوچەکانی گەرمیان بووین، ئێمە بە ئەو زمانە قسەمان کردووە، خوێندوومانە، هاوڕێیەتیمان گرێ داوە لە نێو کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوورییەکان و کلدانیەکان و سوبییەکان! واتە ئەگەر ئەمدیوی ببینین تێبینی دەکەین، کە ئەو زمانە هاوبەشە پردێکی تێگەیشتن و هاوتەبایی بوو. هەتا ئێستاش لەلای خۆمەوە یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانم تورکمانە و کە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و دەچم بۆ کەرکوک یەکتری دەبینین! ئەگەر نموونەی نووسەرێکی جەزایری وەک (ئاسیا جوبار) وەرگرین، ئەم بە زمانی عەرەبی نەینووسیوە و زمانی فەرەنسی بە باشیی بەکارهێناوە کە تەنانەت لەسایەی ئەو زمانە لە ئاکادێمیای فەرەنسی بە ئەندام وەرگیرا. لەبەر ئەوە بوو کە نەیەتوانی بە زمانی دایک بنووسێت، واتە ئەمە نە هەڵەیە و نە کەموکوڕییە، بەڵکوو پابەندە بە هەلومەرجەوە. بەڵام کاتێک ئەو هەلومەرجەمان بۆ دەرەخسێت بە زمانی دایک بنووسین، بێگومان بەم

زمانــەی خۆمــان دەنووســین.

ســەنگەر: بــە بــڕوای تــۆ نووســین بــە زمانــی دایــک گرنگتــرە، یان بــەو زمانەی کــە نووســەر تێیــدا باڵادەســتە؟ زمانــی دایــک لای تــۆ چــی دەگەیەنێت؟ ســەلیم بــەرەکات بــە عەرەبــی دەینوســی و خۆی کــورد بــوو و کوردیشــی دەزانــی، بــەڵام لــە نووســیندا هێنــدەی بەســەر زمانــی عەرەبــی باڵادەســتە، بەســەر کوردی زاڵ نییــە. لــە وەڵامــی هەمــان پرســیارمدا ژان دۆســت جارێکیــان پێیگوتــم بــۆ مــن زمانــی عەرەبیــش وەکــو کــوردی زمانــی دایکــە، چونکــە زمانێکــە چەندیــن ســاڵ لەنــاوی گەورەبــووم و تاکــە ســەرچاوەی ڕۆشــنبیریم بــووە و خۆشــم دەوێــت. ئایــا تــۆ هەســت و بیرکردنــەوەت لــەم لایەنــەوە چۆنــە؟

بەیــان: بــە بــڕوای مــن، (ســەلیم بــەرەکات و ژان دۆســت)، ئەوەنــدەی ئــاگادار بــم، بــە کرمانجــی دەدوێــن بــەڵام ناتوانــن بــە زمانــی کــوردی بنووســن، لەبــەر ئــەوە ئاســاییە، وەک پێشــتر وتم، کــە ئــەو زمانــەی دەســەڵاتیان بەســەردا دەشــکێت باشــترە ئەوەیــان بەکاربهێنــن. هــەردوو نووســەریش زمانێکــی عەرەبــی زۆر ڕەوان و تۆکمــە بــەکار دەبــەن و بابەتەکانیــان ڕیشــەی لەنــاو کــورد و زمانــی کوردیدایــە.

ســەنگەر: تــۆ هەندێــک وتــاری ڕەخنەییت لەســەر بەرهەمەکانی ســەلیم بــەرەکات نووســیوە و بــە عەرەبــی لــە ڕۆژنامەکانــت بڵاوکردۆتــەوە، هەروەهــا ڕۆمانێکیشــیت بــۆ ســەر زمانــی فەڕەنســی وەرگێــڕاوە. بۆچــی ســەلیم بەرەکات؟ بۆ مەحمــوود دەرویش، یان نەجیــب مەحفــووز، یــان نووســەرێکی دیکــەی عەرەبــی نــا؟

بەیــان: چ (مەحمــود دەروێــش) و چ (نەجیب مەحفوز)، دونیایــەک کاریــان لەســەر کــردوون و خوێندنەوەیــان بــۆ بەرهەمەکانیــان کــردووە، بــەڵام چەنــد کــەس بابەتــی لەســەر (ســەلیم بــەرەکات)ی نووســیوە؟! کاتێــک لــە زانکۆی پاریس بەشێکی ماجستێرەکەم لــە بــارەی ‹‹کهــوف هایدراهوداهــوس›› بــوو تاقــە بابــەت بــوو، کــە لــەو زانکۆیــە لــە بــارەی بــەرەکات تۆمــار بکرێــت! کەوابــێ تێڕوانینەکــەم دروســتە.

ســەنگەر: ئەگــەر کاریگــەری بــە دیوە خــراپ و نەرێنییەکــی لێکنەدەینــەوە. ئایــا بەڕێزتــان بــە چ نووســەرێکی عــەرەب، یــان بیانــی کاریگــەر بــوون؟

ئـەو کاریگەربوونـە چ جـۆرە شـتێکی پێبەخشـیت؟ هەروەهـا لەنـاو کورددا بە کـێ زۆر کاریگـەر بوویـت و ئەدەبیاتـی چ ماوەیـەک و چ نووسـەر و شـاعیرێکی کـورد بووەتـە هەوێـن بـۆ داهێنـان لاتـان؟

بەیـان: بەڕاسـتی بەلامـەوە سـەیرە نووسـەرێک باسـی ئـەوە بکات کە تاقە کتێبێـک یـان فیکـری یـەک نووسـەرێک کاریگەریـی بەسـەرەوە هەیـە! مـن وای دەبینـم کـە ئێمـە بـە درێژایـی ژیانمـان دەخوێنینـەوە، لـە هـەر قۆناغێکیـش خوێندنەوەمـان جیـاوازە و دەگـۆڕێ، ئـەوەی دوێنێکـە جێژمـان لێدەبینـی ڕەنگـە ئەمـڕۆ وا نەبێـت، ئـەوەی ئەمـڕۆ چیـژی لـێ وەردەگریـن، لەلای کەسانێک سـەیر بێـت، ئەگەرچی هەندێجار دێینەوە سـەر کتێبێـک بـە تایبەتـی و دەمانـەوێ دیسـان بیخوێنینـەوە. لەبـەر ئـەو هۆیـە ناتوانـم بڵێم،کـە کتێبێـک بەتایبەتـی کاریگەریـی بەسـەرمەوە هەبـوو، بـەڵام دەتوانـم باسـی بابەتێکـی نێـو کتێبێـک بکـەم، یـان کەسـایەتییەک، دۆخێکـی تایبەتـی، زمانەکـەی، ئاوازەکەی،کـە هەتـا ئێسـتا لەگەڵمـدا دەژی.

سـەنگەر: هەموو نووسـەر و شـاعیرێک کتێبێـک وەکـو کتێبـی پیـرۆزی خـۆی سـەیردەکات. ئایـا ئینجیلـی پیـرۆزی ئێـوە چ کتێبێکـە؟

بەیـان: ئـەم پرسـیارە پەیوەنـدی بـەوەی پێشـووەوە هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەڵێـم، بـە گشـتیی (هێرمـان هسـە) بـە قووڵیـی بەرهەمەکانـی زۆر شـتی لـە ناخمـدا بەجێهێشـتووە. هـەر گەنجێک بۆی برەخسێت ‹‹سیدهارتا›› و ‹‹دمیـان›› بخوێنێتـەوە بۆچوونـی سـەبارەت بە مرۆڤ و هەلومەرجی ژیانی دەگۆڕێت. بـەو بۆنەیە بابەتێکی کورتم بـە فەرەنسـی لەسـەری ئامـادە کـردووە و لـە داهاتـوودا بـڵاوی دەکەمـەوە.

سـەنگەر: ئایـا ئـەو بزووتنـەوە شـیعرییانەی لەنـاو ئەدەبیاتـی کوردیـدا دەرکەوتـوون، بـە تایبـەت ڕوانگـە و گرووپـی کفـری کەرکـوک. هیـچ جـۆرە کاریگەرییەکیـان بەسـەر بەرێزتانـەوە نەبـووە؟ یـان هـەر نووسـەرێکی دیکـەی کـورد، کـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان لـە قۆناغـی سـەرەتایی نووسـینتدا پێـی کاریگـەر بووبێـت.

بەیان: مـن ئـەو گروپانـەم نەناسـیوە، لەبـەر ئـەوە ناتوانـم هیچیـان لـە بـارەوە بڵێـم. بـەڵام دەکـرێ باسـی

نووسەرێکی بواری شانۆگەریی بکەم وەک (موحیەدین زەنگەنە) کە زۆر پێی سەرسام بووم، چ بە توانای و جوانی بەرهەمەکانی، چ بە خاکێتیی کەسایەتی هەتا دوا ساتەکانی ژیانی.

سەنگەر: بە بڕوای بەڕێزتان لەبەرچی نووسەرانی ژن لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا لە گەرمەسێرەوە پشکووتوون؟ ئەم پرسیارە لای من سەرسوڕهێنەرە چ بەیان سەلمان و چ مهاباد قەرداغی و چ کەژاڵ ئەحمەد و چ ئەحلام مەنسوور و کێ و کێ... زۆرینەیان لە گەرمیان بوون. ئەگەر بە پێوەری ڕۆشنبیری و خوێندەواری بوایە دەبوو لە سلێمانی ئەم بزووتنەوەیە دەرکەوتبوایە، بەڵام ڕاستەوڕاست لە گەرمیان دەرکەوتووە، ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ بۆ چ هۆکارێکی دەگەڕێنیتەوە؟

بەیان: ناوچەکانی گەرمیان هەتا ئەمڕۆکە بە زۆری کۆزمۆپۆلیتن. ئەو ئاڵۆگۆڕە گەورەیەی لەم ناوچانەدا هەبوو، جێپەنجەی بە سەر تاکەکانییەوە بەجێدەهێڵن. خۆشبەختانە ئێستا ئەم دیاردەیە هەموو ناوچەکانی تری کوردستانی گرتووەتەوە. شارەکان وەک جاران لە ئاستی ‹‹شارچێتی›› تەسک نەماون، ئەگەرچی جار و بار لەملاوئەولا گوێمان لە بەرزکردنەوەی دروشمێکی ‹‹ڕەسانەیەتی›› دەبێت، کە هەرگیز لە قازانجی پێکهاتەی شارێکدا نیە، ئەوەندەی دەمارگیریی و هاودژییەکەی دەرەخات، لەبری ئەوەی پێشی بخات، دەیکاتە نموونەیەکی گوشەگیر بۆ فیکرێکی کۆنەپەرستی و چەقبەستوو. ئەمڕۆکە، نەک تەنیا شار و وڵاتێک بەتایبەتی، بەڵکو خودی جیهان بە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ نەماوە و چیتر جێی نابێتەوە! شارچیتی ناکاتە پاراستنی کولتوور و زمان و خەسڵەتەکانی ناسنامەیەک؛ دەچێتە قاڵبێکی نەگۆڕ و لە جێی خۆی لە ناو قوڕاوی ‹‹باو›› و ‹‹دوێنێ››، دەچەقێت!

سەنگەر: تۆ وەکو وەرگێڕ چەند بەرهەمێکت وەرگێڕاوە. ڕۆمانێکی سەلیم بەرەکات بۆ فەڕەنسی و( «کاندید»ی ڤۆڵتێر و»کۆمەڵە چیرۆکی بنەچە و میتامۆڕفۆسی ئۆڤید و شەقامی دوکانە تاریکەکانی پاتریک مۆندیانۆ و کەرکەدەنی یونیسکۆ و کوردستان خۆشەویستەکەم/

کوردستان هاورێیەکەم)ت بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە. ئایا لای تۆ وەرگێڕان هونەرە، یان زانستە، یان کۆکردنەوەی هەردووکیانە؟ خیانەتە، یان دۆستایەتییە؟

بەیان: بە ڕستەیەکی (پۆل ڕیکۆر) وەڵام دەدەمەوە کە دەڵێت، ‹‹بۆچی دەق وەرەگێڕین؟ چونکە مرۆڤ بە زمانی جیاواز قسە دەکات›› کەوابێت وەرگێڕان هونەرە، زانستییە، کولتوورە، ئەزموونە، قووڵیی بیری ڕۆشنبیری کەسەکەیە و لێهاتوویی لە تێگەیشتنی زمانەکانە. هاوکات داهێنانێکە بەڵام سەربەخۆ نییە لە نووسەرەکەی. لەلای (والتەر بینیامین)، ‹‹وەرگێران دەنگدانەوەی دەقە ڕەسەنەکەیە لە زمانێکی تردا››. لەلای (جاک دێریدا) ‹‹بورجی بابل خودی وەرگێڕانە›› مەبەستی دێریدا لە مشتومڕە لە بارەی وەرگێڕان و بۆچەنەکانی لە بارەیەوە کراون. لە ڕێگای ئەم نموونەیە پێمان دەڵێ کە بورجی بابل وەک ئەفسانەیەکی وەرگێڕان وایە، چونکە پەرتبوونی زمانەکان، مەحاڵبوونی یەک تاکە زمانێک، وا دەکات وەرگێڕان وەک پێویستی و ململانێی هەر بەردەوام بێت.

سەنگەر: نووسەرێک گوتوویەتی: نووسەران ئەدەبی نەتەوەیی دەخولقێنن و وەرگێڕەکان ئەدەبیاتی جیهانی. تا ئێستا چەند بەرهەمت بۆ زمانانی بیانی وەرگێڕدراوە؟ ئایا وەرگێڕانی بەرهەمە کوردییەکان بۆ سەر زمانی دیکە وەکو هۆکارێک دەبینی لە چوونی ئەدەبیاتی کوردی بۆ ناو نەخشەی ئەدەبی جیهانی؟

بەیان: هەتا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمم، چ بە هاوکاریی خۆم و چ لەلایەن نووسەرانی ترەوە وەرگێڕدراون. من لەو کەسانەم کە بە شێنەیی کار دەکەم، هەڵپە ناکەم بۆ ئەوەی زوو کارەکانم بێنە ناو زمانی تر، چونکە لە وەرگێڕان تێگەیشتووم دەکرێ ببێتە زیانێک بۆ نووسەرەکەی لەبری ئەوەی قازانجی پێ بگەیەنێت. وەرگێران بۆ زمانی تر گرنگە، بەڵام نابێت ببێتە خولیا بۆ گەیشتن بە جیهانیی، گرنگ ئەوەیە بنووسی و بەردەوامبیت لە کارەکانت، ئیتر باقیاتەکەی بەجێهێڵە بۆ کات. بۆ نووسەری کورد کاتێکی زۆرمان




پێویستە تا کارەکەی لە نێو ئەو زمانە بیانییەدا دەناسرێتەوە. ئێمە تەنانەت وەکو نووسەری عەرەب و تورک نەناسراوین، ماوەیەکی دوورو درێژمان دەوێت تا کارێکمان جێی خۆی دەکاتەوە. ئەمەش هەر دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکەیت و چالاک بیت تا بیگەیەنیتە نێو نێوەندی خوێنەرانی بیانی کە ئاشنای جۆرێکن لە نووسین و هێشتا چاویان بەسەر نووسینی نووسەرانی ئەم ناوچەیەدا نەکردۆتەوە. لێرەوە، دەبێ زۆر بە باشیی کار لەسەر کتێبەکانمان بکرێت بۆ ئەوەی جێی خۆیان بکەنەوە لە ناو ئەدەبی ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت. ئەمە کاتی زۆری دەوێت، کەسانی شارەزا و بە توانا و بە سەبری پیویستە. چونکە زمانی کوردی هێندە نییە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێت، ئیدی یان کەسەکە زمانی دایک بە باشیی نازانێت، یان شارەزایی زمانەکەی تر نیە، یاخود هەردوو زمانەکەی ئەوەندە نییە بتوانێت وەرگێڕانی پێ بکات. ئێمە ئێستا نەوەیەکمان هەیە ئەوەندەی بایەخ بە زمانێکی بێگانە دەدەن کوردییەکەیان لەو ئاستەدا نییە وەرگێڕانی پێ بکەن. هاوکات بۆ وەرگێڕانی کاری خۆمان وەک نووسەر، ناتوانین بەردەوام بنووسین و لە هەمانکاتدا وەرگێڕان بۆ بەرهەمی خۆمان بکەین! دەکرێ چەند کارێکی کەمی خۆت بکەیت، بەڵام کات نییە بۆ زۆرترینیان.

سەنگەر: ئەدەبیاتی جیهانی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟ لە کاتی نووسیندا هیچ هەوڵی ئەوە دەدەیت ببیتە زمانحاڵی هەموو مرۆڤەکانی دونیا؟ یان تەنیا بە بەرجەستەکردنی خۆشی و ئازارەکانی تاکی کورد و ڕۆژهەڵاتی دەتەوێت پەیامەکەت بەگوێی مرۆڤەکانی دیکە بگەیەنیت؟

بەیان: کاتێک دەنووسیت، بیرۆکەکە دەیسەپێنێتە سەرت چی بنووسیت. بەڵام بێگومان کە تۆ لە خەمی ئەوەدا بیت هەلومەرجی مرۆڤ بە گشتی چاک بێت، هەر خودی ئەو خەمە دەبێتە ژێلەمۆ بۆ ئاراستەکردنی بیرۆکە و نووسینەکانت. مرۆڤ لەوە گەورەترە لە چوارچێوەی شوێنێک قەتیسی بکەیت. ئەگەر تۆ باش نەبیت، دەکرێ کەسێکی تر لە جێیەکی تر باش نەبێت! بە سووک سەیرکردنی کەسێک لە هەموو شوێنێک ڕوو دەدات، لەبەر ئەوە چاککردنی دۆخی مرۆڤ لە شوێنێک دەبێتە خەمێکی مرۆیی و هاندەر بۆ چاککردنی دۆخی هەمووان. چیرۆکێک لەبری هەمووان دێتە گۆ و دەبێتە زمانحاڵ. بیرکردنەوە لە نەهێشتنی توندوتیژیی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ بەرنگابوونەوەی توندوتیژیی لە جیهاندا، ئیتر منداڵ بێت، ژن بێت، یان پیاو و یاخود دۆخی کۆمەڵگە و کۆمەڵێک مرۆڤ بێت!

سەنگەر: لە بواری ڕەخنەییدا بەڕێزتان بەشدارییەکی کاراتان هەبووە. یەکێک لەو نامیلکە گرنگانە «تیۆرێما»یە، کە تایبەتە بە پرسی گێڕانەوە و ژانرناسی و بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافی و دەقی خەیاڵی؟ هێندەی من ئاگاداربم خوێندنی باڵاشت هەر لەم بوارە تەواوکردووە. لەبەرچی بایەخت بەم لایەنە داوە؟

بەیان: ئەو نامێلکەیەم لەسەر داواکاریی دەزگای ڕۆسا نووسی، بەلامەوە زۆر گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن و کارکردن لە ناو ڕۆمان جۆرە شارەزاییەک لەو چەمک و ژانرانەی بواری ئەدەبییدا هەبێت. ئەمە هاریکاری ئاراستەکردنی نووسینەکەت دەدات، بەڵام نابێ ببێتە پێوەر و خۆتی پێوە سنووردار بکەیت، چونکە باشترە ئازادیی بۆ خەیاڵت بەجێهێڵیت تا بە جوانی و بێ سانسۆر ڕستەکانت داڕێژیتەوە. بواری خەیاڵ و ژیاننامە

خواستی خۆم بوو. لەو جۆرە وڵاتانە لە خوێندندا تۆ ئازادیت چۆن خۆت ئاراستە دەکەیت. دیارە لەگەڵ کاتدا ئەوەت باشتر لەلا ڕوون دەبێتەوە.

سەنگەر: تۆ بە شیعر دەستت پێکرد و شیعری بەرێزتان جۆرە شێوزاێکە، کە کەمتر لای شاعیرانی کورد بەرچاو دەکەوێت. ئایا هۆی بەکارهێنانی ئەم ستایلە بۆ سەلماندنی ناسنامەی کەسیی نووسەرە، یان هەر فۆرمێکی ئۆتۆماتیکییانەی نائاگایانەیە؟

بەیان: نووسەر کە بەبێ ئاگاییش دەنووسێت هەر ستایلێکی خۆی هەیە کە پێوەی دەناسرێتەوە. لە ڕێگەی تێماکەی، ڕستەکانی، داڕشتنەوەکانی، چۆنێتی بەکارهێنانی زمانەکەی و ئەو وشانەی چۆن خستووەتەکار (تەوزەیفکردنی)... هەندێجار ڕۆمان و شیعری نووسەرانێک دەخوێنمەوە، وێڕای جوانی دەقە، تێبینی دەکەین کە بەکارهێنانی وشەکانی لە جێی خۆیان نین! بۆ نموونە، وشەیەک بەکار دەبات کە ناکرێ بیرۆکەیە بپێکێت! بێجگە لەوەی ئاوازێکی مۆسیقی لە ناواخنی خۆتدا ڕێنماییت دەکات چۆن ڕستەکە لە گوێتدا دەزرینگێتەوە.

سەنگەر: لە بواری ڕۆمانووسیدا تاوەکو ئێستا نۆ ڕۆمانت نووسیوە. لەوێشدا خاوەن ستایلێکیت تەواو جیاوازە لە ڕۆمانووسانی کورد بە تایبەت ڕۆماننووسە پیاوەکان، هەڵبەت ئەم جیاوازییە لە هەموو ڕووەکان دەبینرێت. هەر لە هەڵبژاردنی شوێن و کارەکتەر و کات و... بگرە تا دەگاتە لایەنە تەکنیکییەکان. ئەم جیاوازییە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

بەیان: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە هەر نووسەرێک، ژن بێت یان پیاو، ئەزموون و پێگەی خێزانی، ئاستی ڕۆشنبیری و بە ئاگایی لە تێکستە جیهانییەکان و دەیان فاکتەری تر وا دەکەن نووسەرێک وەک ئەویتر نەنووسێت. ئەگەر وەک ئەوان بنووسێت ناچارین بپرسین کەوابێ چ داهێنانێکی کردووە؟! داهێنان ئەوەیە، کە خۆت و پێنووسەکەت بێنە گۆ و بنووسن، نەک لاسایی یەکێکیان بکەیەوە. نووسەری بوێر لەوە ناترسێت ڕەخنەی ئەوەی لێ بگرن کە دەقەکەی جیاوازە، قورسە، ناچێتە ناو خانەی ئەو نووسەرانە!

بەڵکو کاتێک دەبێ بترسێت، کە دەقەکەی بە سادە دەنرخێنن و بە ‹‹فلان›› دەق دەچێت!

سەنگەر: تۆ وەکو بەرگریکارێکی بواری ژنان و ئەدەبیاتی ژنان بە تایبەت خودنووسینەوە و دەقی ئەدەبی خەیاڵی ژنان چالاکیت هەبووە و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامیت. بە بڕوای ئێوە پێویست دەکات ژنان جگە لە قەڵەم و نووسینەکانیان پێویستە لەسەریان لەڕووی ماددی و مەعنەویشەوە پاڵپشتیکەری یەکتر بن؟

بەیان: دەبێ پرسیارەکە ئاراستەی ئەوانە بکرێت کە ‹‹ئەمڕۆ›› توانا و دەسەڵاتێکیان هەیە و پلەیەکیان لە شوێنێکدا داگیرکردووە. لەلایکەی تر، ورووژانی بابەتی ماددیی هەستیارە، بەڵام دەکرێ یەکێکمان پاڵپشتبین بۆ ژنی تر، بە تایبەتی گەنجەکان، کە تازە دێنە نێو نووسین. لەلای خۆمەوە، ئەوەندەی توانام هەبێت یارمەتی زۆر کەسم داوە بەبێ ئەوەی تەپڵ و زوڕنا لێدەم! بۆ ئەمساڵیش کتێبێکم لەسەر خوێنەوەی شیعر تەواوکردووە کە پێداچوونەوەیم ماوە، ژمارەیەک کچ و کوڕی گەنج و دوو سێ شاعیری بە ئەزموونم تیا هەڵبژاردووە و تێمایەکم دەستنیشان کردووە کە لە شیعرێکیاندا یان دووانیان، بە پێی کورتیی و درێژیی و شیمکردۆتەوە.

سەنگەر: نووسەرێکی ژن دەیگوت نازانم فیمینیستبوون چ واتایەکی هەیە. بە بڕوای ئێوە فیمینیست کێیە؟ ئایا لەگەڵ جیاکردنەوەی ئەدەبیت بۆ ژنانە و پیاوانە؟ یان لەگەڵ گێڕانەوەی دەنگی ونبووی ژنیت لەناو ئەدەبدا؟ خۆت بە فیمینیست دادەنێیت؟ ئایا ئەم بزووتنەوەیە بۆ خۆرهەڵات و بەتایبەت بۆ کوردستان شیاوە؟

بەیان: با جارێ بپرسین، بوون بە فێمینیست ئەمڕۆ واتای چییە؟ بێگومان خەباتکردنە بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا، ماف بە هەموو جۆرێکی، مووچە، دەسەڵات، کۆتاییهێنان بە زایندەپەرستی، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری یاساییدا هاتوونەتە دی. ئەم بزووتنەوەیە لە یەک ئاست و لە یەک واتادا چەقی نەبەستووە! دەیان شێوازی بەشداریکردنی چالاکانەی هەیە. لەم

ڕووەوە، وەک ژنێـک و نووسـەرێکی ژن ڕۆڵێکـم هەیـە لـەو خەباتکردنـە و لـە ڕێگـەی نووسـینەکانم بەشـداریی دەکـەم لـە پێشخسـتنی پێگـەی ژنانـی پێشـێلکراو. لەبـەر ئـەوە هیـچ شـتێک نییـە بڵێیـن شایسـەتەیە یـان نەخێـر! بەڵکـوو پرسـیار لێـرە ئەوەیـە چـۆن وا بکەیـن هیـچ مرۆڤێـک، ژن بێـت یـان پیـاو، مافـی پێشـێل بکرێـت. لێـرەدا، پرسـیاری سـتەمکردن و خواردنـی مـاف و زەوتکردنـی ئـازادی لـە ئارادایـە نـەک یـەک لایـەک، کـە بـە ژن دادەنرێـت. ئەمـە ئەرکـی هـەر نووسـەرێک و چالاکوانێـک و تەنانـەت کەسـێک لـەو بوارانەشـدا نەبێـت، کـە بـۆ نەهێشـتنی ئـەو نادادپەروەرییـە تێکۆشـێت تـا کۆمـەڵ ئاسـوودە بێـت و باشـتر پێگـەی مافـی مـرۆڤ پێشـبخرێت. هەرچکاتێـک یەکێکمـان بـە جیـدی تێدەکۆشـین، وەک ئەوەیـە مافـی ئـەو ژن و پیـاو و منداڵانە بگەڕێنینـەوە کـە بـەر ئەنفـال کەوتـوون و کیمیابـاران کـران و لەپێنـاو ڕزگاریـی کەسـانی تـر گیانیـان لەدەسـتداوە.

سـەنگەر: کارەکتـەری نـاو ڕۆمانەکانـت ڕەهەنـدی جۆراوجۆریـان لەخۆگرتـووە. لـە «دەریـا و خەونـە شـاراوەکەی مەرجـان»دا. مەرجـان وەکو مرۆڤێـک وێنادەکەیت کـە خەونـی گەشـتکردن و سـەلماندنی تاکایەتـی خـۆی هەیـە. «لـە باڵندەکانیـش دەنیشـنەوە» دا پرسـی کـۆچ لای تاکـی کـورد و حـەزی دوورکەوتنـەوە لـە ولات لـە چـوار کارەکتـەرە کوردەکـە بەرجەسـتە دەکەیـت. لـە» بەسـەرهاتی خەزنەمەملـووک» پرسـی کۆیلایەتـی لـە سـەردەمی عەبباسـییەکان لە کەسـایەتی خەزنەمەملـووک نیشـان دەدەیـت و ئـەو مێـژووە پـڕ سـتەمە دەگێڕیتـەوە. لـە « یادداشـتی عەتـر و ئاگـر»دا پرسـی مێـژووی شـاری کەرکـووک و گۆڕانـە دیمۆگرافـی و کۆمەڵایەتییەکانی شـارەکە نیشـان دەدەیـت. لـە شـەوانی ئـادەم» دا پرسـی ئەنفـال و تێکچوونـی لادێکانـی کوردسـتان و شـێوانی ئەقلییەتـی تاکـی کـورد لـەو سـەردەمە شـوومەدا دەردەخەیـت... بـەم شـێوەیە خوێنـەر وا هەسـتدەکات لەگـەڵ نووسـەرێک ڕووبـەڕووە، کـە ئاگادارییەکـی باشـی لەگـەڵ مێـژوو هەیـە. تـۆ دەتەوێـت چ شـتێکی ئـەو مێژووانەمـان پـێ نیشـان بدەیـت؟ بـە تایبـەت لەبەرئـەوەی کارەکتەرەکانـت ترنجاندۆتـە نـاو ئـەو

مێـژووەوە.

بەیان: مێـژوو بەشـێکی زۆر گرنگـە بۆ تێگەیشـتن لـە خـۆت و لـە دەوروبـەرت و میللەتەکـەت و ناوچەکـەت. هەرچـکات گەڕابێتمـەوە بـۆ مێـژوو، بـۆ نووسـینی ڕۆمانێکـم، ڕووداوە مێژووییەکانـم وا هاتـوون پاڵپشـتی چیرۆکەکـەن. ئـەم چیرۆکـەش، هەرچەنـدە خەیاڵـی بێـت، پێیەکـی لـە نـاو ئـەو ڕاسـتییە مێژوویيـەدا ڕەگـی داکوتـاوە، یاخـود بـە پێچەوانـەوە، بـۆ ئـەوەی چیرۆکەکـە دەوڵەمەندتـر بکـەم و ڕاسـتییەکی زیاتـری پـێ ببەخشـم جێـی بـڕوا بێـت. هـاوکات گەڕانێکـە بـەدوای بابەتێکـی سـەرەکیی، کـە خـودی مرۆڤـە. هـەر چیرۆکێـک لـەو ڕۆمانانـەی نموونـەت هێناوەتـەوە، بـۆ دەرخسـتنی لایەنێکـی مرۆییـە لـە تاکەکانـی سـەردەمێک. بـەو جـۆرە بیرۆکەیەکمـان لـە بـارەی مێژووی ئـەو سـەردەمەش دەداتێ،کـە چـۆن مرۆڤەکانـی تێیدا ژیانیان بەسـەر بردووە و چـۆن بیریـان کردۆتـەوە. بێگومـان پێویسـتە نووسـەر زۆر بـە ئـاگا بێـت لـە مێـژوو، لـە ئەفسانە هەمەجۆرەکانـی سـەرەتای دروسـتبوون، لـە ئایینـە هەرە دێرینـەکان و یەکتـاکان، چونکـە ئەمانـە بناغـەی بـاوەڕ و هـزری مرۆڤایەتییـان دامەزرانـدووە. بـەدەر لـەوەش، ئـەم جـۆرە نووسـینانە لێکۆڵینـەوەی زۆریـان پێویسـتە، شـەونخونییەکی زۆر، بـۆ ئـەوەی بچیتـەوە نێـو کرۆکـی سـەردەمێک و بـە وردیـی بیپشـکنی تـا بتوانیـت قسـەی لەسـەر بکەیـت.

سـەنگەر: ژنبـوون و پێدانـی ناسـنامە بـە ژن ڕۆڵێکـی دیـاری لـە گێڕانەوەکانـی بەرێزتـان هەیـە. لـە» یادداشـتی عەتـر و ئاگـر»دا باجـە و دەوڵـەت شاکەسـی نـاو ڕۆمانەکـەن و زۆرینـەی دەزووەکانـی گێڕانـەوە لای ئـەم دووەن. لـە بەسـەرهاتی خەزنەمەملـووک» سـت مەعاریـف» ژنێکـە لە دۆخـی نەزانیەوە بـەرەو هۆشـیاری دەڕوات و دواجـار وەکو شاکەسـی ڕۆمانەکـە دەردەکەوێت. لـە» ئاهەنگـی تەوبەکردنـدا» ئاغـاژن» و ئەسـرین» پاڵەوانـی نـاو ڕۆمانەکـەن و تـەواوی پیـاوان لـە پەراوێـزی ئـەوان و لەژێـر فرمانـی ئەوانـدا دەردەکـەون. لـە «لـە بەرزایـی شـوراکانەوە» کوشـتنی زەکیـە دەبێتـە چەقـی ڕووداوەکان و پیـاوان وەکـو بکەرێکـی نەرێنـی ڕووداوەکـە دەردەکـەون، تـا دواجـار بـەرەو جـۆرە شـێتییەکی سـەراپایی

هەنگاو دەنێن. ئەم بایەخدانە بە ژن چ گرنگییەکی هەیە؟

بەیان: لە کاتی تردا باسم لەو لایەنە کردووە، کە خودی چیرۆکەکە دەیسەپێنێتە سەر یەکێکمان کەسایەتی سەرەکی ژن بێت یان پیاو. لە دەقی شەوانی ئادەم کێشی ڕووداوەکان لەلای پیاوەکانە، لە بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک کۆیلەیەکی پیاوە، کە سەرجەمی ڕووداوەکان بەسەر زاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە، لە باڵندەکان دەنیشنەوە کێشی ڕووداوەکان لەسەر پێنج کوڕی گەنجە، لە یەکەم ڕۆمانم بەناونیشانی بوراق، کە بە عەرەبییە، سەرانسەری ڕووداوەکان پیاوێکی گەنج دەیگێڕێتەوە... واتە جۆری ڕووداو گرنگە بۆ ئەوەی بزانین چۆن بابەتەکە بەولا یان بەملادا بەرین، یاخود تێکەڵەیەک لە مرۆڤ بن و هەر یەکەیان ڕۆڵی تەواوکەری بۆ ئەویتر هەیە. بەڵام، دەکرێ بڵێین، قسەکردن لە بارەی ژن گرنگە و هێشتا دونیاییەک چیرۆک هەن کە هێشتا نەگێڕدراونەتەوە.

سەنگەر: لەساڵی ٢٠٢٤دا دوو شانۆنامەت بە ناوی» گەمیەکەی خارۆن» و دراکۆلا بە پەڕی پێنووسەکەی» بڵاوکردۆتەوە. پێتوایە کورد لە بواری شانۆنامەنووسیدا هەژارە؟ بە تایبەت لەلای ژنانی کورد کەمتر ئاوڕ لەم جۆرە ژانرە دراوەتەوە. ئایا پێتوایە بە نووسینی شانۆنامە دەتوانیت چی بڵێیت؟ جگە لە شیعر و ڕۆمان هێشتا لەوباوەڕەیت، کە ژانرەکانیتریش ناتوانن حەزی نووسینت تێر بکەن؟

بەیان: نووسینی شانۆنامە بوارمان دەدات کێشمەکێش و مشتومڕی گرنگ بخەینەڕوو، چ لە ڕووی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و چ لە ڕووی دەرخستنی وەیکدادانی تاکەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. شانۆ وەک ڕۆمان نییە، کاتێک دەنووسرێت بۆ ئەوەیە کە دەرهێنەری وردبین و لێهاتوو و چالاک بەرهەمەکە لە دەقێکەوە بیگوازنەوە بۆ جووڵەیەکی زیندوو. من ئەو دوو شانۆنامەیەم نووسیوە و بە نیازم لە داهاتووشدا دەقی تر بنووسم، ئەوجا لەسەر ئەو دەرهێنەرانە وەستاوە کە بە چاوێکی ڕەوا دەقەکە ببین و کاری لەسەر بکەن. من هەمان ئەو دوو شانۆنامەیەم بە فەرەنسییش

نووسـیوەتەوە و پێداچوونـەوەم مـاوە تـا چاپـی بکـەم.

سـەنگەر: لەنـاو نووسـەرانی کـوردی ئێسـتا بە تایبەت ڕۆماننووسان بەرهەمی چ نووسـەرێکت بـەلاوە ڕەنگین و باشـە؟ دەتوانیـت نـاوی چەنـد نووسـەرێکمان پێبڵێیـت، کـە شـیاوی ئـەون تاکـی کورد بیانخوێنێتـەوە؟ نووسـەرێکی وەک بەختیـار عەلـی لەمـڕۆدا بەرهەمەکانـی بـۆ زۆرینـەی زمانـە زیندووەکانـی جیهـان وەردەگێڕدرێـت و چەندیـن کـۆڕی ڕەخنەیـی بـۆ دەبەسترێت. لـەم ڕوانگەیـەوە تـۆ چـۆن سـەیری بەختیـار دەکەیـت؟

بەیـان: بەڕاسـتی مـن لەگـەڵ ئـەوەدام هەمـوو نووسـەرەکانمان بخوێندرێنـەوە. بەوانـەی زۆرتـر ناسـراون و ئەوانـەی کەمتـر ناسـراون. چونکـە دەقـی کـوردی شـایەنی خوێندنـەوەن، ئەزموونمـان جیـاوازە لەوانـەی دراوسـێیەکانمان و ناوچە عەربنیشـینەکان و جیهان. هەمان بابەتـی نووسـەرێکی ئێمـە، دەکرێ زۆر لـەوەی نووسـەرێکی تـری ناوچەکـە و جیهـان شـایەنی خوێندنـەوە بێـت، بەڵام لەبـەر ئـەوەی هێشـتا ئەزموونەکانمـان بـە چاکیـی نەگەیشـتووەتە دەرەوە هەمیشـە وا دەزانیـن نووسـەری خۆمـان لـە ئاسـتی نووسـەرێکی ئەورووپـی و عەرەبـی و تورکـی و ئەمریکـی نییـە! ئـەم هەسـتکردنە بـە کەمیـی و داگرتنـی ئاسـتی نووسـەرانی خۆمـان، بەداخـەوە خەسـڵەتێکی گشـتییە.

سـەنگەر: پێشـتریش گوتـم ناسـنامە یەکێکـە لـە پرسـە گرنگەکانـی جیهانـی ئەمـڕۆ و لەنـاو ڕۆمانەکانتـدا پێگـەی تایبەتیـان هەیـە و هەندێکجـار کارەکتەرەکانـت وێڵـن بـەدوای گۆڕیـن یـان بەدەسـتهێنانەنەوەی ناسـنامەکانیان، یاخـود بەدەست گرفتی بێناسـنامەییەوە دەناڵێنـن. ئایـا وەک بەڕێزتـان ئاگاداربـن لەنـاو ئەدەبیاتـی وڵاتێکـی وەک فەڕەنسـا، یـان وڵاتێکـی ئەورووپـی هەمـان پـرس لەئارادایـە، یـان ئەوەتـا ئـەوان لـەم قۆناغـە دەرچـوون؟

بەیـان: هـەر نووسـەرێک لـە ئێمـە کـە ئەزموونـی تاراوگە دەکات، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆش بێـت باسـی لەدەسـتدانی نیشـتمان و ناسـنامە دەکات. هەستکردن بـە بێگانەبوونـی خـۆت، گـەڕان بـەدوای واتـادا لـە جیهانێکـی نـوێ کـە کولتـوور و زمـان و هەمـوو شـتێکی لـە تـۆ جیـاوازە هانـدەرە بـۆ قسـەکردن لـە

بارەیانەوە. لەو ڕووەوە، چەندین نووسەری ئەورووپی و ڕۆژئاواییش هەن کە لە کارەکانیاندا باسی ئاوارەبوون دەکەن. بۆ نموونە (میلان کوندیرا)، نووسەری چیکۆسلۆڤاکی-فەرەنسی لە فەرەنسا ژیاوە، دوای ئەوەی لەلایەن ڕژێمی کۆمۆنیستییەوە ناچارکراوە وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت. ڕۆمانێکی وەک ‹‹بەرگەنەگرتنی بوون›› باسی ئەزموونی تاراوگە و هەستکردن بە نامۆیی خۆی دەکات. (جۆزێف کۆنڕاد) نووسەری پۆڵەندی-ئینگلیزی، کە لە پۆڵۆنیا لەدایکبووە و لە ئینگلتەرا ژیاوە و بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی. ڕۆمانی ‹‹دڵی تاریکی›› باسی هەستکردن بە بێگانەیی و نامۆبوون دەکەن. لەم سەردەمەدا، ژنە نووسەری ئیتاڵی بە ڕەچەڵەک سۆماڵی (ئیجیابا شێگۆ) ئەزموونی تاراوگەی خۆی و پرسی ئاوارەیی و کۆچبەری لە ڕۆمانی ‹‹ئەولاتری بابلۆنیا›› باس دەکات. هەروەها ئەمە لەلای نووسەری قەبایلی/ جەزایری (یوسف زیریم) لە دەقی ‹‹هەموو ڕۆژێک پارچەیەکە لە هەتا هەتایی›› باسی ئاوارەیی و ئازاری پارچەپارچەبوونی خۆی دەکات لە پاریس. ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن و نووسەری زۆر زیاتر هەن کە لە دەقەکانیاندا باسی ئاوارەبوون دەکەن. ئەزموونی ئاوارەیی بابەتێکی بەرفراوانە و ئاڵۆزە و نووسەران بە شێوازی جیاواز باسی دەکەن. بێگومان ئەم جۆرە ئەزموونە جودایە لەوەی نووسەرێکی ئەورووپی باسی تاراوگەی کەسێک دەکات لە کاتێکدا خۆی ئەزموونی نەکردووە.

سەنگەر: تا چەند نووسەرانی کورد توانیویانە غەم و ئازار و نەهامەتییەکانی تاکی کورد بە تایبەت ئەو جینۆسایدە گەورانەی بەسەر تاکی کورد هاتوون بە دونیای دەرەوە بناسێنن؟ خۆت ئاگاداریت جوولەکەکان لە ڕێگەی نووسینەکانیان توانیان هەموو جیهان لەو بەسەرهاتە ئاگادار بکەنەوە، کە نازییەکان بەسەریان هێنان.

بەیان: لەم بارەوە دیسان دەگەڕێمەوە سەر بابەتی وەرگێڕان. ئەگەر کتێبەکانمان هەتا ئێستا وەرنەگێڕدراون کەوابێ هێشتا ئەو لایەنی جینۆسایدە نەزاندراوە. سەرەتا با پرسین، نابێ بۆ نموونە

ئەنفال، بە تەواویی بناسرێتەوە تاکو لە دەرەوە وەری بگرن؟ جارێ ئەمە تەنانەت وەک بابەتێکی سیاسی و هێرشێکی سەبازی هەتا ئەمڕۆکە بە تەواویی دانی پێدا نەهێندراوە و بە تاوانی جینۆسایدی ناو نەبرێت. لەبەر ئەوە جارێ ئەو کێشەیەمان هەیە، ئەوجا کێشەی وەرگێڕانی ئەو دەقانەی لە بارەی ئەنفالن. نموونەی جووەکانت هێنایەوە، جینۆسایدی ئەوان بە فەرمی ناسراوە و ئەڵمانیا قەربووی وەڵاتی ئیسرائیل دەکات. پاشان بە هەزاران دەقیان لە بارەی جینۆساید نووسیوە، هەزاران فیلمیان لە بارەیەوە دەرهێناوە. بە مەلایین پارەیان بۆ تەرخان کردووە، کە بەشێکی لۆبیەکانیان لە ئەستۆی دەگرن و بەشێکیان کەسە داراکانیان! ئێمە دەوڵەمەندەکانمان پارەکانیان لە پرۆژەی کولتووری خەرج ناکەن، بگرە گاڵتەشی پێ دەکەن! دەرهێنەرەکانمان، خۆیان نووسەرن، ئاکتەرن، وێنەگرن... منداڵەکانیان و کەسە نزیکەکانیان ئاکتەرەکانن، بەبێ ئەوەی هیچ بهەرەیەکیان هەبێت! سینەما ناسینەوەیەکی زۆر گرنگە و بەو جۆرە مامەڵە ناکرێت! کورد لەپێش هەر هەر شتێک دەبێ فێری کارکردن بێت بە تیمێکی هەمەجۆری پرۆفشناڵ، لە نووسیندا ‹‹من›› گرنگە بەتەنیا بێت، بەڵام لە کاری سینەمایی و درامایی ‹‹چەند دەستێک و چەند فیکرێک و بەهرەیەک›› زۆر پێیوست و گرنگە. ڕەنگە بەشێکی ئەو هۆیانە لەبەر ئەوەش بێت کە خەرجیی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە، بەڵام بەشێکی پەیوەندی بە ویستی کارنەکردنە لەگەڵ کەسانی تر. ئەوجا دەزگای ڕۆشنبیری دەقەکان بگرێتە ئەستۆ بۆ دۆزینەوەی وەرگێڕی بەتوانا و هاوکارییکردنیان بۆ ئەنجامدانی دەقەکان و پاشان کارکردن بۆ ئەوەی ئەو دەقانە بگەنە نێو زمانی تر. ئێمە بە لێشاو کتێبی زمانی تر وەردەگێڕین، بەدڵنیاییەوە زۆر کارێکی باشە، بەڵام کوانێ وەرگێڕان بەرەو زمانی تر؟!

سەنگەر: لەناو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهانیدا بە تایبەت ئەدەبیاتی فرانکفۆنی و ئەنگلۆفۆنیدا کێشەی سێکسواڵیتە و مەسەلەکانی جێندەر ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە، کەچی

نووسـەرانی کـورد تاوەکـو ئێسـتا زۆر بـە کەمـی ڕوویـان لـەم لایەنـە کـردووە. ئایـا بەڕێزتـان ئەمـە بـۆ بارودۆخـە کلتوورییەکـەی کـورد دەگەڕێننـەوە؟ یـان ئەوەتـا نووسـەرانی کـورد بێئـاگان لـەم دۆخـە؟

بەیـان: ئێمـە کێشـەی گەورەترمـان هەیـە. هێشـتا تاکـی ئێمـە بـە تایبەتـی گەنجـان، لـە ئاسـتی پەیداکردنـی بژێوییـن. تەنانـەت ئەگـەر بیریشـی لـێ بکرێتـەوە دەخرێتـە پلەیەکـی دواوە. جـارێ نابـێ کەسـەکە بتوانێـت هیـچ نەبێـت دوو ژەم نانخواردن پەیدا بـکات تاکـو بتوانێـت بەباشـیی بیرکاتـەوە و لەسـەر بابەتێـک بنووسـێت؟! گەنجەکان خوێندنـی بـاڵا تـەواو دەکـەن ئەوجـا هیـچ کارێـک نییـە بیکـەن! هێشـتا لـە ماڵباتیـان دەژیـن. ئەمـە هۆیـەک نییـە بـە تەواویـی، بـەڵام ڕێگـرە و دەبـێ بیـری لـێ بکرێتـەوە.

سـەنگەر: ئاسـتی ڕەخنـەی کـوردی بـە تایبـەت لـەو بەشـەی کوردسـتانی باشـوور چـۆن دەبینیت؟ ئایا ڕەخنـەی ئەکادیمـی و ڕەخنەگـری بابەتییانەمـان لـە چ ئاسـتێکدایە؟

بەیـان: ژمارەیەکـی ئەوتـۆی «ڕەخنەمـان» نییـە! ئەمـڕۆ لـە هەمـوو ئەدەبـی جیهـان وشـەی ڕەخنـە، بـەو واتایـەی کـورد نەمـاوە. وەک وشـە، هەمـان وشـەیە، بـەڵام واتاکـەی بووەتـە خوێندنـەوە، شـیکردنەوە، هەڵسـەنگاندن. ئەوجـا بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕەخنەیـە هەبێـت پێویسـتە دەیـان نووسـین، خوێندنـەوە و شـیکردنەوە لـە بـارەی دەقێکـەوە بکرێـت. پاشـان خوێننـەوەی دەق جیایـە. لـە ڕاسـتیدا گۆڤـار و ڕۆژنامـە و سـتوونی جیدییمـان نیـە تـا بـە وردیـی دەقێـک تاوتـوێ بکرێـت. بێجگـە لـەوەی، ئـەو هەمـوو گۆڤـار و ڕۆژنامانـە، چەنـد کەسـێکی کەمـی لـێ دەرچێـت کـە مووچەیـان هەیـە، هەمووشـیان بـە زۆری پیـاون و ئەگـەر ژنێکـی تیـا بێت ئیکسیسـوارێکە، هەمـووی داوای کاری بـێ بەرامبـەر دەکـەن! واتـە تـۆ دوو هەفتەیـەک تەرخـان دەکـەی بـۆ خوێننـەوە و نووسـینی ئـەو دەقـە، دەست لـە کاری بژێـوی خـۆت هەڵدەگریـت، ژیانـت لـەو ماوەیـە دەخەیتـە پشـتەوە، تەنیـا بـۆ ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامەیـە دەنووسـی کـە بـە خۆبەخـت بابەتەکـەت بـڵاو دەکەنـەوە! لـەو ناوچەییـەی ئێمـە

نووسەران وەک سەباز کار دەکەن. زۆرینەمان خۆبەختین لە بواری نووسین.

سەنگەر: ئایا بواری ئەدەب لە ئەکادیمیا و زانکۆکانی کوردستان چۆنە؟ هەر لەسەر ڕەوتە تەقلیدییەکە دەڕوات، کە چەندین ساڵە دەقی گرتووە؟ یان بەرەو جۆرێک لە نوێگەرێتی و خوێندنی هاوچەرخ هەنگاوی ناوە؟

بەیان: تەنیا بە یەک ڕستە وەڵام دەدەمەوە؛ نوێگەرایی بە کەسێک دەکرێ کە باوەڕی بە نوێ و بە داهێنان هەبێت.

سەنگەر: لە ئێستادا سەرقاڵی چ پرۆژەیەکیت؟ دەتوانیت لە ڕێگەی گۆڤاری نووسەری کوردەوە نوێترین نووسینت بە خوێنەرانت بناسێنیت؟ دەکرێت دەقێکی کورت، یان پارچە شیعرێکی نوێت بە تایبەت بۆ گۆڤارەکەمان بنێریت؟ هەڵبەت گۆڤارەکەمان هەمیشە سەکۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بەڕێزتانە و خۆشحاڵ دەبین بەوەی گرنگی بە کەسانی وەک ئێوە بدەین.

بەیان: لە ئێستادا ڕۆمانێکم بە دوو بەرگ لە ژێر دیزاینن. هەروەها چەند کتێبێکی ترم لە نێوان ڕۆمان و شیکردنەوە ئامادەن. هەروەها کۆمەڵە بیرەوەرییەکم لە تەواوبوونەدایە... بە ئومێدم لە ساڵی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی چاپکردنیان.

# هەسپ



حەسەن سلێڤانەیی

پرسیارەکا دژوار
مینا ڤێ فەلەکا ئەم ژ مێژا
دبێژینێ خوەهر و خوار
یا د دلێ مندا دکەت هاوار و هاوار:
کەنگی ئەم دێ بینین رۆژەکێ
هەسپەکێ بێ لغاڤ و
ب هێز و بەز وخار
بێتە خوار
بلا خڕ خەلک بێژن:
دینە،هارە
بلا نەبێژن:
دیلە،ژارە.

# لە کەناری کام زامتەوە چاوەڕێتبم؟



د. ئەحمەد باوەڕ

زۆرجار لەگەڵ زەردەپەڕی ئێواران وسپێدەدا
لەگەڵ بانگی مەلای مزگەوتی دێ و
هەڵکشانی خۆرکەوتن و ڕاچەنینی کازیوەدا
لەگەڵ بارانە فرمێسکی دوا هەناسەی چاوەڕوانی وسووتانمدا
لەگەڵ موناجات و دڵدانەوەی هەڵوەرینی گەڵاکانی دەم پاییزو
پەژمووردەیی ڕازی دڵ و دەروونی کەیلمدا
بێپەروا فرمێسکی گەرم،
ئەسرینی گەرم شاڵاوم بۆدێنێ و

پێڵووی هەردوو چاوی چاوەڕوانیم،
سەر ڕوومەتی بێ تۆیی و بێ وڵاتیم
تەڕدەکا
هەرئەوکاتەش، هەموو بەرەبەیانێکی
زوو
گشت ساتی تاسەباری و داگیرسانی
گوڵەباخێک
گوڵەباخێک لەباخچەکەی جارانی
پاشا؟!
بەرلەوەی شەوێکی دەیجووری
ئەنگوستەچاو
بمداتە دەست قەدەروتاوەبارانێکی پڕ
لە لەهی ولافاوەوە
بەرلەوەی بمداتە دەست قەدەری
خاکێکی لە خۆم دڵشکاوترو
هەزاران جار بریندارو وێرانەوە
بەحەسرەتێکی زۆرقووڵەوە
سەروسیمای شەکەت و تۆز لێ
نیشتووت
دووبارە دێنەوە سەرشریتی خەیاڵم و
لەناخی ناخمەوە چاودەگێڕم
چاودەگێڕم ... بۆت دەگەڕێم
لەقوڵایی هەموو ئازارێکی
زۆرسەختمەوە بۆت دەسووتێم
وەرزی خەم و خەنەبەندانی زامی
کۆن وبرینی تازەم
لەگەڵ شەوانی جودایی تۆو خۆما
دەست پێدەکەن
ئای باوە گیان.. گیانی گیانان
چەند کەساس و دۆش داماوم
هەرلەسەرەتاوە هەموو ڕۆژان و
سەربووردەی هەمووشەوانێک یەک
بەیەک دەژمێرم
کەچی لەتۆ زیاتر کەسێک نییەو
هیچ فریادڕەسێکیش شک نابەم
بەدڵ وبەگیان تاوەکو لەزمانی ئازارو
دەردی بێدەرمانی من تێ بگا
بەڵام چی بکەم، هەرچی ئەکەم،
خۆشم نازانم
لەکام بەندەری تەنهایمەوە ئەشلۆێس
ئاسا
لە کەناری کام زامتەوە دەست پێ
بکەم و چاوەڕێتبم
ساڵانێکە... نێوانی ئامبازولێک ئاڵانمان
گەلێک دوورە
توخوا لە کوێی ...لە هەرکوێ بیت
بۆت دەگەڕێم
لەهەرکوێ بیت، بۆنت دەکەم
لەهەرکوێ بیت بەچاوی دڵ
دەتدۆزمەوەوبەدیت دەکەم

هەوراز.. هەوراز، نشێو.. نشێو
بەدوای عەشقی دووری تۆدا
بەدوای تروسکایی و سۆسەیەکی تۆدا
بەمێژوویەکی بریندارەوە،
هەردێمەوەو بیرت دەکەم
عەشقی دووری ودووری تۆیە
هەموو نیوەشەوانێک
وانەی بێنەوایی و پەیامی دەردەداریم
فێردەکەن
منیش لە ناخی دڵی شکاومەوە،
لەسووتان و لەدووری تۆزیاتر کەس
ناناسم
هیچ هەوارێک، هیچ پەنایەک،
هیچ خورپەیەک ئیلهامی شیعرێکی
تازەم پێ نابەخشێ و
هیچ نیشتمانێکی تریش نابنە ئاشیانی
ئاوەدان و نابنە ماڵم
توخوا لە کوێی، لەهەرکوێ بیت
بەبۆنی هەناسەتا
لەهەرکوێ بیت جانی جانان
بەگوڵاوپرژێنی نزاو پاڕانەوەی
بەیانیانتا
لەهەرکوێ بیت بەترپە ترپی
هەنگاوەکانی جارانت و
بەشەکەتی ڕێگای دوورتا
دەتناسمەوەو وەک پەڵەهەورێکی
بێناسنامەی بێ نیشتمان
لەئاسمانی شارێکی بریندارەوە
دووبارە دێمەوە
دێمەوە بەرئاستانەی دوا
هەوارودوادیدارت و
بەکامی دڵ گشت داستانێکی
کوێرەوەریی وکڵافەی خەمی خۆمت
پێ دەسپێرم

کەلار- تەمموزی ٢٠٢٥

..............



**نازە نەجیب**

**ئەی دۆست کاتێک من ئامێزی تەنیاییم لەنێو گێژاوی**
**خۆبووندا توڕدایە ئەودیوو جەمسەرەکان..**
**باوەشم پڕ لەبۆشاییەکی ئیلاهی کرد ..**
**تۆ تارمایی خەونێکی ڕەنگ وەنەوشە بوویت ، چیتدابوو**
**لەوەنەوزی ڕەنگە ساردەکانی ڕۆحیانەتی ڕێبوارانی سەرەڕێ ؟**
**پەرش وبڵاویم چنگێک بوون ،**
**لەمناڵییەوە تا ئێستا بەڕۆکیان بەرنەدەدام..**

کێ گوێی لەدەنگی  بوون بە خەیاڵ بوو؟؟
تۆ تابلۆیەک دەبینیت
کە هێشتا دڵۆپ دڵۆپ خوێن
لەگەرووی قاقاکانیەوە دێتەخوارێ..
تۆ نامۆییەک گۆش دەکەیت ،
تا دەگاتە سەرئێسک لەنامورادی ..
من بەعیشوەی گوڵە بەیبوونێک
سەما لەگەڵ وەرزەکان دەکەم
من بەورشەی لەسێدارەدانی دڵێک بەنهێنی،
تا ئەوسەری نێو لەپی دەستت سوژدە دەبەم..
خەرمانێک لە تەنیایی و
دنیایەک نزای ئەسحابەیەک
ڕادەستی شنەبایەکی کۆنە هەواری
دڵێک دەکەم..
من لە کونجێکی ئەم زەمەنە
گەردانەیەکی لازۆردم لەمل کرد
نەورەسەکان بوون بەهاوڕێم ..
چیتر تەنیایی ناچپێنێت بەگوێمدا ...
من کچی بارانم ..

٢٠٢٥/٥/٢٤

# ژ پێلاڤێ فێربوم!!!



سەلام بالایی

کتەکا پێلاڤێ
ل بەر دەری پێلە
یادی..
دمن وەرکە
دا بزانم ژمارا پێلاڤا
تە چەندە.!!
دا دهەمی ڕویێ جیهانێدا
بێی رەقەم

بدەم ناسین
وەرن جوت پێلاڤێن ڤانکوخی
ناس بکەن..
وەرن کتا پێلاڤا
غاندی بدەن دەستێ من
دا یا دویێ
هەژارەکێ ولاتێ من
بکەت پێت خو.!!
بێژنە من
کێ کتا دی یا پێلاڤا سەندرێلا دیتیە
دا تاجا شا جوانیێ
دانن سەر سەرێ وێ و
ببیت خوەدیا هەمی بڕیاران.
وەرن ل دادییا خودایی بگەرن
دا خەباسەت بکەڤیت بن پییان
دا بەرائەت بکەڤیت خوەشیان
ئەی ئێخسیرا بێلایەکا بلند
تو ب کتەکا پێلاڤێ
بویە شاهجوانەک ڕند..
ڤێجا هەڕە..
تژی تەقنا ب پێلاڤا تەڤە..
ئەی پیرێ حەیران..!!
ل چیایێ شنگالێ
تو دچوی ب پێخاسی
پێلاڤێن تە لبەر سینگێ تە
وەکە زاروکەکی تە دهلگرتن
پڕی تەقن و ئاخ..!
ئەو تەکن ئاخا ولاتەک ژبیرکریە..
د جوت پێلاڤەکێدا ولاتەک هەیە
ئەو ولات ئەدرێس و ناسناما مەیە!!

٢٠٢٥/١٠/١٣

# سێ کورتیلە شیعر



عەبدولقادر سەعید

١

لەدوورەوە شار
هەرکۆشکەو بەئاسمانا
هەڵدەچێ
هەر هەژاریەو بەزەویدا
ڕۆدەچێ
لەنێوان ئاسمان و زەمینا
داد پەروەری

شمشێرێکە چۆڕ چۆڕ
خوێنی ئینسانی لێ دەتکێ
٢
دیکتاتۆرەکان
ئاسمان بەگەنم دەچێنن
بۆنانی هەژاران
سەرشانی ژەنرالەکانی
سەرزەوی پڕ ئەکەن
لە ئەستێرەی ئاسمان
بەتەنیا بڵندگۆی دروشم و
مارشەکان
دەزانن گەمژەیی چۆن
دزە ئەکاتە ناو ئینسان
چەند بەکاوخۆ ڕێدەبڕێ و
ڕۆدەچێ
دەگاتە سەر ئێسقان.
٣
مەرگ لەسەر بستۆکەیە
دەستم لەسەر
پەلەپیتکەو
چاوم لەسەر قەرەوڵ و
خەیاڵم لای جوانی تۆ بوو
خشـەی چڵـە گیایـەک ڕایچڵەکانـم،
پێکەنیـم،
چەند خۆشە

لەچاوەڕوانی مەرگا
بیرلەجوانی بکەیتەوەو
شتێ بتهێنێتە پێکەنین .
جەلادەکە
پەتی گەردنی
زیندانیەکانی دەپێوا
یەک
دوو
دە
سەدان و
هەزارەها یاردەو
زیاتریش
سەری سوڕما،
کاتێ ئەو ڕۆژنامەیەی
خوێندەوە
تیا نوسرابوو
پەتی هەموو دنیا هێشتا
بەشی ئەوە ناکات
ئازادی پێ بپێورێت .

# بەزمی کەرەڕەش



ئومێد شێخ کەریم

ئەمە سەری چەندەمجارە ئەم کەرە نەفرەتلێکراوە سەرم لێئەشێوێنێت و ڕیسەکەم لێئەکاتەوە بەخوری .خەیاڵ و بیرکردنەوەکانم ئەدات بەدەم باوە. هەموو ئاوات و خۆزگەکانم هەڵئەوەشێنێ.

ئەمەی لەو کاتەیا وت کە ، و ناو جۆگە ئاوەکەوە، هەموو گیانی قوڕو لیتە بوو . کە دەرمانهێنایەوە وتی: ئاخر ئەڵێن زۆرشوێن بۆ بیرکردنەوەو دالْغەلێدان خۆشە، کە دائەنیشیت ئیتر هەموو شتێکت بەبیردا دێت . لای هەندێک کەس لە ڕووتان بە گوڵاوبێت. دانیشتنی ئاودەست شوێنێکی باشە

بۆبیرکردنـەوە، لای منیـش سەرپشـتی ئـەم کـەرە ڕەشـە خۆشـترین شـوێنە بـۆ فـراوان کردنـی مـەودای خەیاڵـم و خۆشـکردنی بیرکردنـەوەم، بـەڵام هەمـوو جارێک لێـم تێکەیـات. جـاری پێشـوو بەسـەر پشـتی ئـەم کـەرەوە داڵغـەم لێـدا زۆر دەوڵەمەندبـووم.

لەگـەڵ ئـەم کـەرەدا کانزایەکـی گـەورەم دۆزیەوە .هەڵـم گرتـەوە، بـردم بـۆ شـار فرۆشـتم مـەڕو ماڵاتێکـی زۆرم کڕی،حەوشـەوگەوڕی ماڵـی باوکـم پڕکـرد لـە مـەڕ و بـزن. ئیتـر کەڵکەڵـەی ژنـم کەوتـە سـەر. وتـم بێگومـان بـەم دەوڵەمەندییـە داوای هەرکـەس کـەم یەکسـەرڕازی ئەبێـت .

ئەبێـت چەنـد کچـی ئاوایـی ئێسـتا خۆزگـە بـەوە ئەخـوازن، کـە شـوو بـەو چڵمنــەی جـاران بکـەن؟

گەیشـتمە ئـەو بـاوەڕەی پچـم داوای سـەبری ئامـۆزام بکـەم. لـە هەمـوو کـەس گونجاوتربـوو بۆمـن. بەخەیاڵـی خـۆم هەموشـت تەواوبـوو، هاتینـە سـەر سـازدانی شـایی و زەماوەنـد. ئـەم کـەرە خواگرتـووە چـاوی بەماکەرەکـەی ماڵـی مـام ڕەزا کـەوت. ڕایکـرد بەدوایا،هەڵیتیـزان هەتـا بەرییامـەوە. دوای ئـەوە دوو مانـگ دەسـتم لەگەچابوو.هەمـوو خەیاڵەکـەی لێتێکدام .

ئەمجـارەش بەخەیـاڵ هـەروا لـە شـار دانیشـتبووم، بووبـووم بـە لێپرسـراوێکی گــەورە. خانوویەکــی گــەورە لــەوەی ماڵــی بەرپرســەکە گەورەتــر، پاســەوان و شـۆفێر و کۆمەڵێـک خزمەتـکار و کارەکـەر و مەلەوانگەیەکـی زۆرگـەورە لەئەسـتێڵی ئاوەکـەی ماڵـی ئاغاگەورەتـر فراوانتـر.

هەر لەسەر پشتی کەرەڕەش داڵغەم لێدا.

بنێرم بەشوێن چەند کچێکی جواندا،تاکو مەلەم لەگەڵدابکەن،چونکە بینیبووم.

جارێکیـان باوکـم مەنجەڵێکـی گـەورەی ماسـت و بەرچنەیـەک تـرێ و سـەبەتەیەک هەنجیـری پیانـاردم بـۆ بەرپرسـێکی خزمی.

باوکم هەموو جارێک ئەیوت لێرە خزمەتی زۆرمانکردووە. نانی خواردووە، جلی بۆشۆراوە. کاتێک بۆم برد هەر بەم کەرەوە چوومە ماڵەکەیانەوە، وتی ڕێگای کەن بابێت. کە چوم لە مەلەوانگەکەیا دوو سێ ئافرەتی لەوانەی فلیمەکانی لەگەڵدابوو. قریوەی پێکەنین و گاڵتە ئەو ناوەی پڕکرد بوو. بەپێکەنینەوە وتی:

-عەلە مەلە ناکەیت؟ ئەمە ئەستێڵە پڕ لە بۆقەکەی ئێوە نییە. کچەکان دایانە قاقای پێکەنین.

خۆم ئامادەکرد و وتم هەر بە شەرواڵەکەوە مەلە ئەکەم. پڕی ئەکەم لەهەوا وەک چووپ بەکاری ئەهێنم. خۆم هەڵدایە ناو مەلەوانگەکە. کاتێکم زانی ئەم کەرە نەگبەتە بە من و بەخۆیەوە هەردووکمانی فڕێدایە ئەم جۆگەیەوە منی بەو هەموو قوڕولیتەیەوە بەجێهێشت، خۆی لەولاوە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. منی لەو خەیاڵە خۆشە بێبەشکرد.

سلێمانی ٢٠٢٥

# نارامگە



ئامانج شێروانی

چرایەکەی هێخستە نێوان خۆی و کوڕە چواردە ساڵانەکەی و بە دەست ئاماژەی پێ کرد تا بێتە بەرانبەری دابنیشێت. بەهێمنییەکەوە پێی گوت تا دەرگا و پەنجەرەکان تۆکمە دابخات، نەبادا یەکێک گوێی لێیان بێت! بێئاگا لەوەی کە لەم وڵاتەدا دیواریش بە گوێیە! لەسەر دەلاقەکەی ژوور سەری، دەستنووسێکی کۆنی پەڕپووتی تۆزاوی دەست کردێ و هێنایە پێش خۆی. مێزەرە سپییەکەی لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانا و پرچە بەفرینە دەروێشانییەکەی خۆی پەخشان کرد. یەک دوو ئحمی کرد و قورگی خۆی جوان خاوێن کردەوە.

خـۆ ئـەم دیمەنـە، ڕێـک لـەوەی ئـەو شـەوە دەچوو،کـە شـەش سـەد سـاڵان لەمەوبـەر، لـە شـارە جوانەکـەی ئامـەدێ، لـە هەمـان ئـەو ژوورە، لـە حوجرەکـەی مەلایـێ جەزیری،مـەلای مەینـۆش و دڵـداران، مـەلای سـۆفی و حەللاجـان، باپیـرە هـەرە گـەورەی ئـەم پیرەمێردەی ڕوونیشـاند و دوا وتەکانـی خۆی بە دەروێشـەکەی خـۆی گـوت! لـەو هەنگینێـوە، هەتاوەکـوو ئێسـتاش هـەر کـە دەروێشـێک پیـر دەبێـت و دەگاتـە خەزانـی تەمەنـی، قوتابییەکـەی خـۆی دادەنیشـێنێت و هەمـان قسـەکانی ئـەو شـەوە دووبـارە دەکاتـەوە!

«ڕۆڵە،لـە دوای مـن تـۆ خـۆت دەبیـت بـە پاسـەوانی ئـەم حوجرەیـە، لـەدوای مــن هــەر خــۆت دەبیتــە خاوەنــی ئــەم ئارامگەیــە.» نــەوە دوای نــەوە، ئــەم نهێنییـە پشتاوپشـت، لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ پارێـزراوە، جگـە لەمانـە هیـچ کەسـێکی تـر نهێنـی ئـەم حوجرەیـە نازانێـت، کەسـیان نازانـن چ پیاوچاکێـک لەژێـر ئـەم بنمیچـەدا پاڵکەوتـووە! هیـچ کـەس نازانێـت ئـەم حوجرەیـە بەهەشـتی کامـە کەڵەپیـاوە! «ڕۆڵـە، ئـەم گومبەتـە سـەراوقوونە دەبینیـت؟ ئـەو گومبەتـەی کـە لەباتیـی ئـەوەی بـەرەو ئاسـمانەکان هەڵکشـابێت، بـەم ژوورەدا ڕۆچـووە؟»

شـەش سـەد سـاڵ لەمەوبـەر، لـە شـەوێکی تاریکـی یەڵـدا، کاتێـک کـە مـەلای چاومەسـتان، ڕابـەری دڵـداران، شـێخ ئەحمـەدی جەزیـری، لـە خـەودا بینیـی کـە لـە شـەوی نـەورۆزی سـاڵی بێـت، بـە دەسـتی خـۆی مـەی بـۆ مەنسـووری حەلـلاج تێـدەکات و لەگـەڵ وەلـی دێوانـە پـڕ بـە زاری خـۆی هـاوار دەکات ئەنەلحـەق و بەهەشـت و ئاسـمانان دێنێتـە لـەرزە، بـە فەقێیـە چـواردە سـاڵانەکەی خـۆی گـوت: «ئامـان و سـەد ئامـان، بـا چ گومبەتانـم بـۆ دروسـت نەکـەن، بـا گۆڕەکـەم جگـە لـە تـۆ و نەوەکانـت، کەسـی تـر نەزانێـت لـە کوێیـە، نەبـادا ڕۆمییـان پێـی بزانـن و بەڵایەکمـان بەسـەر بێنـن!» شـێخ چـاک دەیزانـی ڕۆمییـەکان جێـی متمانـە نینـە، شـێخ بێگومـان کـە ڕۆمـی ئەوەنـدە شـوومە لـە شەخسـیش دەخـا زەرەر!

ڕیش سـپییەکانی شـار سـوێندیان دەخوارد،کە لە باوکیانەوە بیسـتبوویان،چەندین جـاران بـە چـاوی خۆیـان، لـە شـەوی نـەورۆزێ، لەگـەڵ یەکەمیـن دووکەڵـی

مەشخەڵی ئازادی، لەگەڵ پشکووتنی یەکەمین گوڵە نێرگز، لەگەڵ دوا دڵۆپە فرمێسکی زستانێ، ئەبوو نەواس بە هاوەڵیی خەییام و بابا تاهیر، لە دەرگای ئەم حوجرەیە دەهاتنە ژوورەوە و هەتا بەیانی کۆڕیان دەگێڕا!

«ڕۆڵە، چەندین جاران دوژمنان پیلانیان گێڕاوە و ویستوویانە ئەم نهێنییەمان لێدەربهێنن، بەڵام هەمووجاران بە هەناسە ساردییەوە گەڕاونەتەوە. دەستم دامێنت، باش بیپارێزە!»

ئەم قسانەی کرد و چرایەکەی بەردەمی کوژاندەوە، خەندەیەکی هاتێ، وەک ئەوەی لەم سەرەوە چاوی بە مەلای جەزیری کەوتبێت،کە بە خۆی و بە جامێک مەیەوە پێشوازی لێبکات و سوپاسی بکات،کە هەتا ئێستا ئەم نهێنییەی پاراستووە. سەری خۆی خستە سەر مێزەکەی بەردەمی. هێشتا دوا هەناسەی خۆی نەدابوو، دەرگاکە کەوتە سەر پشت و چوار جەندرمەی، پۆستاڵ لە پێی سمێڵ فش هاتنە ژوورەوە و گۆڕەکەیان هەڵکەند!

* نارامگە: یاری کردنە بە وشە، لە هەردوو وشەی (نا+ئارامگە)وە هاتووە.

# دوکـــــــــەڵ



د. ئازاد هیدایەت دەلۆ

لـە پشـتەوە چـاوت بڕیـبـووە هەنگاوەکانـی و ئەویـش تـا دەچـوو لـە پێـش چـاوت بچوکتـر دەبـووەوە، تـا لـە دوا خاڵـدا لـە قەڵـەمـڕەوی دیـدەت وون بـوو.. دایکـم ئاسـا هەسـتم بـە بۆنکـروزو هەڵقرچانـی جەرگەکـەم کـرد و دوکەڵەکەشـی بـەرەو ئاسـمان بـەرز بووەوە..(ڕۆڵـە گیـان چیـت بـۆ بـاس بکەم،ئەوکاتـە کاکـت کـە نۆبـەرەم بـووی تەنها شـەش مانـگ عومـری بـووی، باوکـت ئـەم باڵەکـەی و خاڵۆتیـش ئـەو باڵەکـەی تـری ڕائەکێشـا ترسـیام باڵـی لـە بنادەرکـەن. ئاخـری باوکـت زاڵبـوی و کاکەتیـان لێـم دوویـر خسـتۆ دایانـە بـاوش میمکتـاو بـەرەو

قەتارەکە ڕایانکردو سواربوین، ڕۆڵە وەو شێ حەسەن قەرەچێوارە چۆنت بۆ ئێژم خیلافی نییە، قرچەی جەرگەکەم و دیوکەڵەکەی وەک دیوکەڵ قەتارەکە چویە عاسمانا.

باشە بۆچی دایەگیان؟

کوڕم ژن هۆژن سەرێکی هەر گوییە، من و میمکت ژن هۆژن بوین، خالۆت قەت لەقەورا نەخەفێ منی هۆ زەبر خنجێر داوە باوکت، ئاخر خۆی دڵی هۆ میمکتۆ بوی...

+ئەی تۆ حەزت لە باوکم نەئەکرد؟

ـــ نەوەڵا کوڕم باوکت بێ ماڵ و بێ حاڵ بوی، منی گواستۆ ئەوجا ماڵ مامەی شوێن قەسیلەکەیان پێیدا، خۆیشم دووساڵ قوڕکاریم کرد باوکتیش دووسێ داری پەیا کردو بڕێک قامیشو سەعافی دارخورمای باخەکەی ماڵە میری هاوردو بانەکەیان گرت ، هەتا دوو ساڵیش کە من شویم پێیکرد ئەو هەر فەلاح ماڵ (جەمیل بەگ) بوی ، تازە چوار مانگ بوی دەسی لەم ئیشە گیر بوی .

کام ئیش دایە گیان؟ ئەی کوڕم نایەژم بویە شورتەی ناو قەتار مەعاشی زۆر بوی مانگی ١٣ دیناریان پێیئەدا،هۆ دینارو ڕوبعێک لە حەسارێکا لە پشت سەددەکەی سەعید قەزازۆ چاوە غورفەیەکی هۆکرێ گرت ، هەر لە هەوەڵ مانگۆ ماڵمان بردە ناوی ...

+ ئەمە لە کام شار دایەگیان؟

ـــ ئەی کوڕم نایەژم لە بەغا ، باشە دایە گیا ن سەعید قەزاز سەدەی دروست کرد ؟ بەخوا کوڕم بێ عەقڵی ، ئێ ئەو وەختە وتیان بەغا ئاو ئەیوا چەمێکی گەورە هۆ ناوڕاست بەغاوە ئەڕۆیی لە بەهارانا ئاوەکەی زۆر زیادی ئەکرد پێیان ئەوت دجلە، ئیتر (سەعید قەزازی)ش ئەو وەختە وەزیر بوی

حوکمەت بوی، سەدەیەکی زۆر بەرزی هەر هۆ خۆڵ، نازانم چەن بارە خۆڵی لە کوێوە هاوردو وا محکەم هۆ بێڵ کوتاویانۆ وتم: ئێ دایە گیان ئیتر ؟

ـــ بەخوا کوڕم ئیتر نازانم هەر دوای ئەوەی مەلیکە بوچکەڵەکەیان کوشت ئەویشیان عیدام کرد ...

- باشە کوڕم تو ئیسە چەن ساڵ عومرتە؟

+ دایەگیان من ئێستا پەنجا ساڵم،

ــ کورە دە ووس ووس، ماڵ دڕۆت برمێ تو مناڵ دوێکەی!!!

ئێ دایە گیان تۆ لەوە گەڕێ، دوای ئەوە مەسەلەی تۆو کاکم بەچی گەیشت (بەدەم هەڵکێشانی حەسرەتێکی قووڵەوە) دایکم وتی: کوڕم یاخوا ئەوەی وەمن کریا وەسەر جویلەکەیش نەیەت، سێ مانگ من لەسەر ڕێی قەتارەکە چاوەڕێم ئەکرد، قەتارەکە وەل بانگ نیمەڕۆدا ئەگەییە محەتەکە لە دویرۆ دیار بوی، لە محەتەکەیشۆ هۆپا هۆسەعاتێک ئەنجاغ ئەگەیینە ماڵ،هۆ ئاوایی ....

+ باشەدایە لەو سێ مانگەدا هیچ هەواڵێکت نەزانی؟

ـــ نە وەڵڵا کوڕم، خۆ ئەو وەختە وەک ئیسە نەوی، نە تەلەفۆن بوی نە خەڵکیش ئاوا  زۆر بۆ بەغا ئەچوین ، ترمبێل و چشت کەم بوین، ماڵ جەمیل بەگ، ترمبێلێکیان بوی،کە ئەهاتە ئاوایوە گشت خەڵکەکە ئەچوین سەیریان ئەکرد،بزانن چۆن ئەڕوا وەڕێوە،ئێ خاڵۆتیش دائیمە تووڕە بووی دارێکی لەسەر سەگ دارێکی لەسەر من بوی.

+ بۆ دایەگیان لەسەر چی ؟

ـــ ئێ کوڕم من بۆ جەرگەکەم ئەگیریام،ئەویش پێی ناخۆش بوی، ئەیوت تو بۆ هینەکەی ئەو تەرەسە ئەگیری ، هۆ باوکتی ئەوت.

+ ئەی دوای ئەو سێ مانگە دایە گیان؟

- ــ دوای ئـەو سـێ مانگـە کـورم، دوای نیمەڕۆیـەک عـەزەی کاکەحەمـە یاخـوا لێپرسـینەوەی نـەوێ لـە قیامەتـا، لێـل باوکـت و میمکتـا هاتنـو کوڕەکەیـان داوە باوشـما،ئەو شـەوە لـە ئاوایـی بویـن و بەیانـی زوی چومانـە پـای قەتارەکـەو بـۆ بەغـا بـۆ مـاڵ خۆمـان گەڕپاینـۆ...

- + ئەی خاڵۆم چۆن ڕازی بوی؟

ــ کوره شەو میمکت چوویە بەخەڵیۆ، ئیتر هۆشی هۆ خۆی نەما.


+ واتا تۆش بۆ شەوی دووایی چویتە باخەڵی باوکمەوە ...

ــ کـوره ووس هـەی بـێ عـەدەب، بەخـوا ئـەو ڕۆژەی عـەدەب بەشـکریاوە تـو لەمـاڵ نەویتـە.

(ئاغـا ببەخشـید )،پیاوێـک بـە عەرەبانەیەکـەوە چەنـد جانتایەکـی گـەورەی لـە سـەر بـوو، وای وت، سـەرەڕێگاکەت گرتبوو،فریـای خـۆت کەوتـی و بـەرەودواوە بـۆ نـاو تێرمینالـە جەنجاڵەکـە گەڕایتـەوە، بلیتـی گەڕانـەوەت بڕیبـوو کاتژمێـر ٨ ی ئێـوارێ سـەرکەوتی ئەوشـەوە تاکـو بەیانـی لـە نـاو پاسـەکەدا،خەونەچووە چـاوت (ئاخـۆ ئاشـنا چ دەخوا؟چـۆن دەنوێـت ، جێـگاو ڕێـگای چۆنـە ؟ چـۆن دەچێتـە دانشـگاه و دێتـەوە؟ هـاوڕێ قوتابییەکانـی چۆنـن لـە گەڵیـدا ؟ دوو سـێ جـار زەنگـت بـۆی کـرد، ئـەو دڵنیـای دەکردییـەوە، بـەڵام دڵـی تـۆ ئۆقـرەی نەدەگرت...کەوتیتـە نـاو خەیاڵـی ئاشـنا و لـە لەدایـک بوونیـەوە پیـادا هاتـی گریـان و پێکەنینەکانـی، هەڵسـان و بەسـەر پێکەوتنـی، جـم و جـۆڵ و ڕۆیشـتنی، قسەخۆشـەکانی، پرسـیارکردنی لـە هەمـوو شـتەکانی دەوروبەری،نەخۆشـی و ئازارەکانـی، چوونـی بـۆ باخچـەی ساوایان، پـە پولـەو گـوڵ ، یەکەمیـن سـرودی لە قوتابخانـەو چۆنیەتـی وتنەوەی (بەبـە بەبـە بچکۆلـە، مەگـری مەگـری بەرخۆلـە..) ئەمـەت لـە بەرخۆتـەوە دەوتـەوە..

ــ چۆن؟ (هاوسـەفەرەکەی تەنیشـتت بـوو وای وت، هەسـتت بـە خەجاڵەتـی کـردو داوای لێبوردنـت لێـی کـرد).

# لە پاشکۆی ئەوینی سەد ساڵەدا



سەلاح نیساری

بێگومـان لـە نێـو زیندەوەرانـدا بـە تایبـەت تۆرەمـەی بابـادەم، لـەو ڕۆژەوە،کـە مرۆڤـەکان ڕاسـت و چەپـی خۆیـان دەناسـن، بیانـەوەێ و نەیانەوێ،مۆمـی ئەویـن لـە دڵ و دەروونیانـدا دادەگیرسـێت و ئەشـق و خۆشەویسـتی لـە ڕۆحیانـدا ڕەگ و ڕیشـە دادەکوتـێ و چەکـەرەدکات و سـەر هەڵـدەدات. ئەوسـا دەبێتـە شـلکە نەمامێـک و پیـر و مـورادی خـۆی دەبینێتـەوە، ئاشـقانە بـە بـاڵای خۆرەتـاوی ئەوینـدا هەڵدەزنێـت. دیـارە ئـەو حـەز و خولیایـە حاشـای لێناکرێـت و چـرۆی تاسـە دەترووکێنـێ، گوڵخونچـە پـەردە دەدڕێـت و گوڵـی خۆشەویسـتی دەکرێتـەوە

و هەنیـەی هەتـاوی دڵخـوازی ڕادەمووسـێ. ئیـدی ئـەو ئەشـقە هـەر بەوەنـدە داناکەوێـت و هـەروا بـە کاڵـی و شـلکی مـەرزەم نابـێ، دڵ کـە کوتـە گۆشـتێکە دەیباتـە کـورەی ئەوینـەوە و لـە چەشـنی دیـزە و گـۆزەی هەوڕگـەری لێـزان لـە کڵـی دەردێنێـت. ئیتـر لـەو ڕۆژەوە کـە لـە بۆتـەی دڵداریـدا قـاڵ بـوو، دەروێـش ئاسـا دەکەوتێـە شـوێن پیـری خـۆی و لـە حانـد تانـە و تەشـەری نەیارانیـش خـۆی کـەڕ دەکات. جـا ئیـدی ئـەوە بەشـەرە و کـورد گوتەنـی شـیری خـاوی خـواردووە، زۆر جـار دەبینیـن ئاشـق کوێرانـە دەکەوێتـە سـەر ڕێچکـەی حـەز و خولیـای خـۆی. کـە دیـارە هەرکەسـە و بـە لەونێـک و بـە چەشـنێک پیـر و مـورادی خـۆی دەبینێتـەوە، یەکـێ ئاشـقی نـازدار حەیرانیەتـی و کەسـێک حـەز بـە سـەروەت و سـامانی زۆر دەکات، ئەویدیکـە ڕێبـازی شـەیدایی سـۆفیگەری هەڵدەبژێرێـت و زۆریشـمان هەیـە دڵدارەکـەی نیشـتمانەکەیەتی. هیواشـمان هەیـە ئاشـقی دەسـتبڕی و گوێبڕیـن و ساختەچییەتی و بـە هـەزاران شـێوە، زەروو ئاسـا دەمـی لـە خوێنـی خەڵـک ژەنیـوە. کەوابـوو ئەوانـە هـەر یەکـە و بـە شـانازییەوە حـەزی تایبـەت بـە خـۆی هەڵدەبژێـت و بـە ڕپـە و پێوانـەی ئەقـڵ و بیـری خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ ژیـان و هەسـت و ویسـت و خـوازەی دڵـی خـۆی دەکات. لـەو نێوەشـدا ئافەریـن بـۆ هەندێکیـان و نەفرینیـش بـۆ بەشـێکیان ڕەوانـە دەکرێـت. کەوابـوو ئەوانـەی لـە سـەرەوە ئامـاژەم پێکـردن کانـە و سـەر چاوەکـەی لـە کۆمـاری دڵ ڕایـە و لەگـەڵ پاڕلمانـی هـزرە و بیـر بڕیـاری لـە سـەر ئـەدەن و دەسـەڵات بەدەسـتەوە دەگـرن. بـەڵام ئـەوەی مـن لێـرەدا لـە سـەری ورد دەبمـەوە و شـیلەی لـێ هەڵدەمـژم و لـە وێنـەی پرشـنگی خۆرەتـاو تاریکایـی دەروونمـی پـێ ڕووناک دەکـەم و لـە کانیـاوی دڵـە خاوێنەکـەی دەخۆمـەوە، توونیەتـی و تاسـەی ئاواتمـی پێدەشـکێنم، ئـەو ئەشـقەیە لـە تافـی لاویمـدا کەوتمـە بـەر تیرێـژی و دلۆڤانـی و لـە وەرزی بەهـاردا جوانـی پـێ بەخیشـم و لـە چەشـنی پاییـز ئاشـق

و دڵدۆڕاوی کردم. هاوکات لەگەڵ تێکەڵ بوونی کتێب، ئەگەر لە ژیاندا پیر و مورادێکم بۆ خۆم هەڵبژاردەبێ و دەروێشانە ڕووناکیم لەو تیشکی کتێبە هەتاوە مەزنە وەرگرتبێ، مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی بووە. ئەگەر بە جەسارەتەوە ئەو وتەیە دەربب‌ڕم، بوێرانە بیدرکێنم و ژیرانە بڵێم بە تۆزی مەسنەوی و مەولەویش نابم، منیش شەمسی خۆم وەدۆزی و هەر چەندی لەمەڕ خۆرەتاوی ئەشقی خۆمەوە بدوێم کەمم گوتووە و هیچم نەگوتووە. هەژار بۆ کوردستان و شەرەفنامە و مەم و زینی خانی، مەلای جزیری و خەیام بە کوردی، چوار نامیلکەی دکتۆر عەلی شەریعەتی و مێژووی ئەردەڵان، چێشتی مجێور و هەموو تیرێژە پەڕتووکی ئەم هەتاوە ڕووناکی بەخشە، دڵ و گیان و چاو و ڕێچکە و ڕێبازی بۆ ڕووناککردمەوە، تێکیاندام و دروستیان کردمەوە. منیان کردە مرۆڤ، کردیانم بە ئینسان، بە دڵدار، فێری خۆشەویستییان کردم. بە تاڤگەی خۆشەویستیدا شۆڕ بوومەوە و پێدەشت و بنار و هەڵەمووتم بڕی و لاولاو ئاسا بە بەژنی دڵداریدا تێهەڵچوومەوە. تێکەڵ بە زەردەخەنەدەی بێگەردی منداڵان بووم و هەنگ ئاسا بێنیی بەژنی زێد و وڵاتەکەم ڕایکێشام و شیلەی گوڵانم هەڵمژی. توانیم ئاخ و داخ و خەڵک و خۆم و شێت و هار و کەڕ و کوێرم خۆشبوێت، دەر و بەردی وڵاتەکەم بە مژۆڵی چاوم بزانم، لەگەڵ ئاشقان گۆرانی بڵێم و لەگەڵ نەتەویستان مدارا بکەم. هەڵوێست بگرم و لە هەمبەر زۆرداری و ناحەقی بڕاسێم و بە دەم دەردەوە نەناڵێنم، دەرمانی بۆ وەدۆزم. زمانی وێژەمان پێڕەو بکەم و بە ڕەخنە هەڵنەبەزمەوە، ئەوەی بە دڵی من نەبوو سەری نەقرتێنم. خزمان بناسم و دۆستان تاقی بکەمەوە و ئەزموون لە خۆشەویستی ڕاستەقینە وەربگرم. ددان بە جەرگی خۆمدا بنێم و لەچەشنی پشکۆ بە تین بم. کای کۆن بە با نەکەم و بە بزەی ناکەسان شەکری بڕوام خاو نەبێتەوە و نامەردی لەبیر نەکەم. وەک ئاگری نەورۆز گڕ

بگرم و لە چەشنی شەو بوو نازداران لە هەواران بخزێنمەوە ئامێزی خەوی خۆش و شەکەتیان لە ناخ و جەستە بتارێنم. ئاشق بم، ئاشقێکی سووتاو، وەک پەپوولەیەک بەرامەی شیعری شاعیران هەڵبمژم و لە سەر تابڵۆی پڕ لە نەخش و نیگاری پەنجە ڕەنگینان بنیشمەوە و بۆ ساتێک لە سەر بووم و ڕەنگی وێنەی دەسکرد و دەست نەخشینیان وچان بگرم، بە هەوای شەپۆلی دەنگ و ئاوازی مۆسیقای هونەرمەندان ڕۆحم تیفتیفە بدەم و بە شنەی حەیران و لاوک و کاولی بادینان و سیاچەمانە و بەیتی سێوەخان و لاس و خەزاڵ و سەیدەوان و عەزیزە کۆرەی داسنی و قەڵای دمدم و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک غەوری لە دڵم بسڕم، شانازی بە کەلتوور و کەلەپوور و ناسنامەی گەلەکەم بکەم. ئەو گەلەی بە درێژایی تەمەن و مێژوو چەوساوە و نەحەساوە و بە دەیانجار لەمپەر و بەرهەڵستی خۆی بوو. کتێب بوو بە مامۆستام، دەستی گرتم بەرەو بەرزایی بردم و لەسەر ترۆپکی قوتابخانەی ئەشقەوە گوڵجاڕی ژیانی نیشاندام. شنە ئاسا لاواندمیەوە و بارانی ڕسکاندنی بەسەردا بارانم. فێری کردم نەبمە گۆلاوی مەند و تێکەڵ بە قەڵبەزەی ئاوی خوڕێن، کەند و لەند و گەوە ببڕم و بە هەناوی زەریادا ڕۆچم.

# نامە (مەسج)



ڕەوەند سالّح حەسەن

هەر کە گزنگ سلّاوی لە چاوەکانت کرد، تۆش چاو دەبڕییە نامەکان، لاپەڕە بە لاپەڕەی واڵاکانت دەکەیتەوە،ڕۆحت زەنگی هاتنی نامە لێدەدات، تۆ چاوەڕوانی کەسێک، شتێک، هاتنێک نیت، وەلێ بێ تەماشاکردنی نامەکان ڕۆژەکەت باش نابێت، وات دەوێ پێش خۆت نامەکان سۆراخی تۆ بکەن، نامەکان بێ پرس دێن، سنووریان نییە بۆ هاتن، نامەش هەروەک ڕۆژژمێری تەمەن لە عومر و لە میزاج و لە جوانیمان دەدزێ و ڕۆژەکانمان تەواودەکات.

نامەکان زۆرن هەموو ڕەنگێک و تەمەنێک و شێوەیەک لەخۆ دەگرن، مرۆڤ بێهودە دەبێت لە زۆروبۆری نامەکان، دەتەوێ دەرگاکانیان بەسەردا دابخەیت تا نەیەنە ئەمدیو شاشە و ڕێڕەوی بیرکردنەوەمان نەگۆڕن، دەسکاری برینەکانمان نەکەن و قەتماغەی شکانەکانمان هەڵنەدەنەوە.

هەندێ جار نامەکان هێندە ڕەق خۆیان دەردەخەن حەزدەکەیت تەکنەلۆجیا بدەیتە بەر نەفرەت و ڕابکەیتە کۆڵانی جاران و بەدوای نامەیەکی ناو پاکەتە شقارتەیەکدا بگەڕێیت، عەودالّییت بە سوچێکی کۆڵانەوە هەڵواسی بۆ تەنها نیگایەک تا چاوداگرتنێک نەشئەی عومرێکت پێ ببەخشێ. ئای لە نامە بێ ڕوحەکان چی لە مرۆڤ دەکەن!!

هەرچی بلۆک و قفڵە تێیان بگریت، لە کون وکەلەبەرێکەوە زەنگی هاتنیان وەک دەنگی پێی لەشکرێک سەرباز ڕۆژەڕێییەک دەڕوا، زۆرجاران ڕۆژگارێکی ترسناکت پیشان دەدەن، زۆرجاران گۆشەگیرت دەکەن، قوژبنێکیشت پێ ڕەوا نابینن تا بیر لە هێوربوونەوەی خۆت بکەیتەوە، ئیتر نامەکان وەهان وەک سێبەر لێمان نابنەوە وەک شەپۆلی شێت هەموو ڕۆژ خۆیان دەکێشن بە کەناری گوێمان و بە دیواری دڵمان و بە پەنجەرەی ڕوحماندا.

نا نا هاوڕێ....

نامەکانی ناو شاشە هێندەش ترسناک نین، نەوێرین پەنجە بخەینە سەر ئۆکەی لە ترسی تەزینی دڵمان، هێندەش بەد نین هەتا کڵۆڵی و شکانی ڕابردوومان بخەنە نێو چوارچێوەیەک و هەموو ڕۆژ پیشانمان بدەنەوە. تۆ بزانە هەندێ نامە وا دێت هاکی دڵت بکات و هەرچی ڕازونیازت هەیە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، نامەگەلێک وەکو کاروان ڕیزیان بەستووە تۆش سەربازێکیت لەبەردەم لەشکرێکدا، چاوەڕوانی ئەو نامەیەی تەماشات پڕ دەکا لە تێڕامان و فەنەری خۆشەویستیت بۆ دادەگیرسێنێت، هەر ئەو نامەیەی چاوت تاقەتی تروکانی نامێنێ و سەرت سوێند دەخوا نەسوڕێ بە هیچ لایەکدا، تەنیاییت لێ دەکرێت و ئاوەدانی بە ڕۆحت دەفرۆشێت، حەزدەکەیت هێندەی بەرینی زەوی ئەو لاپەڕەیە بەرین بێت، تۆش هەر بۆی بنووسیت، حەزدەکەیت سەری پەنجەکانیشت لەگەڵ وشەکان بڕۆن و بگەن، هەر ئەو نامەیە بە هانای بێ قەراریتەوە دێت و خەو لە چاوانت دەدزێ، خۆی دەبێتە خەونێکی هەتا هەتایی، دەستی ساردت دەگرێت، بە ڕێگە گەرمەکاندا دەتبات تا جگە لە جوانی بەر هیچ شتێکی تر نەکەویت. ئەوە تەنها نامەیەکە وەلێ دنیایەک لە ژیان، کە ناکرێ ونی بکەیت و بیسڕیتەوە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە تۆ وەڕسیت، حەزدەکەیت تەلەفۆنەکەت بتەکێنیت، یەک بە یەکی نامەکان بخەیتە سەر زەوی، تا بەدوای ئەو نامەیەدا بگەڕێیت کە دەستت بە ژیانەوە گرێ دەداتەوە.

لە چاوی شیعرەوە..

# حەمەعەزیزی شاعیر،

# خاوەن شوناسی شیعریی و ئەتەکێتی وشەیە



خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی:
جەمال نوری

حەمە عەزیزی شاعیر لە شیعرێکدا لە ژێر ناونیشانی (لە چاوی شیعرەوە) کە لەلایەن هونەرمەند (نەجمەدین غولامی)یەوە کراوەتە گۆرانی، دەڵێت:

**ئەی بەژن ڕێک لەنجە جوان خاوەن سەرنج شێوەت پەری**
**بۆ نیگایەک وێڵ و شەیدام باڵی شیعرم هەڵوەری**
**هەر ئەوەندەم دیوە چاوت وا لە ژێر برژانگی ڕەش**
**وەک گەلاوێژ شوێن مەبەستن بۆ سەرنجێ ئاڵ و گەش**
**تیشکی ڕووت کاتێ لە دەریای وردی ئەندێشەم دەدا**
**خشڵی شیعرم وا دەڕازێ بووکی هەست جوانتر دەکا**

**وەک پەپوولە گیانی تینوم بۆ قومێ عەتری نیگات**
**دێت و دەڕوا هەر شنەی دێ تا بە برژانگت بگات**
**جا کە تێر بۆن بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ**
**تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ**
**بوو بە ئاوازێ بەرامەی بەستەکەی چۆڕایە ناخ**
**خاکی وشکی چاوەڕوانیم هاتە سەوزیی و بوو بە باخ**
**دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو دەنێم**
**مەست دەبم بەو بۆنە خۆشە و بەستە بۆ چاوت دەڵێم**

****

گەر بمانەوێ بەشێوەیەکی دروست، خوێندنەوەو شرۆڤەی دەقە شیعرییەکانی (حەمەعەزیز)ی شاعیر بکەین، سەرەتا دەبێ بەئاگابین لە زمان و فەرهەنگ و خەیاڵ و ریتمی شیعریی. تاوەکو بە پێی ئەو ستانداره ئەدەبیەی کە وەک پێوەرێک ئاستی شیعریی پێ دەپێورێت شەن و کەوی شیعرەکانی (حەمە عەزیز)ی پێ بکەین .

هەڵبەتە ئەوەی وامان لێدەکات بەمشێوازە مامەڵە لەگەڵ شیعرەکانیدا بکەین شێوازی نووسینی شیعرەکانیەتی جیایدەکاتەوە لە شاعیرانی ئەم رێبازە ی ئەدەب. ئەو زمانەی (حەمە عەزیز) پێی دەنووسێت زمانێکی کوردی پەتی وپاراوە ،زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی وشە شیعریەکاندا دەکات وەستایانە لە بەیتە شیعریەکانیدا تەوزیفی کردوون،بەبێ ئەوەی وەک شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە پشت بە وشەی عەرەبی ببەستێ و بەکاریان بهێنێ ،یاخود لەسەر شەقڵی نووسینی شیعری ئەوان چوارخشتەکییەکانی تەواو بکات یا تەخمیسی شیعری بکات لەسەر بەیتەکانی ئەوان .. بەپێچەوانەوە ، زمانی شیعریی حەمەعەزیز لەدەنگە لیریکیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە جورێک لەریتمی موزیک و ئاوازی گورانی تێدا بەدیدەکرێ کە پانتایی خەیاڵ داگیر دەکات،لەلایەکی تریشەوە ،حەمە عەزیز تاوەکو ئێستا پشت بە

برگەی شیعریی و کێش و سەرواو یەکێتیی بابەت و زمانی شیعریی دەبەستێت .هەر ئەم شێوازەش زیاتر وامانلێدەکات بەدواداچوون بۆ ئاستی تەکنیک و شێوازی نووسینی (حەمەعەزیز ) دا بکەین،

حەمە عەزیزی شاعیر لە شیعرەکانیدا زیاتر پشت بە گرێچنی ڕستەو چنینی وشە ی شیعریی و خەیاڵ و وەسف و ریتمی شیعریی دەبەستێت، بەڵام ئەم ڕێچکەیەی حەمە عەزیز گرتویەتیە بەر هێندەسانا نیە ،ئەوەی بیەوێ بەمشێوازە بنووسێت دەبێت خاوەن پاشخانێکی باشی فەرهەنگ و شارەزایی لە جوگرافیاو سروشت و کەش و هەواو داب و نەریتی کوردی بێت و بەدواداچوونێکی قوڵ بکا بۆ ئەو وشانەی لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناون .

شیعرلای حەمە عەزیز فەرهەنگی وشەی ناوازە زمانی شیعریی و وەسف و خەیاڵ و ریتمە ..

،کاتێک شیعرێکی حەمە عەزیز دەخوێنینەوە ، هەست بە بەرزی لەزمانی شیعرو چنینی وشەو ریتمی موزیکی و هارمۆنیەت دەکەین .لەدەقی



حەمەعەزیز

«لەچاوی شیعرەوە» دەبینین (حەمە عەزیز) فۆرمێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەوەسفە شیعرییەکاندا تام و بۆن و جوانی خۆی هەیە لەڕێگای زمان و فەرهەنگی وشە و خەیاڵەوە ، واتە وەسفی جوانی لەشیعری حەمە عەزیز خەسڵەتێکی تایبەت بە هەستەباڵاکانی خۆیەتی و ناچێتەوە سەر شاعیرانی پێش خۆی.

**ئەی بەژن ڕێک لەنجە جوان**
**خاوەن سەرنج شێوەت پەری**
**بۆ نیگایەک وێڵ و شەیدام**
**باڵی شیعرم هەڵوەری**

شاعیر، لەم بەیتە شیعرییەدا

کاتێـک نـاوی بـەژن ڕێـک دەبـات ،دەیەوێـت لەشـیعردا تەوزیفـی بـکات ئـاوا دەنووسـێت :

**ئـەی بـەژن ڕێـک ،لەنجـە جـوان ،خـاوەن سـەرنج ،شـێوەت پـەری..**

گـەر تەماشـای ئـەم کۆمەڵـە وشـانە بکەیـن سـەرەتا واهەسـتدەکەی پارچـە پارچەیـە وشـە شـیعرییەکانی بـەڵام کاتێـک بەکـۆ دەیانخوێنیتـەوە هەسـت دەکـەی لـەو نیـوە دێـڕە شـیعرییەدا حەمـە عەزیـز جـوان وەسـفی (بـەژن ڕێـک) دەکات ، بەجورێـک کاریگـەری بەسـەر هەسـتە باڵاکانـی شـاعیرەوە جێهێشـتوە کـە بنووسـێ یـا بڵـێ..

**بۆ نیگایەک وێڵ و شەیدام ،**
**باڵی شیعرم هەڵوەری**

شاعیر هێنـدە وێڵـی تەنهـا نیگایەکـی بـەژن ڕێکـە نیـگای بـکات هێنـدە تامەزرۆیـە خەریکـە خەیاڵـی شـیعریی دەوەرێـت ، دەڕوات..

شـاعیر لـەم بەیتـە شـیعرییەدا بـە (بـەژن ڕێـک دەڵـێ لەژێـر برژانگـی ڕەشـتا هێشتا هەرئەوەندەم دیوە، ،وەک گەلاوێـژ وەهایـە ئەوکاتـی کەسـەرنجێکی لـێ بـدەی بـۆ مەبەسـتێک.

**هەر ئەوەندەم دیوە چاوت وا لە ژێر برژانگی ڕەش**
**وەک گەلاوێژ شوێن مەبەستن بۆ سەرنجێ ئاڵ و گەش**

بەڵـێ شاعیر بەردەوامـە لـە دەربڕینی هەسـت و سـۆزی بـۆ بـەژن ڕێـک و پێـی دەڵـێ:

**تیشکی ڕووت کاتێک لەدەریای وردی ئەندێشەم دەدا ،**
**خشڵی شیعرم وا «دەڕازێ» بووکی هەست جوانتر دەکا**

شـاعیر وەسـفی ڕووخسـاری بـەژن ڕێکـی وەهـا جوانکـردووە

بـەڕووی خـۆر ،چواندوویەتـی کاتێک تیشـکی خـۆر لەدەریـا ئـەدا بریسـکەو ڕەنـگاو ڕەنگـی تیشـکەکە بەسـەر دەریـاوە دەبینـرێ وەک شـەبەنگ بۆیـە حەمـە عەزیـز ئەڵـێ:

ڕووخسـارت بەچەشـنی خـۆر دەچـێ کاتێـک تەماشـای ڕووخسـارت دەکـەم لەدوورەوە تیشـکی ڕووی ئەندێشـەی بیر کردنـەوەی شـاعیر ئەبزوێنـێ کە خشـڵی شـیعری جوانتـر بڕازێنێتـەوەو وێنـای بـکات وەک چۆن کاتێک تیشکی خـۆر ئـەدا لـە خشـڵ و زێـڕو زیـوی بـەژن

ڕێک باق و بریقی خشڵەکانی پۆشاکی بەری وێنایەکی جوانی سەرنجڕاکێش دەنەخشێنێ ،

لەلایەکی ترەوە .حەمە عەزیز ئەو ڕازاندنەوەی خشڵی زێڕو زیوەی بە خشڵی وشەی شیعریی خۆی چواندوە تا بووکی هەستی جوانتر بکا

**«تەوزیفکردنی «پەپوولە» لەدەقی شیعریی»..**

(حەمە عەزیز) نایەوێ لاسایی شاعیرانی پێش خۆی بکاتەوە ، بەم چەشنە پەپوولە لەشیعردا بەکاردەهێنێ ،کە تاکو ئێستا شاعیرێکی تر وەها بەکاری نەهێناوە لەشیعردا:

**(وەک پەپوولە گیانی تینووم بۆ قومێ عەتری نیگات**
**دێت و دەڕوا هەر شنەی دێ تا بە برژانگت بگات )**

حەمە عەزیز لێرەدا بەڕاستی جوان وەسفی ئەو نیگا کردنە دەکات وەک دەزانین پەپوولە هەمیشە لەدەوری گوڵ دێت و دەسوڕێتەوە لەڕۆژدا لەشەویشدا لەدەوری مۆم ، بەتایبەت لە کۆندا لەبەر مۆم و فتیلە دانیشتوون خەڵکی تاوەکو ڕووناکییان دەستکەوێ ، شاعیرانی کلاسیک هەمیشە پەپوولە ڕەمزی شیعرییان بووە بەڵام لەشەودا و هێماو مناو دەلالەتی قوربانی بینیوە بۆ ئیشقێکی پاک دواجار بەگڕی شەمعەکە دەسووتێ .

مام (هێمن) ی شاعیر بەم چەشنە پەپوولەی تەوزیفکردوە و دەڵێ :

**(پەپوولەی ڕۆحی من لەشوێنێ ناگرێ ئارام**
**دەنیشێ و باڵی دەبزووێ لەسەرسینەو مەمێکی تر)**

ئەوەی لەم دوو بەیتە شیعرییەی هەردوو شاعیر مامۆستا (هێمن موکریانی و حەمە عەزیز)دا ئاماژەی پێکراوە پەپوولەیان وەک ڕۆح بەکار هێناوە بەڵام لای هێمن پەپوولەی ڕۆحی ئەو لەشوێنێ ناگرێ ئارام ، لەتاو ئەو ئیشقەی لەناخیدا دەکوڵێ دەیسوتێنێ دواجار باڵەکانی هەڵدەنیشێ لەسەر سینگ و مەمکی ،بۆجارێکی تر وەلێ لای حەمە عەزیز پەپوولەی وەها تەوزیفکردووە وەک پەپوولەی گیانی تینووم ، واتە گیانی تینووی شاعیر وەک پەپوولە دێت و دەچێ عەوداڵی بۆنی گوڵ

دەکا پەپوولەی ڕۆحی شاعیریش بۆ قومێک لە عەتری نیگای بەژن ڕێک وەک پەپوولەی لێهاتوە هەردێت و دەڕوا هەر شنەی دێ تاوەکو بە برژانگی دەگات ، کەواتە حەمەعەزیز لێرەدا زیاتر ئەم وێناشیعرییەی جوانتر تەوزیفکردووە وەک لە هێمنی شاعیر ، چون لەیەک کاتدا پەپوولەی گیانی تینووی شاعیر تینوویەتی بۆ قومێ لەعەتری نیگای بەژن ڕێک ، دواتر پەپوولەی گیانی شاعیر دێت و دەڕوا هەرشنەی دێ بۆ شنەی دێ چون تاوەکو بەبرژانگی بگات ، واتە کاتێک دەبینێ برژانگی بەژن ڕێکی بە باڵی پەپوولە دێتە پێشچاو کە وەک شنەی دروێنەی گەنم شەنی دەکەن ، واتە بەگەیشتنی بەو قومە لەعەتری نیگای و گەیشتنی بەسەرچاوەی نیگاکەی کە سنوورەکەی بەبرژانگ تەنراوە ، بەتررووکانی برژانگی بەژن ڕێک بەباڵی پەپوولەی دەبینێ

کاتێک ئیدی شاعیر ، نیگاکانی بەژن ڕێک تێر نیگایان دەکات ، ئەو تێر نیگابوونەی بە تێر بۆنکردنی گوڵی باخچەیەک شوبهاندووە.

**جا کە تێر بۆن بوو لە باخچەی دیمەنی**
**پاراوی تۆ**
**تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی**
**چاوی تۆ**

شاعیر ئەو بۆن و بەرامەیەی بەژن ڕێکی وەها بینیوە ،هەرکاتێک بۆنی خواردنێکی خۆش بکەین بۆن و بەرامەی خواردنەکە هێندە کارت لێدەکات لەناوەوە حەزدەکەی بەرکوڵێ بکەی و لێی بخۆیت ،چون بەرامەکەی ڕژاوەتە هەست و دەتەوێ چێژی بکەی

**(بوو بە ئاوازێ بەرامەی بەستەکەی**
**چۆڕایە ناخ**
**خاکی وشکی چاوەڕوانیم هاتە سەوزیی**
**و بوو بە باخ)**

پاشان ئەوەی تێر بۆن بوو دواتر تێر هەستی چێژیشی کرد ئیدی ئەوسا ژیان لەو نیگایەوە جوانتر دەبینێ و سەرلەنوێ گۆرانی بۆ ژیان بچڕێ.

**(دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان**
**هەنگاو دەنێم**
**مەست دەبم بەو بۆنە خۆشە و بەستە**
**بۆ چاوت دەڵێم)**

لە ڕاستیدا حەمە عەزیز وەک دەروونزانێ ،سەروکاری لەگەڵ

هەستدا هەیە و گەوهەری ناخ بە یارمەتی تواناکانی هەست وەردەگرێت پاشان عەقڵ پێگەی دەبێت .

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شیعر و ڕەخنە لەئەدەبیاتی عەرەبی و کوردیدا ئەوا داتاکان ئەوەمان پێدەڵێن:

که شیعر لە «سۆزەوە» سەرچاوەی گرتووە .واتە شیعری عەرەبی و کوردی، وەک دوو جەمسەری هاوشێوە، بە دەنگە لیرکیەکان دەستیان پێکردووە وە هەتا ئەمڕۆکەش ئەم دەنگە لە شیعرەکانیاندا بەئاشکرا بەدیدەکرێ.

## پیریی لەشیعری حەمە عەزیزدا

وێنای شیعری گوزارشتکردنە لەبوون زۆرجار سەلیقەیی شیعر دەگەڕێتەوەبو پاراو بوونی زمان و موخاتەبە کردنی خود، لەم تێکستە شیعری یەی کاکە حەمە عەزیزی شاعیر ،تابلۆیەکی هونەرییمان بۆنمایشدەکا بەجۆرێ،شاعیر باس لەقۆناغی تەمەنی مرۆڤ دەکا ،کە «پیری»ە ،لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی پیر بوون بترسێ یاڕقی لێببێتەوە ، بەپێچەوانەوە حەمە عەزیز ئەو قۆناغەی جوان نیشانداوە بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی لەڕێگای زمانی شیعریی و فەرهەنگی وشەوە ،هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بە تەکنیکی شیعریی ،زمانی شاعیر ،خەیاڵی فراوان ،بەڵام خەیاڵێکی کورت و ئامانجدار،ئەوە جگە لەوەی تازەگەری لەشێوە و ناوەرۆک بۆ نووسینی دەقێکی شیعریی ، نیشاندانی کۆژانە ،هەندێجار کۆژینە ،جاریش هەیە نمایشێکی هونەریە بە چەشنی «سەمای زۆربا» ،واتە هەرکات بە کەناری شیعرێکی کاکە حەمەعەزیز دا ڕاگوزەرکەین ،هەست بە جۆرێک لە ئارامیی و جوانیی وشەو فەرهەنگ دەکەی ،ئەوەتا لێرەدا وەها وەسفی پیریی دەکا، کەمرۆڤ بگا بەوقۆناغە بە کامڵبوونەوە بەرەو ڕووی بچێ ،چون پیریی دواقۆناغی مرۆڤە ،بەڵام لای شاعیر تێگەیشتنە لەمانا قوڵەکەی تەمەن ،دواجار ،شاعیر پیریی وا وەسف دەکا ،کە قۆناغێ لەقۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤە ،بۆ ڕۆچوونە ناو یادو یادەوەریی مرۆڤ،پاشان بونیادنانی کەلتورو بەها جوانەکانیەتی بۆ پەرینەوە لەدورگەی ژیاندۆستی وگەیشتن بەبەها بەرزەکانی

خـودی مـرۆڤ:

**کاسەی تەمەنم هاتۆتە نیوە**
**سەرنج چەند ئەدەم نابینم تۆزقاڵ**
**ڕێ هەڵە دەکەم هەر وەکو منداڵ**
**سەیرە بە پیریی تازە پێ دەگرم**
**دارە دارەم دێ و دەستی ڕێ دەگرم**
**خەرمانی ژیری شەن و کەو دەکەم**
**بە ئاگا نایەم تاسەی خەو دەکەم**
**پەشمە ئامانجم بە پاماڵ کراو**
**ڕێزم پێوانەی زیندە چاڵ کراو**
**داخم ئەو خەمە ئەنجامی تەمەن**
**هەندێ بێهودە کێشانەی دەکەن**

(مەولـەوی) شـاعیریش لەپـاڵ ئـەم هەمـوو ئەشـک وژانـەوە پیرییـش یەخـەی پێگرتـووە، لەپارچـە شـیعرێکی دیوانەکەیـدا لەدەسـت پیریـی ناڵـەی لێبەرزبووەتـەوە و بەمجـۆرە سـکاڵای خـۆی کـردووە:

**موتریـب، بـۆ وە داد دڵگیریمـەوە پیریـی**
**ها ئامـا وە پیریمـەوە**
**واتـە: کاکـی گۆرانیبێـژ وەرە بـەدەم دڵگرانیمـەوە**

* بـۆ نووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـوودم لـەم سـەرچاوانە وەرگرتـوە:

١- دیوانـە شـیعری (لەچـاوی شـیعرەوە) حەمـە عەزیـز چاپـی یەکـەم سـاڵی ١٩٩٦.

٢- دیوانی مەولەوی.

٣- دیوانـی هێمـن موکریانـی تاریـک و ڕوون چاپـی یەکـەم سـاڵی ١٩٧٤.

# کردنەوەی پەنجەرەیەک بە ڕووی ئەم کۆمەڵە شیعرەدا



نێچیروان جاسم وەلی

لە مێژووی ژیاریی مرۆڤدا نووسین خاڵی وەرچەرخان و وەرگەڕان بووە و داهێنان و دەستکردن بە نووسین یەکێکە لە خاڵە هەرە پڕشنگدارەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لەو مێژووە دێرینەوە تا ئێستا دەربڕین و نووسینی شیعر یەکێکە لە لایەنە جوانەکانی ژیاریی مرۆڤایەتی، چونکە شیعر یەکێکە لە دەرکەوتەکانی جوانی و جۆرە جوانییەک لە شیعردا هەیە، کە لە هونەرەکانی دیکە بەو چەشنە نییە، چون شاعیر بە کەرەستەی وشە ئاواز و سەدایەکی مۆسیقی بە گوێی هەستمان دەچرپێنێت، هەر بە وشە تابلۆی نەخشین و ڕەنگینی چەندان گرتە و دیمەن دەخاتە پێش چاوی خەیاڵمان. بۆیە شیعر

جوانییە و شیعری جوانیش نەمرە.

بە سەرپێداکێشان و سەرنجدان لە دەربڕین و دێڕەکانی (هەور نیم و بۆت ئەبارێم)ی بورهان بەرزنجی چاو بە ڕووی کۆمەڵێک نیگاری ناوازە دەبێتەوە و چەندان ئاوازی ناسک دەگاتە گوێی دەروون. هەڵوەستەکردن لەسەر شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە چەند ئاسۆیەک لەبەردەممان دەکاتەوە و چەند بۆچوونێکمان لا گەڵاڵە دەکات. ڕووی دەمی زۆربەی شیعرەکانی شاعیر لە بەرانبەرە، واتە بۆ بەرانبەر دەدوێت و قسە بۆ بەرانبەرێک دەکات کە خۆی مەبەستیەتی:

**هەموو ڕەنگەکانت لێدێ**
**ڕەنگی دابڕان نەبێ**
**ڕەنگی کۆچ و ڕەنگی بەرەو باوان**
**هەرگیز لە تۆ نایە**
**ڕەنگی ئەو کانییە لەبەر کە**
**گۆزەی بۆ پڕ ئەکردی لە ئەوین**
**ڕەنگی ئەو درەختە بپۆشە**
**کە لە باخەڵیا**
**بارانی خۆشەویستی بۆ هەڵگرتووی**
**بە دیاری**

ئەم کۆپلە شیعرە دواندن و قسەکردنە لەگەڵ بەرانبەرێک و دەربڕینە بۆ کەسی بەرانبەر. ئەم جۆرە ناوەڕۆکی شیعرە ، بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی گرتووەتەوە. تەنانەت لەو شوێنانەش کە شاعیر قەرارە لە خۆی بدوێ دیسانەوە قەڵەمی هەستی بەرەو بەرانبەر دەڕوات:

**هێندە بیرت ئەکەم**
**پڕ تاقی ژوورەکەم خۆشەویستیت کەڵەکە بووە،**
**پڕاوپڕ باوڵی مێشکم ناوتم قەد کردووە و**
**هەر ڕۆژە و جلکێکی تازەی ئەوینت ئەپۆشم،**
**پولەکەکانی کەواکەت هێندە تەماشام ئەکەن**
**خەریکە ببرژێم**

شاعیر گلەیی لەو بەرانبەرەکە دەکات ، کە ڕووی دەمی شیعرەکانی لێیەتی ، ئەمەش دەرخەری پەرۆشی شاعیرە بۆی و وەک دەڵێن گلەیی لە خۆشەویستان دەکرێت:

**تۆ ناتەوێ بێمەماڵتان**
**پڕ زەمبیلێ ماچی گەرم و**
**پڕاوپڕ دڵە گەورەکەم خۆشەویستیت**


**بـۆ بهێنـم،**
**ناتەوێ بێمە میوانیت**
**لە نازداریت جلکێ بۆ خۆم هەڵچنم و**
**چاپێ لە ڕووناکیی خەندەت بخۆمەوە.**

توێژاڵێکـی ڕۆمانسـییانە زۆربـەی هەرە زۆری شـیعرەکانی داپۆشـیوە تەنانـەت هەندێـک جـار وای لێدێـت هەندێـک شـیعر بـە سـیمایەکی سـۆفییانەوە خۆیـان پیشـان دەدەن:

**هەڵقـەی زیکـرم بـە دەوری مەرقـەدی دڵتـا دێـن و**
**تۆم نەهاتی،**
**تەپڵ و دەفم دەنگیان نووسا و**
**تۆم دیار نەبووی،**
**مەجلیسـی زیکـر و مەولوودیـم چۆڵیـان کرد و**
**بەرەکەتی خۆشەویستیت دای نەپۆشیم**

ئەمـەش هەناسـە سـۆفیزمە لـە شـیعری دیکـەش بەرچـاو دەکەوێـت:

**مـن تەریقەتـم کە لـە سـەر دەسـتی تـۆ وەرگرت..**
**دەمزانـی فڕیـن لـە ئاسـمانی تـۆدا حاڵێکـە .. مـن دەرەقەتـی نایـەم،**
**لە مەجلیسی ناو هێنانی تۆدا ..**
**وەک دەف دەروونم زریکەی دێ و**
**وەک نەی نوزەی چاوەکانم ئەبیستم**




شـاعیر وەک مرۆڤێکـی نـاو کۆمەڵگـە , کـە کەمبوونـەوە و کاڵبوونەوەی هەندێک بەهـای بـەرزی کۆمەڵایەتـی و مرۆڤایەتی سـەرنجی ڕاکێشـاوە و ئـازاری داوە , بۆیـە لـە بۆتـەی شـیعرێکدا هەڵوێسـتی خـۆی لـەو بـارەوە دەربڕیـوە:

**خـوا باڵـی بەخشـیوە بـە باڵنـدە ئـەوان گومرگـی لێدەسـێنن،**
**لە چاوەکان پارەی بینین و**
**لە قاچەکان و**
**لە دەستەکان باجی جوڵە وەردەگرن،**
**سەیرە ..**
**ئاو بەخۆڕاییە و تینووت ئەکەن،**
**هەوا نابەخشنە نەخۆش ..**
**نەوەک زیندوو بێتەوە و نان بخوا**

لـەم دێڕانـەدا شـاعیر گوزارشـت لـە دۆخێـک دەکات , کـە تاکـە پێـوەر و پێودانـگ سـامان و ماددەیـە و لـە سـایەی سیسـتەمی سـەرمایەداری مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی لـە پەراوێزدایـە.

زمانـی دەربڕینـی شـیعرەکانی شاعیر ڕەوانـە و تێگەیشـتن لێیـان ئاسـانە و هەندێک جار شـاعیر دەربڕینـی تـازەی بەکارهێنـاوە , کـە لەنـاو کۆمەڵگـە بـەو جـۆرە بەکارنایـەت:

**مەڕۆ با ..**

**خەلە و دانی تەمەنم بێ ئاو نەبێ**

لـەو بڕگـەی سـەرەوەدا شـاعیر (خەڵـە و دان)ی لـە بـری (خەڵـە و خەرمـان) بەکارهێنـاوە , کـە ئەمەیـان نـاو کۆمەڵگـە بـاوە و زۆر بیسـتراوە.

شـاعیر لـە پەراوێـزدا هەنـدێ وشـەی ڕوون کردووەتـەوە , کـە هەندێکیـان نـاوی هەندێـک شـوێنی کوردسـتانە و هەندێکـی دیکەیـان نـاوی هەندێـک کەرەسـتە و بابەتـە تێگەیشـتن لێیـان بـۆ نـەوەی تـازە تـۆزێ گرانـە.

لایەنێکـی دیکـە لـە شـیعری شـاعیر ئەوەیـە دەقئاوێـزان لـە بەشـێک لـە شـیعرەکانی شـاعیر دەبینرێت. شـاعیر بـە ئاگایـی بێـت یـان بێئاگایـی دەقـی دیکـەی ئاوێزانـی دەقەکانـی خـۆی کـردووە:

**بە دوعای پیاوچاکان بێ ڕەبی ..**

**تۆ ببی بە کۆترێ ..**

**لەسەر شانی منا بنیشیتەوە و**

**ببم بە شاعیر ..!!**

ئـەم دەقـە ئاماژەیەکـی لـەو بەسـەرهاتە فۆلکلۆرییـە وەرگرتـووە , کـە باڵنـدە لەسـەر شـانی کەسـێک دەنیشـێتەوە و دەبێـت بـە پاشـا.

**کە تۆ بڕۆی بۆ سەفەرێ،**

**تۆ تاری ڕۆحی دەروێشی شیعرەکانمی**

**تۆ باڵ بگری وەک پەپووسلێمانە**

**هەمیشە هەواڵی جوانی و**

**عەرشی بەلقیسم بۆ دێنی ..!!**

ئـەم دەقـەش دەقئاوێزانـە لەگـەڵ بەسـەرهاتی پەپووسـلێمانە و بەلقیس , کـە لـە قورئانـی پیـرۆز باسـکراون.

ئـەم سـەرنج و تێڕوانینانـە کردنـەوەی پەنجەرەیەکـن بەسـەر ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەدا و دەکرێت چەنـدان پەنجـەرەی دیکـە بـەڕوودا بکرێتـەوە و ئـەم شـیعرانەش دەبنـە مەڵۆیـەک لـە شـارای شـیعری شـاعیر و بەشـێک لـە ئەزموونی ئـەو پێکدەهێنـن.

# خوێندنەوەم بۆ سێ بەرهەمی ئەدەبی



ئەحمەد عارف



## جەمیلە
## نووسینی جەنگیز ئیتماتۆف
## و: جەوهەر کرمانج

ئەم دەقە ١٠٤ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندییە و دووجاران بە چاپ گەیەندراوە، بەڵام لەم چاپی دووەمەدا هیچ ئاماژەیەک بە چاپی یەکەم نەکراوە بۆ ئەوەی بزاندرێت چۆن و کەی و لە کوێ چاپکراوە .


کرۆکی ئەم چیرۆکە باس لەوە دەکات جەنگ ناتوانێ

بەهیچ شێوەیەک لە نێو تەنووری گڕ و کڵپەدا خۆشەویستی خامۆش بکات. ئەم گێڕانەوەیەش لە سەر زاری کچگەلەوە دەکرێت، کە دەکاتە شووبرای (جەمیلە)ی پاڵەوانی ناسک و دڵ و دەروون ڕوون، کە لە خێزانێکی ئاینیی و کەلتورێکی سادەوە دەبێتە ژنی یەک مانگەی صدیقی لە هەمان کلتور و دەبێتە بوکێکی بە گوێ و لەش سووکی بەردەست خەسویەکی خۆشەویست. دوای ئەوەی (جەمیلە) مێردەکەی دەبێتە سەرباز و هیچ شتێ لە خۆشەویستی و عیشق لێوەی فێر نابێت و دەکەوێتە ژێر باری گرانی کرێکاری و عەرەبانچێتیی لە بەر ئەوەی مێردەکەی سەربازە، دواتر بەو حاڵەوە تووشی داوی عیشقی دانیار دەبێت و لە گەڵیدا دەڕوات و تەنها بە نیگایەک صدیقی بریندار ی کارەساتی شەڕ بەجێدەهێڵێت .

سلێمانی ٢٠٠٢/١٢/٢١

**سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا**

**نووسینی: د.فەرهاد پیرباڵ**



دیارەهەو ڵەکانی کورد بۆ بەرجەستەکردنی هونەری ڕۆمان نووسین لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) ەوە زیاتر کەوتۆتە خۆو لەم ماوەی دەساڵەدا چەندین هەوڵی باش و لەبەر دڵان هاتۆتە کایەوە و لە دنیای ئەدەبی کوردیدا خۆی نمایشکردوە. ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لەو هەوڵانەو زیاتر وەک شێوازەکانی دیکەی پیرباڵ شێوازی حیواری چڕ و پڕ و گەڕان بە شوێن دۆزینەوەی ئەوانی دیکەدایە

پیرباڵ لە دامێنی شیعر و شانۆ و هونەری وێنەکێشانەوە سەریهەڵداوەو لە گۆڕەپانی نۆڤلێت و ڕۆماندا نمایشی خودی خۆی دەکات. دیارە ئەم ڕۆمانە زیاتر گەڕانەوەیە بۆ واقع، یان گەڕانە بە شوێن دۆزینەوەی واقعێکی لە دەستچوو،چونکە لێرەدا هەرچی دەکات دوو کلتوری بۆ تێکەڵ

ناکرێت و ئاوارەییش بینی تەنگ کردووە و غوربەتیش بۆتە خۆرەی گیانی .. هەمیشە بێ ئۆقرەیە و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت ئاخۆ لە کوێ ، لە چ وڵاتێ بتوانێ ئاسودەگی بۆ خۆی وەدەستبهێنێ، بەڵام بێهودەیی و سەرەڕۆییەکان هەمیشە وای لێدەکات بە رێگاوە بێت و بە دوای ئارامگایەکدا بگەڕێت، کە خۆشی ناتوانێ دەستنیشانی بکات ..

فەرهاد ناچار دەبێت بگەڕێتەوە زێدی خۆی لە رێگای شەمەندەفەری تیژڕۆی خەیاڵ و بە خۆدا چوونەوەدا و لە هەمێزی کلتوری کوردیدا بیرێ لە باوکی بکاتەوە، کە حەز ناکات دەستبەرداری بێت و دەیەوێت دوور و نزیک هەر چاوی لێبێت و جگەری پێینەسوتێ، بەڵام وڵاتیش لای ئەو دۆزەخە بۆیە دەڵێت ؛ ( باوکە چی بکەم ، لێرە یان دەبێ سەرباز بیت و بچیتە بەرەکانی جەنگ ، یان دەبێ جاش بیت ، یانیش پێشمەرگە ) دارا ئەم سێ حاڵەتەی پێدەچێ چۆن یەک بێت بۆیە ( ٥٠٠ ) دۆلارەکەی خوشکی لە چنگدا توند دەگوشێ و هەر سێ حاڵەتەکە رەتدەکاتەوە و




دەڕوانێتە چاوی خوشکەکەی ،بەڵام ئەو خوشکە ئازایە پەلاماری دەستی دەدات و ئەو بڕە پارەیەی بۆی پەیداکردووە لە بەرکی دەئاخنێ و دەڵێ ؛ ( برام بڕۆ، دوو دڵ مەبە ..). ئەم خاڵە خاڵی جێگیر دەبێت لای دارا و سەفەر دەکات، ئاخۆ خەڵک لە زێدی خۆی دابڕێ دەتوانێ ئاسوودە بێت. ؟ ئاخۆ لە کلتورێکی چەقبەستووەوە و بە تەمەنێکی پڕ لە یادگارییەوە بچێتە نێو شەپۆلی کلتورێکی رەها و مەلەوانیش نەبێت چی بە سەردێت .. ؟

نامەوێت بچمە ناو ورد و درشتی

ئەم ڕۆمانەوە، بەڵام من پێموایە بەسەرهاتێکی تایبەتی فەرهاد خۆی بێت و متوربە کرابێت بە خەیاڵێکی ئەدەبییانەی ناسک، کە لە هەر وێستگەیەکیا لە کاتی سەفەری ئەوروپا شتێکی خرابێتە سەر، بەڵام هەرجارەی خۆی دەڵێت ناوی کەسەکان زادەی خەیاڵمن نەک واقع ، لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە ئەو خەیاڵەش دەرئەنجامی واقعێکی تایبەت بە خۆی و هەڤاڵەکانێتی، کە لەو ماوەیەدا لە ڕۆمانەکەدا دیارە سەفەریان کردووە و کوڕی ئەو موعانات و خۆ خواردنەوەیەن .

بەهەرحاڵ، ڕۆمانەکە لەگەڵ گشت وردەکارییەکانیدا باس لە دوو کلتوری جیاواز دەکات ، کە بە عەقڵیەتی ئێستاوە بە ئاسانی تێکەڵ بە یەکتر ناکرێن و هەمیشەش کلتوری پێشکەوتوو ئەوی دیکە ڕەتدەکاتەوە، وەک قوڵپی ڕشانەوە دەیداتەوە بە کۆمەڵگەکەی خۆی

ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە، ئەم ڕۆمانە دەهێنێ چەند سەعاتێکی تەمەنی خۆتی بدەیتێ و بیخوێنیتەوە، چونکە هونەرێکی جوانی بەکار هێناوە لە هەڵسوکەوتی کەسایەتی و دیاریکردنی شوێنەکاندا ، ئەمە جگە لەوەی دەتوانی بەراووردێکی هێمنانەش لە گەڵ بەرهەمەکانی دیکەی فەرهاد دا بکەیت .

سلێمانی ٢٠٠٢

**دواهەمین هەناری دنیا**

**نووسینی: بەختیار عەلی**



دوای خوێندنەوەی « ئێوارەی پەروانەی » بەختیار عەلی حەزمەکرد بە زووترین کات بەرهەمێکی دیکەی بە ختیار عەلی بخوێنمەوە،بەڵام دیارە بوارم نەبوو وا بەزوویی ئەم ڕۆمانە بخوێنمەوە،بە ناچاری و وەک وەزیفەیەکی خوێندکارییانە ئەم بەرهەمەیانم خوێندەوە، هەرچەندە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم غەدرێک لە نووسەرەکە دەکات و بە شێوەیەکی سەرپێیانە دێتە بەرهەم

ڕاو سەرنجی من وایە، کە پێویست دەکات ئەم ڕۆمانە بخوێندرێتەوە، هەرچەندە پێموایە بەیەکجار خوێندنەوە بۆ خوێنەری ئاسایی خۆی بە دەستەوە نادات، بەڵام ئەمیانم وەک ئێوارەی پەروانە پێ پەسەند نەبوو چ لە رووی فیکر و چ لە رووی تەکنیکی رۆمان نووسینەوە، ئەمەش رای خوێنەرێکە و بەس، ناکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت بەسەر خەڵکانی دیکەدا

ئەم رۆمانە وەک ناوەڕۆک و شێوازی دەرهاوێشتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئاشکراکردنی رووی دزێوی گەندەڵییەکانی نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆمان و هۆکاری ناڕێکی و نایەکسانی چارەسەرەکانیان، ناڵێم دەکرێت بە باشترین رۆمانی کوردی لە قەڵەم بدرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم هیچ رۆمانێکی کوردی تا ئەمڕۆ ئەوەندەی دواهەمین هەناری دونیا نەیهەژاندووم و ئەوەندەی ئەمیش ڕاینەوەستاندووم لە ئاستی جووڵەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا.

خوێندنەوەی ئەم رۆمانە وا لە مرۆڤ دەکات، کە هەموو عەرەبانچی و دەستگێڕەکانی خۆشبوێت و بچێتە نێو ژیانی پڕ ئازاری توێژی خوارەوە ، پێم وابێت بە ختیار لەم کارەیدا نەک هەر توانیویەتی ئەو ڕێگا و ئەرک و ئاڕاستەو ئازارانە بخاتە روو کە لە نێو لاپەڕەکانی مەینەتی رۆژانەی جادە و کۆڵانەکانی شاردا هەن و دەچنە ڕێوە، بەڵکو توانیویەتی ببێتە ئەو کەسەی، کە دەتوانێ بە هەموو کوچەو کۆڵانەکانی بگەڕێ و نهێنی راستییەکانی ژیانی پڕ ئازاری خەڵکی هەژار و بێ دەرامەتی کوردستان بخاتەڕوو

یەکێ لەو راستیانەی، کە ئەم رۆمانە دەیخاتەڕوو ئەوەیە، کە کورد بەدرێژایی مێژووی خەباتی پیرۆزی سەرکردەی راگرتووە و لە هاوشانی هەموو شتە پیرۆزەکان پۆلێنی کردوە، هەموو کەموکورتییەکانی بە چاکە و جوانی دەگۆڕن . ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە هەر لە سەرەتای تەوقیتی ڕووداوەکانەوە لە رزگار بوونی یەعقوبی سنەوبەر لە شەڕێکی ناو دێ و بگرە دەستگیرکردنی موزەفەری سوبحەدەم و نەفیکردنی بۆ باشووری ئێراق و بەندکردنی لە بیابان و




مانـەوەی و ئاشـنایەتی پەیداکردنی لەگـەڵ گۆڕەپانـی لمـدا، مانـەوەی موزەفـەری سـوبحدەم بـۆ مـاوەی ٢١ سـاڵ لـە بیابـان و خوێندنـەوەی خـۆی بـۆ نهێنییەکانـی بیابـان و راهاتنـی لەگـەڵ ئـەو دۆخـە تازەیـە و بەراوردکردنـی بـە رۆژانـی شۆڕشـگێری، لـە لایەکـی تـرەوە خەونـەکان و دڵـی موزەفـەر لـە نێـوان کـوردە تاقانـە بێکەسـەکەی و خەونـە نەتەوایەتیەکانـی رزگاری و دۆخـی نوێـی شـۆڕش لـە نێـو سـەرابەکانی گەندەڵیـدا ونبـوون

بێدەنگبوونـی یەعقوبـی سـنەوبەر و دوورکەوتنـەوەی بـۆ شـاخە دوورەکان لـە لایـەک و رووداوەکانـی سـاڵانی کۆتایـی بـەر لـە راپەڕیـن و سـەردەمی ئەنفـال و کیمیابـاران و سـوتماکی وڵات و یادگارییـە تاڵەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی و راپەڕیـن و دەرهاوێشـتکانی فەسـادی سیاسـی و ئیـداری لـە حکومەتـی کوردیـدا .

سـەرهەڵدانی سەریاسـی پاڵەوانـی عەرەبانچـی و دەسـتگێرەکان لـە نێـوان ئازارەکانـی خـۆی و هاوڕێکانـی وپەتـی پەیوەنـدی نێوانیـان، لێـرەدا پێموابێـت بەختیـار شۆڕشـێکی دیکە بەرپـا دەکات و مارشـاڵ سـەریاس وەک سەرکردەیەکی حکومەتێکـی دیکـە لـە ناوەڕۆکـی حکومەتەکـەی یەعقوبـی سـنەوبەر دروسـت دەکات و هـاوکات ناڕاسـتەوخۆ دەیخاتـە تـەرازووی بەراووردکردنیشـەوە لەگەڵیـا

سـەرهەڵدانی محەمـەدی دڵشوشـە لـە نێـو دەریایـەک لـە گێژەنـی خـراپ و بێ مۆراڵیـدا وەک عاشـقێک لـە لوتکـەی بەرائەتـەت و پاکیـدا

سەرهەڵدانی سەریاسی دووەم، کە بەشێوەکی تر قوربانی دۆخی خراپی دوای راپەڕین و هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ

سەرهەڵدانی سەریاسی سێیەم وەک قوربانییەکی دیکەی شۆڕشی رزگاری و قوربانی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیا باران و گەڕانەوەی موزەفەری سوبحدەم لە بەندی و بیابان و نامۆیی لە واقعی نوێ وشاردنەوەی راستییەکان لێی لە لایەن یەعقوبی سنەوبەرەوە و بە دەرکەوتنی درۆ و گەندەڵییەکانی شۆرشگێرەکان و سەرکردە یەعقوب و خۆڵاسە» پێموابێت بەختیار بەم رۆمانە وەک سەرجەم رۆشنبیرە شۆرشگێڕەکانی سەردەمی خۆی بەشداری تەواوکردنی ئاراستەی شۆڕش و چارەسەرکردنی گەندەڵییەکانی و دەرهاویشتە هەڵە کۆنەکان دەکات

بۆ ئەمڕۆی واقیعی کوردی دوای خەباتی بێوچانی سەدان ساڵ و تێکۆشانی پڕ لە قوربانی و کاڵفامی عەقڵی کوردی ئەم شێوە نووسینانە پەیامێکی رۆشن و پر بەهایان پێیە و دەتوانن وەک پەیامی رەخنە لە خود ببنە سەکۆی سەرهەڵدانی رۆشنبیرانی یاخی لە گەندەڵییەکانی دەسەڵات، لەهەمان کاتیشدا بە پێی تێزەکانی فیکری مرۆڤایەتی لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر ،بۆیە دەبێ خوێنەری کورد لەو تەقلیدە رزگاری بێت و بەرهەمە پڕ جووڵەکان بخوێنێتەوە .

سلێمانی ٢٠٢٣

# زمانی کوردیی سۆرانی
# ڕێزمانێکی سەرچاوە لەگەڵ خوێندنەوەی بژاردەدا

دەبلیو. ئێم. ثاکستۆن
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

کتێبێکـی ڕێزمانیـی پـڕ بەهایـە و دانەرەکەیـە ویلـەر ثاکسـتۆن پرۆفیسـۆرێکی ئەمریکییـە لـە زانکۆی هارڤـارد و شـارەزایە لـە زمانـی کوردیـدا. نووسـەر لـە ٢٥٠ لاپـەڕەی ئـەم کتێبـە ڕێزمانییـەدا، زۆر وردەکاریـی کـردووە لـە بابەتەکانـی ڕێزمانـی کـوردی- دیالێکتـی کرمانجیـی خـواروو یـان سـۆرانیدا، بـە زمانـی ئینگلیـزی و وەرگێـڕان و ڕاڤەکردنـی بابەتـە جۆراوجۆرەکانـی زمانـی کـوردی بـە ئینگلیـزی و کۆمەڵێـک دەقـی پەنـدی پێشـینان و حیکایەتـی کوردیـی کردووەتـە پاڵپشـت بـۆ لێکۆڵینـەوە ڕێزمانییەکـەی و دەقەکانـی بـە کـوردی دانـاوە و کردوونـی بـە ئینگلیـزی. نووسـەر لـە سـاڵی ١٩٩٩دا کتێبێکی بەنـدەی لەبـارەی چیرۆکـی میللـی

و فۆلکلۆریی کوردییەوە کردووەتە ئینگلیزی و هەر لەو ساڵەدا لەلایەن دەزگای کتێبخانەی کوردییەوە لە نیویۆرک چاپ و بڵاوکراوەتەوە بە ناوی Kurdish Folktales و لەم کتێبەشیدا دوو دانە لە چیرۆکەکانی ئەو کتێبەی بە کوردی و ئینگلیزییەکەی هێناوەتەوە. کتێبەکە دەیان و بگرە سەدان وشە و دەستەواژەوە و ڕستەی تێدایە بە کوردی و پێتی عەرەبی یان ئارامی کە دیالێکتی کوردیی سۆرانیی پێدەنووسرێت و هەر هەمووانی بە زمانی ئینگلیزی لێکداوەتەوە. بێجگە لەمەش فەرهەنگێکی دیالێکتی سۆرانی- ئینگلیزیی بۆ کردووە و سەدان وشەی کوردیی ئەم دیالێکتە لەخۆدەگرێت و بە پیتی عەرەبی و لاتینی نووسیونی و ماناکەیانی بە ئینگلیزی لێکداوەتەوە کە ئەمە گرنگترین بەشی کتێبەکەیە و لە لاپەڕە ١٦٥ تا کۆتایی لاپەڕەکانی کتێبەکە کە ٢٥٠ دەیگرێتەوە و زیاد لە چوار هەزار وشەی لەخۆگرتووە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم کتێبە بەنرخەی پرۆفیسۆر ویلەر ثاکستۆن پێشەکییەکەی دەکەینە کوردی:

**پێشەکی**

زمانی کوردی سەر بە گرووپی ئێرانی ڕۆژئاوای لقی هیندۆ- ئێرانی بنەماڵەی هیندۆئەورووپییە. دوو لقی سەرەکی کوردیی ئەدەبی مۆدێرن بریتین لە: (١) کرمانجی، زمانی زۆرینەی ڕەهای کورد لە تورکیا، سووریا، ئەرمینیا و ئازەربایجان، ئەو ناوچەیەی کە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە «باکوری کوردستان» دەستنیشانیان کردووە، بە مەزەندەکردنی پانزە بۆ حەڤدە ملیۆن قسەکەر، و (٢) سۆرانی، زمانی زۆربەی کوردەکانی عێراق (چوار بۆ شەش ملیۆن قسەی پێدەکەن) و ئێران (پێنج بۆ شەش ملیۆن قسەی پێدەکەن)، ئەو ناوچەیەی کە بە «کوردستانی باشوور» دیاری کراوە. هەرچەندە ئەم دووانە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، بەڵام کرمانجی و سۆرانی تا ڕادەیەک لە یەکتر تێنەگەیشتنیان هەیە و لە ئاستی بنەڕەتیی پێکهاتەیی و هەروەها لە ئاستی وشەسازی و ئیدیۆمدا جیاوازییان هەیە. بەو پێیەی زمانی

کــوردی تاڕادەیــەک پەیوەندییەکــی نزیکــی بــە زمانــی فارســییەوە هەیــە و بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان کەوتووەتــە ژێــر کاریگەریــی زمانــی فارســی، کــە زمانــی ئەدەبــی و فەرهەنگیــی باڵادەســتی ناوچەکەیــە لــە هــەزارەی ڕابــردووەوە، کــوردی بــە باشــترین شــێوە بــە زانیارییەکــی ســەرەتایی لــە زمانــی فارســی نزیــک ببنــەوە.

لــە کاتێکــدا کــە کرمانجــی هێشــتا دوورە لــە زمانێکــی یەکگرتــوو، ئاســایی، یــان ســتاندارد، ســۆرانی لــە دوای دروســتبوونی عێــراق لــە پــاش جەنگــی جیهانــی یەکەمــەوە دووەم زمانــی فەرمــی عێراقــە و چەندیــن دەیــە چالاکیــی ئەدەبیــی لــە پشــتەوەیە. لــە ئێرانــدا هیــچ کاتێــک زمانــی کــوردی پێگــەی فەرمــی پێنــەدراوە، بــەڵام لــە کوردســتانی ئێرانــدا، بــە تایبەتــی لــە دوای شۆڕشــی ئێرانــەوە، بــە زمانــی کــوردی، چــاپ و بڵاوبوونــەوەی جێــی ســەرنج هەبــووە. ئــەو ناوچەیــەی لــە ئێرانــدا بــە ســۆرانی تێدا قســە دەکرێت، کــەم تــا زۆر ئــەو ناوچەیەیــە کــە بــە کوردســتان دیــاری کــراوە. لــە دەرەوەی ئــەو ناوچەیــە، باشــوور تــا کرماشــان و ڕۆژهــەڵات تــا بیجــاڕ، زمانەکــە بــە گۆرانــی، یــان ســۆرانی باشــوور، کــە میشســپراچەیەکە Mischsprache (واتــە تێکەڵــەی دوو زمــان) کــە لــە بنەڕەتــدا لــە پێکهاتــەدا فارســییە بــەڵام لــە وشەســازیدا کوردییــە.

خوێندنــەوەکان کــە بــۆ پێدانــی نموونــەی کۆمەڵێــک نووســینی نووســراوی بەرفــراوان لــە چیرۆکــە ئەفســانەییەکانەوە تــا ئینتەرنێــت هەڵبژێــردراون، لــە ژێــر دەقەکانــدا ئیشــارەتی گۆکردنیــان بــۆ دابینکــراوە و گۆکردنەکانــی نــاو خوێندنــەوەکان لــە کۆتاییەکانــی وشەســازیی کــوردی - ئینگلیزیشــدا جێگیرکــراون کتێبەکــە. ئــەو وشــانەی کــە بــە وشەســازییەکی تــەواو بنەڕەتــی دادەنرێت لــە نۆتەکانــدا ئامــاژەی گۆکردنیــان نەدراوەتــێ، چونکــە گریمانــە دەکرێــت کــە ئــەم وشــانە یــان پێشــتر ناســراون یــان چالاکانــە بەدەســتدەهێنرێن بــە ســەیرکردنیان لــە وشەسازیی پشــتەوە. بەگشــتی وشــەکان لــە جارێــک زیاتــر لــە نۆتەکانــدا دەسنیشــان ناکرێــن چونکــە هــەر وشــەیەک بــۆ جــاری دووەم ڕووبــەڕووی بــووەوە پێویســتە

چالاکانە فێری ببیت. وشەکان دوای نموونەی یەکەم ئاماژەپێکراو دەکرێن تەنها ئەگەر بە دەگمەن هەژمار بکرێن کە گەرەنتی پشتگوێخستنیان هەبێت بۆ بەدەستهێنان، چونکە قامووس یان فەرهەنگی کوردیی سۆرانی بە ئاسانی دەست ناکەوێت، من تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت وشەسازییەکەم دەستەبەر کردووە. کە نزیکەی چوار هەزار وشەی تێدایە، کە وشەسازییەکی بنەڕەتیی کارکردن بۆ زمانەکە بۆ فەرهەنگەکانی سۆرانی بەرجەستە دەکەن، ڕەنگە ئەمانەی خوارەوە وەربگیرێن:

- هەژار، «هەنبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی - فارسی»، ٢ بەرگ. تاران: سوروش، ١٣٦٨ [١٩٨٩]. بەدیاریکردنی هەردوو زمانی کوردی و فارسی، ئەمە تا ڕادەیەکی باش گشتگیرترین فەرهەنگی کوردییە و وشەکانی کرمانجییش بەبێ هیچ جیاوازییەک لەخۆدەگرن. هەژار لە جیاتی (وو بۆ Û ) بەکاردەهێنێت، ئەگەرنا ڕێنووسی ستاندارده.

- مەککاروس، ئێرنست McCarus, Ernest N. «فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی، زاراوەی سلێمانی». ئان ئاربۆر: چاپخانەی زانکۆی میشیگان، ١٩٦٧.

- قەزاز، شەفیق. «فەرهەنگی شارزوور کوردی- ئینگلیزی». هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٠.

- سولێمان، مستەفا، «فەرهنگی زاراوەی زانستی»، سلێمانی، ٢٠٠١.

- وەهبی، تۆفیق، «فەرهەنگێکی کوردی- ئینگلیزی»، ئۆکسفۆرد: کلارێندۆن چاپەمەنی، ١٩٦٦.

- فەرهەنگێکی ئۆنلاین سۆرانی لە www.namonet.com دەست دەکەوێت

CONTENTS ناوەڕۆکی کتێبەکە

- PHONOLOGY
- The Phonology of Sorani Kurdish........................................................................1
- Stress ........................................................................................................3
- The Writing System ......................................................................................4
- SUBSTANTIVES
- § 1. The Absolute State ....................................................................................8
- § 2. The Indefinite State ..................................................................................8
- § 3. The Definite State......................................................................................9
- § 4. Demonstratives.........................................................................................10
- § 5. Attributive Adjectives: The Open Adjectival *Izâfa*...............................10
- § 6. Possession: The *Izâfa* Construction........................................................10
- § 7. Attributive Adjectives with Demonstratives and Definites: The
- Close *Izâfa* Construction.............................................................11
- § 8. Attributive Adjectives with Definite Nouns...........................................12
- § 9. Synopsis of Noun States..........................................................................13
- § 10. Personal Pronouns ................................................................................15
- § 10.1 Possessive Pronouns............................................................................15
- § 11. Enclitic *-îsh* .........................................................................................16
- § 12. Cardinal Numbers ................................................................................17
- § 12.1 Ordinal Numbers ................................................................................18
- § 12.2 Days of the Week ................................................................................18
- § 12.3 Months of the Year and the Kurdish Calendar...................................18
- § 13. Comparative and Superlative Adjectives ............................................19
- § 14. Prepositions, Postpositions, Circumpositions .....................................20
- § 14.1. Preposed Pronominal Prepositional Complements ...........................22
- iii
- THE VERB
- § 15. Present Copulas ....................................................................................25
- § 16. 'To Have' ..............................................................................................26
- § 17. The Present Habitual/Progressive .........................................................26
- § 18. Verbs in *-awa* .......................................................................................29
- § 19. The Present Subjunctive.........................................................................30
- § 20. 'To Want' ...............................................................................................34
- § 21. 'To Be Able'...........................................................................................35
- § 22. 'To Remember' ......................................................................................36

- § 23. Pronominal Objects of Verbs ........37
- § 24. The Imperative ........38
- § 25. The Simple Past (Intransitive)........40
- § 26. The Past Habitual/Progressive (Intransitive)........41
- § 27. The Simple Past (Transitive): The Ergative........42
- § 27.1 The Ergative in South Sorani ........45
- § 27.2 Pronouns as Logical Objects of Past Transitive Verbs ........46
- § 27.3 Pronominal Prepositional Complements with Agent Affixes ........48
- § 27.4 Displacement of a Possessive Pronoun by a Preposed Prepositional
- Complement........51
- § 28. The Perfect Active Participle ........53
- § 29. The Present Perfect Tense (Intransitive) ........53
- § 29.1 The Present Perfect Tense (Transitive) ........54
- § 30. The Past Perfect Tense (Intransitive) ........55
- § 30.1 The Past Perfect Tense (Transitive) ........56
- § 31. The Past Subjunctive........57
- § 32. The Irrealis Mood........60
- § 33. The Past Conditional ........61
- § 34. The Passive Voice ........63
- § 34.1 The Past Passive Participle........65
- § 35. Postposed Verbal Complements........66
- § 36. Factitive Verbs ........68
- iv
- OTHER SYNTACTICAL FEATURES
- § 37. Expressions of Temporal Duration ........70
- § 38. Subordinating Conjunctions ........71
- § 39. Relative Clauses ........72
- § 40. Directional Nouns in -*ê* ........75
- § 41. Orthographic Peculiarities of Sorani Kurdish ........75
- § 42. Vowel Contractions........77
- Verb Tenses and Moods ........78
- Synopsis of Tenses and Moods ........85
- Conditional Sentence Types........86
- Conversion Table for the Sorani and Kurmanji Alphabets ........88
- Kurdish–English Vocabulary ........163

READINGS خوێندنەوەکان

١ - گۆڤاری سروە «پەندی پێشینا ن »

٢ - محەمەد رەمەزانی، «خوێن وسیکەتۆرە »

٣ - محەمەد حوسێن پاسیار، «ڕێویی تەمبەڵ»

٤- ئەنوەر ڕەوشەن، «بولبول و ئێوارەی ماتەم»

٥- جەلال مەلەکشا، «گاشەبەرد»

٦ - یوسف بابەکری، «باسی ئەدەبی: پەخشان»

٧- فەرهاد شاکەلی، «تەرم»

٨ - محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چیرۆکی میللیی «پاشای حەوت کوڕە »

٩ - محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چیرۆکی میللیی «ئەحمەد پاشا »

(تێبینی: ئەم دوو چیرۆکە لە کتێبی "چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی" وەرگیراوە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بەندە و وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، کە ویلەر تاکستۆن خۆی وەریگێڕاوە و ساڵی ١٩٩٩ لە نیویۆرک- ئەمریکا لەگەڵ پێشەکییەکدا Kurdissh Folktales.)

چاپی کردووە بە ناوی

١٠- هەژار، «مەن و مەم و زینی خانی»

١١- کوردسات

١٢- خەبات

١٣ - نێچیرڤان بارزانی بۆ The New Anatolian